هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕیی
بەشی تەکنیکی میدیا، خوێندنی باڵا، ماستەر

خوێندەواریی میدیایی و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەروەردەی سەرەتایی منداڵ: گۆرانییەکانی چەنالی یوتیووب وەک نموونە

نامەیەکە

وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن-دا

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلیژی تەکنیکی کارگێڕیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی کراوە

لەلایەن:

ڕۆژا عەبدوڵڵا سدیق

بە سەرپەرشتیی:

پ.ی.د. شوان ئادەم ئەیڤەس

ئەیلوولی 2025

بەڵێننامە

بەو پەڕی متمانە و ڕاستگۆییەوە بەڵێندەدەم ئەم ماستەرنامەیە ، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە: **"خوێندەواریی میدیایی و ڕەنگدانەوەی لەســـــەر پەروەردەی منداڵ: گۆرانییەکانی چەناڵی یوتیووب وەک نموونە"** ؛ هەمووی کاری ڕەســـــەنی کەســـــیی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی بە ئاشکرا ئاماژەمپێکردوون؛ هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان، توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاومنەکردوونەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکیشم نەکردوون؛ بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێبەدەســتبهێنم. بەڵێنیشــدەدەم لە هەر جێگایەک زانیارییەکم وەرگرتبێت؛ بە ئەمانەت و بەرپرسیارێتییەوە ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

ڕۆژا عەبدوڵڵا سدیق
2025 / 09 / 15

بڕیاری هەڵسەنگێنەری زمانەوانیی

ماستەرنامەی بەڕێز **ڕۆزا عەبدوڵڵا سدیق** بەناونیشانی: **خوێندەواریی میدیایی و ڕەنگدانەوەی لەســـەر پەروەردەی ســـەرەتـایی منـداڵ: گۆرانییەکـانی چەنـاڵی یوتیووب وەک نموونە**؛ توێژینەوەیەکی تیۆریی و مەیدانییە و هەڵســـەنگاندنی زمـانەوانیی بۆ کراوە. ئەو هەڵانەی تێیدابوون؛ ڕاســـتکراونەتەوە و لە ڕووی زمانەوانیی و شـــێوازی دەربڕینەوە بۆ گفتوگۆکردن ئامادەیە.

واژوو:
ناوی شارەزای زمانەوانیی:
ڕێکەوت:

بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە؛ لە ژێر ســـــەرپەرشـــــتیی من–دا ئامادەکراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە **پسپۆڕی راگەیاندن**–دا. هەربۆیە ڕازییم بەو شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی گفتوگۆ بکرێت.

پ. ی. د. شوان ئادەم ئەیڤەس

05ی تشرینی دووهەمی 2025

.....

بڕیاری لێپرسراوی هۆبەی خوێندنی باڵا

پشـــگیریی بەڕێز **ڕۆزا عەبدوڵڵا ســـدیق** دەکەم کە هەموو پێداویســـتیەکانی جێبەجێکردوون. هەروەها پاڵپشـــت بە پشـــتگیریی و ڕەزامەندیی ســـەرپەرشـــتیار؛ ئەم نامەیە بۆ ســـەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ دەنێرم.

م. د. ئومێد عەزیز

لێپرسراوی هۆبەی خوێندنی باڵا

/ / 2025

بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە وەک ســـەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ؛ ئەم ماســـتەرنامەیەی بەڕێز **ڕۆزا عەبدوڵڵا ســـدیق** بەناونیشـــانی: **خوێندەواریی میدیایی و ڕەنگدانەوەی لەســـەر پەروەردەی ســـەرەتایی منداڵ: گۆرانییەکانی چەناڵی یوتیووب وەک نموونە** خوێندەوە و لە گەڵ خوێندکاردا گفتوگۆمان لە سەر ناونیشان و ناوەڕۆکەکەی کرد. هەربۆیە بڕیارماندا پلەی ( ) وەربگیرێت و بڕوانامەی ماستەری لە **زانستی ڕاگەیاندن**-دا پێبدرێت.

د. ئەحمەد حەمەغەریب عومەربلی
پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆکی لیژنە
/ / 202

د. هۆشیار موزەفەر عەلی ئەمین
پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
/ / 202

د.بەناز حەمەڕەشید حەسەن
پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
/ / 202

د. شوان ئادەم ئەیڤەس
پڕۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرشتیار
/ / 202

پەسەندکرنی ئەنجومەنی کۆلێژ

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی-یەوە پەسەندکرا.

پ.د. هێرش ڕەسول موراد
ڕاگری کۆلێژ

پێشکەشە بە:

- ✓ **گیانی پاکی باوکی شەهیدم: عەبدوڵڵا سدیق؛** ئەو ڕۆحە مەزنەی پێشئەوەی چاوەکانم بە ڕووناکیی ژیان ئاشنا بن، بووە ئەستێرە گەشەی ئاسمانی یادەکانم.
- ✓ **دایکی شیرینیم؛** ئەو دایکە قارەمانەی وەک شاژنێک بووە سایەی سەرم و جگە لە سۆزی دایکایەتیی، بووە باوک و جێگەی نەبوونی ئەوی بۆ پڕکردمەوە.
- ✓ **هاوسەری ژیانم؛** حەمە شوان ، کە لە هەورازی ماندووبوونەکاندا پشتیوان و لە خۆشیی سەرکەوتنەکاندا هاوبەشم بوو.
- ✓ **جگەرگۆشەکانم؛** کاڤۆ و کارا ، کە بەهۆی سەرقاڵیمەوە بەپێی پێیوست نەمتوانی نازیان بکێشم.
- ✓ **گیانی نەمری ئەو شەهیدانەی** بوونە چرای ئازادیی کوردستان و بۆ ویژدانی زیندووی میدیاکارە ڕاستگۆکان.

ڕۆژا عەبدوڵڵا سدیق

سووپاس و پێزانین بۆ:

- ✓ **بەڕێوەبەرایەتی گشـــتیی پەروەردەی ســـلێمانی** لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان؛ بۆ پێدانی مۆڵەتی خوێندن و ڕاپێکردنی کاروبارەکانم.
- ✓ **ســەرۆکایەتیی بەشــی تەکنیکی میدیا** لە کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی ســلێمانی ، کە دەرفەتی خوێندنی باڵایان بۆ ڕەخســاندم و لە ماوەی خوێندندا هەموو کارئاسانییەکیان پێشکەشکردم.
- ✓ بەڕێز **پ. ی. د. شــوان ئادەم ئەیڤەس؛** ســەرپەرشــتیاری ماســتەرنامەکەم کە بەوپەڕی دڵسۆزیی و کارزانییەوە سەرپەرشتییکرد. ڕێنماییە زانستییە ورد و تێبینییە گرنگەکانی؛ ڕۆڵێکی گەورەیان لە ســەرخســتن و پێشــخســتنی بەشــە جیاوازەکانی ئەم توێژینەوەدا هەبوو.
- ✓ **ســـەرۆک و ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆ** کە کاتی بەنرخی خۆیان بۆ هەڵســـەنگاندنی ئەم ماســتەرنامەیە تەرخانکرد و بە ســەرنج و ڕەخنە زانســتییەکانیان؛ توێژینەوەکەمیان بە ئاست و ئاڕاستەیەکی بەهادارتردا برد.
- ✓ **ســەرۆک و ســەرجەم مامۆستایان و هاوڕێیان**–م لە بەشی تەکنیکی میدیا کە هاوکار و هاوبەش و هاوخەمم بوون.
- ✓ **ســەرجەم هەڵســەنگێنەران و بەرتوێژان** کە هاوکارییان کردم و کاتی بەنرخی خۆیان بۆ هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان پێدام.
- ✓ **نەبەز ســـابونچیی** هاوڕێم کە لە ماوەی دوو ســـاڵی خوێندنی ماســـتەردا؛ بەردەوام پشـــتگیر و هاوکارێکی دڵســـۆزم بووە و وەک کچە تاقەنایەک جێگەی بێبرایی بۆ پڕ کردمەوە.

توێژەر

پووختەی تۆێژینەوە

به ئامانجی هەرچی باشـــتر تێگەیشـــتن لە چەمکی "خوێندەواریی میدیایی" و ڕەنگدانەوەی لەســـەر "پەروەردەی ســـەرەتایی منداڵ" لە هەرێمی کوردســـتاندا؛ ئەم تۆێژینەوەیە لە پەیامی گۆرانییەکانی چەنـاڵی یوتیووبی ئـافەرین و ئێن.ئـاڕ.تی ســـێ دەکۆڵێتەوە کە بەهۆی زۆریی ژمـارەی بینەران و هەمەڕەنگیی ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی، کرانە مشـــتی ســـەرەکیی تۆێژینەوەکە. لە ڕووی ڕێباز و ڕێکارەکـانی کۆکردنەوە و شـــیکردنەوەی داتـای تۆێژینەوەوە؛ ڕێبـازی چۆنێتیی و ڕێکاریی چاوپێکەوتنی چڕ لەگەڵ پسـپۆڕانی پەروەردەیی، میدیایی و ڕێکاریی شـیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ پەیامی گۆرانییە پەشـــخشـــکراوەکانی چەنالّی یوتیووبی منداڵان بەکارهێنران. ئەوەیش بە ئامانجی زیاتر دەرخســـتنی بۆچوونە جیاوازەکانی بەرتوێژان و ڕەهەندە جیاوازەکانی پەیامە ســـەرەکییەکانی گۆرانییەکـان. بەپێی دەرئەنجـامە بەدەســـتهـاتووەکـانی تۆێژینەوەکە؛ ئەگەرچی زۆرینەی بەرتوێژان لەســـەر گرنگیی خوێندەواریی میدیایی کۆکن، بەڵام تێگەیشـــتن لە چەمک و ڕەهەندەکانی لەهەرێمی کوردستاندا هێشتا لە ئاستێکی زۆر سەرەتاییدایە و وەک پێویست نەناسراوە و پێی ئاشنانین. هاوکات ناوەڕۆکی پەیامی گۆرانییەکانی هەردوو چەنالّی یوتیووبی ئافەرین و ئێن.ئاڕتی ســـێ زیاتر لەســـەر ڕەهەندە پەروەردەییەکان چڕکراونەتەوە و کەمتر بایەخیان بە ڕەهەندی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی خوێندەواریی میدیایی و گەشـەپێدانی کردووەتەوە. ئەوەیش وایکردووە منداڵان زیاتر وەک وەرگرێکی ناچالاک مامەڵە لەگەڵ پەیامەکانی چەنالّی یوتیبووبی میدیای تایباتماندی منداڵان–دا بکەن، نەک وەک بەشـداربوورییەکی چالاک کە توانای هەڵسـەنگاندن و ڕەخنەگرتنی ناوەڕۆکی پەیامەکانی هەبێت. واتە لەنێوان "پەروەردەی میدیایی" و "میدیای پەروەردەیی"دا هێشـــتا دابڕان و لێکتێنەگەیشـــتن ماوە و درێژەی هەیە. هەربۆیە تۆێژینەوەکە لە کۆتاییدا؛ گەیشـــتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ناســـینی چەمکی خوێندەواریی میدیایی و ئاشـــنابوون بە ڕەهەندە جیاوازەکانی لە ئاســـتێکی زۆر ســـەرەتاییدایە و ئەوەیش وایکردووە هەریەک لە بەرهەمهێنەر و بەکـارهێنەری پەیـامی میـدیـایی وردتر بیر لە پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی بکەنەوە. هاوکات لەســـەر بنەمای هەماهەنگیی و پێکەوەکارکردنی هاوبەشی نێوان: خێزان، پەروەردە، میدیا و حکوومەت؛ تۆێژینەوەکە پێشنیازی گەاڵڵەکردنی پڕۆگرامی پەروەردەی میدیایی و خوێندنی لە قۆناغەکانی پێشـــچوونە قوتابخانە تا پێشـــچوونە زانکۆ دەکات، تاوەکوو وەک بابەتێکی بنەڕەتیی بخرێتە نێو پڕۆگرامەکانی خوێندنی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردســـتان و پلانی پەروەردەیی خێزانی کوردیی–ەوە و بەهۆیەوە نەوەیەکی نوێی هۆشـــیار گۆش بکرێت کە بتوانێت بە شـــێوازێکی دڕووســـت میدیا جیاوازەکان بەکاربهێنێت و ڕەخنەگرانەیش مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیامەکانی ژانرە ڕۆژنامەوانییەکاندا بکات و دواتر ببێتە بینەر، بیســـەر و خوێنەری ناوەڕۆکی هەر ژانرێک.

کلیلە وشە:

خوێندەواریی میدیایی، پەروەردەی سەرەتایی منداڵ، ڕەنگدانەوەی میدیایی، گۆرانییەکانی یوتیووب

پێرستی ناوەڕۆک

بابەتەکان	لاپەڕەکان
پێشکەشە	ح
سووپاس و پێزانین	خ
پووختەی توێژینەوەکە	د
پێڕستی ناوەڕۆک	ذ
پێڕستی خشتەکان	ش
پێڕستی پاشکۆکان	ص
پێڕستی کورتکراوەکان	ص
پێشەکی توێژینەوە	1
بەشی یەکەم: **ڕێبازنامەی توێژینەوە**	
پاژی یەکەم: چەمکە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەکە	
1.1: دەروازەی بەش	
2.1: ناونیشان و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە	**04**
3.1: مەبەست و ئامانجەکانی توێژینەوەکە	**05**
4.1: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە	**05**
5.1: جۆرورێبازنامەی توێژینەوەکە	**06**
1.5.1: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە	**06**
2.5.1: مشتی توێژینەوەکە	**06**
3.5.1:ڕێککارەکانی کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکە و هەنگاوەکانی بەدواداچوونی	**07**
4.5.1 : بوار و سنوورەکانی توێژینەوەکە	**10**
5.5.1 : دیاریکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە	**11**
6.1: چەمک و زاراوە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە	**11**
پاژی دووهەم : توێژینەوەکانی پێشوو	**12**
7.1: پێداچوونەوەی توێژینەوەکانی پێشوو	**12**
1.7.1 : توێژینەوەکانی پێشوو	**12**
2.7.1 : گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو	**21**
8.1: پووختەی بەش	**23**

بەشی دووەەم: **تیۆرییینامەی توێژینەوە**	
پاژی یەکەەم: خوێندەواریی میدیایی	
1.2: دەروازەی بەش	
2.2: خوێندەواریی میدیایی و کاریگەرییەکانی	**25**
1.2.2: خوێندەواریی میدیایی و واتاکانی	**25**
2.2.2: خوێندەواریی میدیایی و رەهەندەکانی	**27**
3.2.2: خوێندەواریی میدیایی و گرنگییەکانی	**45**
4.2.2: خوێندەواریی میدیایی و جۆرەکانی	**49**
5.2.2: خوێندەواریی میدیایی وقۆناغەکانی	**51**
6.2: خوێندەواریی میدیایی و گرنگیی پەروەردەی میدیایی	**55**
پاژی دووەەم: پەروەردەی سەرەتایی منداڵ	**57**
3.2: پەروەردەی منداڵ و لێکەوتەکانی	**57**
1.3.2: پەروەردەی منداڵ و واتاکانی	**58**
2.3.2: پەروەردەی منداڵ ورەهەندەکانی	**59**
3.3.2:پەروەردەی منداڵ و جۆرەکانی	**63**
4.3.2: پەروەردەی منداڵ و قۆناغەکانی	**71**
5.3.2: پەروەردەی منداڵ و رێگاکانی	**76**
6.3.2: پەروەردەی منداڵ و گرنگیی خوێندەواریی میدیایی	**77**
پاژی سێهەم: پەیامی گۆرانییەکانی چەناڵی یوتیووب	**79**
4.2: چەناڵی یوتیووب و پەیامەکانی	**79**
1.4.2: چەناڵی یوتیووب و گەشەسەندنی خزمەتگوزارییەکانی	**80**
2.4.2: چەناڵی یوتیووب و تایبەتمەندی پەیامەکانی	**80**
3.4.2: چەناڵی یوتیووب و پەیامەکانی پەروەردەی میدیایی منداڵ	**81**
4.4.2: چەناڵی یوتیووب و پەیامەکانی پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی	**82**
1.4.4.2: گۆرانیی و پەیامەکانی چەناڵی یوتیووبی منداڵان	**83**
2.4.4.2: گۆرانی منداڵان و هونەرەکانی بەرهەمهێنان و پەخشکردنی	**84**

3.4.4.2: گۆرانی منداڵان و پەیامەکانی	85
4.4.4.2: گۆرانی منداڵان و ڕەهەندە میدیایی و پەروەردەییەکانی	86
5.4.4.2: گۆرانی منداڵان و کاریگەرییەکانی پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی	87
5.2: **پووختەی بەش**	89
بەشی سێهەم: **کردەکییناممەی تویژینەوە**	
پاژی یەکەم : شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گۆرانییەکانی یوتیووبی ئێن ئارتی سێ و ئافەرین	
1.3: **دەروازەی بەش**	
2.3: **چەناڵی یوتیبووبی منداڵان و بەرهەمەکانی**	91
1.2.3: چەناڵی یوتیووبی ئێن.ئار.تی سێ وناوەرۆکی پەیامەکانی	91
2.2.3: چەناڵی یوتیووبی ئافەرین وناوەرۆکی پەیامەکانی	92
3.3: چەناڵی یوتیبووبی ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین و شیکردنەوەی گۆرانییەکان	92
1.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی پەروەردەیی و فێرکاریی	93
2.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی تەندروستیی	99
3.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی هونەریی و ئەدەبیی	101
4.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی خۆشباریی	103
5.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی	106
6.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی زمانەوانیی	110
7.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی ژینگەیی	111
8.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی دەروونیی	112
9.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی هۆشیاریی	113
10.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی ئایینیی	115
11.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی میدیایی	116
پاژی دووهەم: دەرئەنجامی شیکاریی گۆرانییەکانی یوتیووبی ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین	117
12.3.3: دەرئەنجامی شیکاریی گۆرانییەکانی ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین	117
پاژی سێهەم: چاوپێکەوتنی چڕ لە گەڵ پسپۆڕانی تایبەت بە تویژینەوە	118
4.3: چەناڵی یوتیووبی ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین و چاوپێکەوتنی بەرتویژان	118

1.4.3: چەمکی خوێندەواریی میدیایی لە هەرێمی کوردستان-دا	118
2.4.3: خوێندەواریی میدیایی و ڕۆڵی لە پەروەردەکردنی منداڵان-دا	120
3.4.3: خوێندەواریی میدیایی و ڕەهەندەکانی لە ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین-دا	121
4.4,3: خوێندەواریی میدیایی و پێڕەوکردنی پێوەرەکانی	123
5.4.3: خوێندەواریی میدیایی و کاریگەرییەکانی ناوەڕۆکی چەناڵی یوتیووب	125
6.4.3: خوێندەواریی میدیایی و چارەسەری گرفتە پەروەردەییەکانی منداڵان	126
7.4.3: خوێندەواریی میدیایی و بەکارهێنانی لە چەناڵی یوتیووبی منداڵان-دا	128
8.4.3: خوێندەواریی میدیایی و چەناڵەکانی یوتیووبی منداڵان	129
9.4.3: خوێندەواریی میدیایی لەنێوان چەناڵی یوتیووبی کوردیی و بیانیی-دا	130
10.4.3: خوێندەواریی میدیایی و زمانی دەربڕین لە یوتیووبی منداڵان-دا	131
پاژی چوارهەم: دەرئەنجامی شیکردنەوەی چاوپێکەوتنی چڕ لە گەڵ پسپۆرانی تایبەت	132
11.4.3: دەرئەنجامی شیکاری ناوەڕۆکی بۆچوونی بەرتوێژان	132
پاژی پێنجهەم: پاشەکیی توێژینەوە	133
1.5.3: ئەنجامەکانی توێژینەوە	133
2.5.3: ڕاسپاردەکانی توێژینەوە	135
3.5.3: پێشنیازەکانی توێژینەوە	136
4.سەرچاوەکان	R138
5. پاشکۆکانی توێژینەوە	i
پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی	xix
پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی	xx

پێڕستی خشتەکان

ژمارەی خشتەکان	ناونیشانی خشتەکان	ژمارەی لاپەڕەکان
01	شیکردنەوەی ناوەرۆکی پەیامی چەنالّەکانی ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین	8
02	ناو و ناونیشانی بەرتوێژانی چاوپێکەوتنی زانستیی توێژینەوەکە	9
03	ژانرە رۆژنامەوانییەکانی ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین	92
04	بۆچوونی بەرتوێژان سەبارەت بە چەمکی خوێندەواریی میدیایی	119
05	بۆچوونی بەرتوێژان بەرامبەر پەیوەندیی نێوان خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ	121
06	ئامانجی ناوەرۆک خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ	123
07	رەچاوکردنی پێوەرەکانی خوێندەواریی میدیایی	125
08	کاریگەریی یوتیووب لەسەر رەفتاری منداڵ	126
09	خوێندەواریی میدیایی چارەسەرە	127
10	بەکارهێنانی یوتیووب بۆ خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ	129
11	تێبینی بەرتوێژان بۆ توێژینەوەکە	130
12	زمانی بەکارهاتوو لە چەنالّی ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین	131

پێڕستی پاشکۆکان

ژمارەی پاشکۆکان	ناونیشانی پاشکۆکان	ژمارەی لاپەڕەکان
01	گۆرانی ' سەوزەکان' چەنالّی ئێن.ئار.تی سێ	i
02	گۆرانی 'سەورەکان ' ئێن.ئار.تی سێ	ii
03	گۆرانی 'رەنگەکان ' ئێن.ئار.تی سێ	iii
04	گۆرانی 'وەرزی نوێ' ئێن.ئار.تی سێ	iv
05	گۆرانی 'درەخت' ئێن.ئار.تی سێ	v
06	گۆرانی 'دایەوبابە' ئێن.ئار.تی سێ	vi
07	گۆرانی 'گۆرانی لە سەر پیتە کوردییەکان ' ئێن.ئار.تی سێ	vii
08	گۆرانی 'گۆرانی مەرەکان 'ئێن.ئار.تی سێ	viii
09	گۆرانی ' توپی پێ' ئافەرین	iv
10	گۆرانی 'سەرچاکردن ' ئافەرین	x

11	گۆرانی 'ڕێوی دانت بشۆ' ئافەرین	xi
12	گۆرانی 'قۆری چا' ئافەرین	xii
13	گۆرانی 'شەوی بەرات' ئافەرین	xiii
14	گۆرانی 'بەخێر هاتی ئەی رەمەزان 'ئافەرین	xiv
15	گۆرانی 'گۆرانی چەژنانە' ئافەرین	xv
16	گۆرانی 'خوشەویست سەلامت لێبێت ' ئافەرین	xvi
17	چاوپێکەوتن لە گەڵ بەرتوێژان–دا	xvii
18	وێنەی توێژەر لەگەڵ بەرتوێژان–دا	xviii

پێڕستی کوورتکراوەکان

ناوی تەواوەتیی	کوورتکراوەکان
ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی نالیا سێ	ئێن.ئار.تی٣
تەلەڤزیۆنی ئافەرین	ئافەرین

پێشەکیی توێژینەوە:

لەســـەروەختی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاســـت و زانیاریی شـــێوێنراو-دا؛ میدیاکان ڕۆڵێکی گەورە و گرنگیان لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵاندا هەیە و هەندێکجاریش وەک جێگرەی خێزان لە پڕۆســەی پەروەردە و پێگەیاندنی کەسێتیی مرۆڤ ســەیردەکرێن. بەتایبەت زۆر بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان و ســـەرچاوەکانی میدیای دیجیتاڵیی وەک مۆبایل، کۆمپیوتەر، چەناڵی یوتیووب و یارییە ئەلیکترۆنییەکان؛ وایکردووە گواســـتنەوەی زانیاریی و پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەنێوان توێژە جیاوازەکاندا، بە شێوەیەکی خێراتر گەشەبکات. لەو نێوەندەیشدا؛ منداڵان و دایباب-ەکانیان وەک بەکارهێنەری ســەرەکیی ئامڕازە میدیاییەکان پێویســـتیان بە هۆشـــیاریی وردتر هەیە: کێ، کەی، لە کوێ، چی، چۆن و بۆچی ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی بەرهەمبهێنن و بەکاریبهێنن. بە دیارییکراوتر ناوەڕۆکی ئەو پەیامانەی لە چەناڵی یوتیووب بەزمانی کوردیی و بە ئاڕاستەی جیاواز پەخشدەکرێن کە زۆرجار کاریگەرییان لەســەر هەســت ، نەســت و ڕەفتاری منداڵان دەبێت و بە ئاڕاســتەی ئەرێنیی یان نەرێنیی دەگۆڕێن.

خوێندەواریی میدیایی (Media Literacy)؛ بە بنچینەیەکی گەورە و گرنگی پەروەردەی میدیایی (Media Education) دادەنرێت کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پڕۆسەی پەروەردە، فێرکردن و گەشـــەی منداڵان-ەوە هەیە، چوونکە توانای دەســـتڕاگەیشـــتن، تێگەیشـــتن، شـــیکردنەوە و هەڵســـەنگاندنی ڕەخنەگرانەی پەیامی میدیایی، بە شـــارێی پەروەردەی منداڵان دادەنرێت. ئامانجی ئەمجۆرە پەروەردەییە؛ (پاوەرز ، ٢٠٢٢) ، ســـنووردارکردنی ڕۆڵی بێســـنووری میدیاکانە لە پڕۆســـەی فێربوون، گەشـــەی عەقڵیی و ڕەفتاریی منداڵان-دا. ئەوەیش لەگەڵ ئـامـانجی ســـەرەکیی ئەم توێژینەوەیەدا یەکدەگرێتەوە کە مەبەســـتییەتی بزانێت: چۆن خوێندەواریی میدیایی دەتوانێت یارمەتیی منداڵان، خێزان و پەروەردە بدات لەوەی ڕێگریی لە ســـنووردارکردنی کـاریگەرییە نەرێنییەکـانی میـدیـاکـان بگرن و بەشـــێوەیەکی ئەرێنیی بەکاریانبهێنن. هەربۆیە چەناڵی یوتیبووبی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی ئافەرین و ئێن.ئاڕ.تی ســێ دەســتنیشـــانکراون، تاوەکوو لە ڕێگەی ناوەڕۆکی پەیامی گۆرانییەکانیانەوە، ئاســتی ناســینی "خوێنـدەواریی میـدیـایی" لە "پەروەردەی منـداڵ" و ڕەهەنـدە هـاوبەش و جیـاوازەکـانیـان هەڵبســـەنگێنرێت. لەو ســـۆنگەیەوە؛ ئەم توێژینەوە بۆ پێنج بەشـــی ســـەرەکیی دابەشـــکراوە، تاوەکوو ناونیشان و ناوەڕۆکی بەشەکان بەیەکتری ببەسترێنەوە، لەوانە:

بەشـــی یەکەم؛ بۆ ڕێبازنامەی توێژینەوەکە تەرخانکراوە و لەوێدا ناونیشـــانی توێژینەوەکە و هۆکارەکـانی هەڵبژاردنی، لەگەڵ ئـامـانج، پرســـیـار و کێشـــەی ســـەرەکیی توێژینەوەکە

ڕوونکراونەتەوە و ئەو ڕێباز و ڕێکارانەیش دەستنیشانکراون کە لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون، و بە وردیی هەنگاوە کردارییەکانی ڕێبازی توێژینەوەی چۆنێتیی (Qualitative Method) و ڕێکارەکانی چاوپێکەوتنی چڕ و شـــیکردنەوەی ناوەڕۆک ڕوونکراونەتەوە و پاســـاوی بەکارهێنانی هەریەک لە کۆمەڵگە و مشـــتی توێژینەوەکەدا خراوەتەڕوو. دواتر چەمکە ســـەرەکییەکانی توێژینەوەکە و ئەو توێژینەوانەی پێشـــوو کە پەیوەندییان بە گۆڕاوە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە هەبوو؛ خراونەتەڕوو و تاووتوێی خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانیان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا کراوە.

بەشـــی دووهەم؛ بۆ تیۆرییەنامەی توێژینەوەکە تەرخانکراوە و هەریەک لە گۆڕاوی ســـەرەکیی "خوێندەواریی میدیایی" و گۆڕاوی شوێنکەوتووی "پەروەردەی سەرەتایی منداڵ" ناسێنراون و ڕەهەندە ســـەرەکییەکانیان شـــیکراونەتەوە. هاوکات گۆرانییەکانی چەنالّی یوتیووبی منداڵان؛ وەک میدیایەکی دیجیتاڵیی هاوچەرخ خراوەتەڕوو کە لە ڕێگەی بەرهەمە میدیاییەکانی ئافەرین و ئێن.ئار.تی ســـێ ئاســـتی پێڕەوکردن و پێشـــلکردنی ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی لە ڕەهەندەکانی پەروەردەی منداڵ-دا شرۆڤەدەکرێن و پەیوەندیی نێوانیان دەردەخرێن.

بەشی سێهەم؛ بۆ شیکردنەوەی داتای بەدەستهاتووی توێژینەوەکە تەرخانکراوە. لەم بەشەداو بە پشـــتبەســـتن بە دەســـتە و یەکەکانی شـــیکردنەوەی ناوەڕۆک، ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ لە دەقی پەیامی گۆرانییەکانی چەنالّی یوتیبووبی ئافەرین و ئێن.ئار.تی ســـێ خراونەتەڕوو. هاوکات بابەتە ســـەرەکییەکانی چاوپێکەوتنی بەرتوێژان شیکراونەتەوە و پەیوەندیی نێوانیان خراونەتەڕوو. پاشان ئەنجامگیریی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو. جگەلە ئەنجامە گشـــتییەکانی توێژینەوەکە، پێشـــنیاز و ڕاســـپاردەی گونجاو بۆ لایەنی پەیوەندییدار و توێژەرانی داهاتوو خراونەتەڕوو.

بەشی یەکەم:
ڕێبازنامەی تۆڕێنەوە

پاڕی یەکەم: چەمکە بنەڕەتییەکانی تۆڕێنەوەکە
کێشەی تۆڕێنەوەکە
ناونیشان و هۆکارەکانی تۆڕێنەوەکە
ئامانجەکانی تۆڕێنەوەکە
ڕیبازو ریکارەکانی تۆڕێنەوەکە
کۆمەڵی تۆڕێنەوەکە
مشتەی تۆڕێنەوەکە
بوارو سنوورەکانی تۆڕێنەوەکە
گۆڕاوەکانی تۆڕێنەوەکە
چەمک و زاراوە بەکارهاتوەکانی تۆڕێنەوەکە
پاڕی دووهەم: تۆڕێنەوەکانی پێشوو
پێداچوونەوەی تۆڕێنەوەکانی پێشوو
خستنەڕووی تۆڕێنەوەکانی پێشوو
گفتووگۆی تۆڕێنەوەکانی پێشوو

پاژی یەکەم : چەمکە بنەرەتییەکانی تۆێژینەرەکە

1.1: دەروازەی بەش

لە ڕووی میتۆدییەوە و وەک دەروازەیەک بۆ چوونە ناو وردەکاریی تۆێژینەوەکە؛ لەم بەشەدا هەریەک لە چەمکە بنەڕەتییەکان و تۆێژینەوەکانی پێشـــوو و چۆنێتی ســـوودلێوەرگرتنیان لە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای تۆێژینەوەکەدا بەکارهێنراوە.

2.1: ناونیشانی تۆێژینەوەکە و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی

" خوێندەواریی میدیایی ورەنگدانەوەی لەســـەر پەروەردەی ســـەرەتایی منداڵ ؛ گۆرانییەکانی چەنالّی یوتیووب وەک نموونە" ناونیشانی سەرەکیی ئەم تۆێژینەوەیەیە کە گرنگیی هەڵبژاردنی بۆ پتر لە هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە: نەبوون یاخوود دەگمەنیی تۆێژینەوەی هاوشـــێوە بە زمانی کوردیی و بەرفراوانیی خراپ بەکارهێنانی پەیامی میدیایی لە هەرێمی کوردســـتاندا. گرنگیی ئەم تۆێژینەوەیە؛ بۆ تازەیی ناونیشـــانی تۆێژینەوەکە و ڕێکارەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکانی تۆێژینەوەکە دەگەڕێتەوە کە بە دەگمەن نەبێت لە هەرێمی کوردستان-دا نامەی ماستەر یاخوود تێزی دکتۆرا-ی لەبارەوە نەنووسراوە. هەربۆیە ئەم ماستەرنامەیە دەبێتە چاوگێکی ســـەرەکیی و بەردی بناغەی ئەو تۆێژینەوانەی لەم بوارەدا دەنووســـرێن. لە ڕووی پیشـــەیی-شـــەوە؛ بەرهەمهێنەرانی میدیایی دەتوانن وردتر ئاشـنا و ئاگاداری دەرفەت و ئاڵەنگارییەکانی خوێندەواریی میدیایی و ڕەهەندە جیاوازەکانی بن هەروەها منداڵان، دایباب، ســەرپەرشـتیاران و نێوەندە پەروەردەییەکانیش وەک بەکارهێنەری پەیامی میدیایی؛ زووتر و زیاتر پەی بە دیوی نەزانراو، نەوتراو و نەبینراوی دەق، دەنگ و ڕەنگی پەیامەکانی میدیای پەروەردەیی سەرەتایی منداڵان ببەن و باشتر ناوەڕۆکی ئەڕێنیی و نەڕێنیی لەیەکترجیابکەنەوە. کەواتە لەڕووی تیۆرییەوە؛ ئەم تۆێژینەوەیە دەبێتە ســـەرچاوەیەکی زانســـتیی بەهـادار بۆ کتێبخانەی کوردیی و تۆێژەرانی دواتر. ئەنجامەکانی ئەم تۆێژینەوەیەش؛ لە ڕووی پیشـەییەوە بەرچاوڕوونیی زیاتر دەدەنە میدیای کوردیی و ئەوانەیشـــی کار لەســـەر بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی دەکەن، بەتایبەت لەو ڕووەوەو کە وردتر کار لەســـەر ڕەگەزەکانی خوێندەواری میدیایی لە بەرهەمەکانی پەروەردەی ســـەرەتایی منداڵان-دا بکەن و بە هەســـتیارییەوە مامەڵە لەگەڵ وشـــە، وێنە و ڤیدیۆی بەرهەمەکانیاندا بکەن. هەروەها هۆشـــیارکردنەوەی دایکان و باوکان لە چۆنێتی بەکارهێنانی چەنالّی یوتیووب و پەیامە جیاوازەکانی، ئەوەیش لە بۆچوونی بەرتۆێژان-دا ڕەنگیداوەتەوە کە جەخت لە گرنگیی و

تازەیی ناونیشـــانی ئەم توێژینەوەیە و پێویســـتیی وردتر ناســـاندنی چەمکی پەروەردەی خوێندەواری میدیایی دەکەنەوە.

3.1 : مەبەست و ئامانجەکانی توێژینەوەکە

مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە؛ ناساندنی چەمکی "خوێندەواریی میدیایی" و رەنگدانەوەی ڕەهەندەکانییەتی لەســـەر "پەروەردەی ســـەرەتایی منداڵ"انی هەرێمی کوردســـتان، بەتایبەت لە رێگەی ناوەڕۆکی ئەو پەیامی گۆرانییانەی لە چەناڵی یوتیووب پەخش و بڵاودەکرێنەوە کە ئەوەیش پاڵنەری بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی وردتری توێژنەوەکەیە، لەوانە:

1. بۆ تێگەیشتن لە چەمکی خوێندەواریی میدیایی لە هەرێمی کوردستانی عێراق-دا.
2. بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان پەیامی گۆرانییەکانی خوێندەواریی میدیایی چەناڵی یوتیووب و رەهەندەکانی پەروەردەی سەرەتایی منداڵانی کورد.
3. بۆ دەســـتنیشـــانکردنی جۆری رەنگدانەوەی خوێندەواریی میدیایی لەســـەر پەروەردەی سەرەتایی منداڵانی هەرێمی کوردستان.
4. بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی لە پەیامی گۆرانییەکانی چەناڵی یوتیووبی منداڵان لە هەرێمی کوردستان-دا

4.1: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە

بەکـارهێنـانی چەنـاڵی یوتیووب و فەرامۆشـــکردنی خوێنـدەواریی میـدیـایی لە پەروەردەی ســـەرەتایی منداڵانی هەرێمی کوردســـتان-دا؛ کێشـــەی ســـەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ، ڕەنگدانەوەی جیاوازیان لەسەر بیرکردنەوە ، ڕەفتار و گوفتاریان دەبێت و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا هەستیان پێدەکرێت. هەربۆیە کێشـەی سـەرەکیی توێژینەوەکە؛ لە رێگەی ئەم چەند پرسیارەی خوارەوە دەخرێنەڕوو:

1. ئایا چەمکی خوێندەواریی میدیایی لەلای بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری یوتیووبی منداڵانی هەرێمی کوردستانی عێراق؛ چۆن ناسێنراوە و گوزارشتی لێکراوە؟
2. ئایا پەیوەندیی نێوان پەیامەکانی خوێندەواریی میدیایی چەناڵی یوتیووب و رەهەندەکانی پەروەردەی سەرەتایی منداڵانی کورد چۆن و بە چ شێوەیەکە؟

3. ئایا چ رەهەندێکی خوێندەواریی میدیایی لە پەیامی گۆرانییەکانی چەنالّی یوتیووبی تەلەڤزیۆنەکانی ئافەرین و ئێن.ئار.تی3-دا زیاتر ڕەنگیداوەتەوە؟
4. ئایا ناوەڕۆکی پەیامی گۆرانییەکانی چەنالّی یوتیووبی تەلەڤزیۆنەکانی ئافەرین و ئێن ئار تی سێ؛ چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر ڕەهەندەکانی پەروەردەی سەرەتایی منداڵانی کورد هەیە؟

5.1: جۆر و ڕێبازنامەی تۆێژینەوەکە

لەم تۆێژینەوەیەدا؛ جۆری تۆێژینەوەکە وەسفییە و بۆ وەسفکردنی گۆڕاوە سەرەکییەکان بەکارهاتوە ، تۆێژینەوەی وەسفی دیاترین میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانە ، بە تایبەتیش لە بواری ڕاگەیاندن و پەروەردەو دەروننناسی و کۆمەڵناس -دا سنورەکانی ئەم میتۆدە تەنها لە وەسفکردندا ڕاناوەستێت ، بەڵکو شیکارو لێکۆڵینەوەو بەراوردو هەڵسەنگاندنیش بۆ دیاردەکان دەکات (سابیر بۆکانی ، ٢٠٢٠ ،٧٣)، ئەم تۆێژینەوەیە پشتی بەستوە بە ڕێنازی ڕووپێوی (Survey Method) بە هەردوو لایەنی وەسفی وشیکاریی بۆ داتاو زانیارییەکان . ڕێنازی ڕووپێویی بە یەکێک لە دیارترین ڕێبازە بەکارهاتوەکان هەژمار دەکرێت بە تایبەتی لە بواری ڕاگەیاندن و جۆری تۆێژینەوە وەسفییەکان . (محمەد ، ٢٠١٤ ،٤٤).
ڕێکاری شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەت (Thematic Content Analysis) بۆ پەیامی گۆرانییەکانی خوێندەواریی میدیایی چەنالّی یوتیووبی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی تایبەت بە منداڵان کە ژمارەیان (16) گۆرانییە و ڕێکاری چاوپێکەوتنی چڕ (In-depth Interview) لەگەڵ پسپۆڕانی پەروەردەیی و میدیایی-دا بەکاردەهێنرێت کە ژمارەیان (9) پسپۆرە.

1.5.1: کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکە

پەیامەکانی یوتیووبی منداڵان کە بە زمانی کوردیی لە هەرێمی کوردستان-ەوە بەرهەمدەهێنرێن؛ وەک کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکە دەستنیشانکراوە. تەنها ئەو چەنالّانە وەرگیراون کە چەنالّی یوتیووبیان هەیە.

2.5.1: مشتی تۆێژینەوەکە

مشتی تۆێژینەوەکە بە دووجۆر کراوە: نامرۆییث چەنالّی یوتیووبی منداڵان: تەلەڤزیۆنەکانی ئافەرین و ئێن.ئار.تی سێ وەک مشتی تۆێژینەوەکە دەستنیشانکراون، تاوەکوو بتوانرێت شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ پەیامی گۆرانییەکانیان بکرێن کە ژمارەی گۆرانییەکانث 16 گۆرانییە

بە شێوەی هەڕەمەکی مەبەستدار دەستنیشانکراون. تەنها ئەو دوو چەناڵە لە چوار پارێزگەکەی هەرێمی کوردستان دەستنیشانکراون لەبەر ئەوەی تەنها ئێن. ئار.تی سێ و ئافەرین چەناڵی یوتیووبیان هەیە؛ تەلەڤزیۆنە تایبەتمەندەکانی دیکەی منداڵان تر چەناڵی یوتیووبی ڕێکخراو و تازەکراوەیان نەبوو. مشتی مرۆیی؛ خۆی لە چاوپێکەوتنی چڕ لەگەڵ کەسانی پسپۆڕی تایبەت بە توێژینەوەکە دەبینێتەوە کە بە مەبەست دەستنتشانکراون و ژمارەیان نۆ پسپۆڕی میدیایی، پەروەردەیی و هونەرییە.

3.5.1: ڕێککارەکانی کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکە و هەنگاوەکانی بەدواداچوونی

توێژەر بۆ کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکەی پەنای بردووەتەبەر دوو ئامراز کە بەکاریانبهێنێت بۆ گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکەی، لەوانە:

1.3.5.1: شیکردنەوەی ناوەڕۆک

شیکردنەوەی ناوەڕۆک (Content Analysis)؛ ڕێکارێکە لە ڕێکارەکانی ڕێبازی چۆنێتیی کە بەشێوەیەک ڕێکخراوە بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی دەق، وێنە و بەرهەمە بەردەستەکان، بە ئامانجی دەرهێنانی زانیاریی واتادار، دەستنیشانکردنی نەخشەکان و تێگەیشتن لە بابەتە بنەڕەتییەکان. ئەم ڕێکارە؛ پشکنین و لێکدانەوەی وردی تۆمارە نووسراو و بینراوەکان لەخۆدەگرێت، بە ئامانجی باشتر تێگەیشتن لە چوارچێوە کولتوورییەکانی ناو کۆمەڵە داتایەک کە زۆرجار بۆ تەواوکردنی شێوازەکانی تری توێژینەوە بەکاردەهێنرێت (Bammidi, 2019: 8). هەروەها وەک ڕێگەیەکی زانستیی بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بابەتە میدیاییەکاندا پێناسەدەکرێت (ڕێشاوی و تاڵەبانی، ٢٠٢٣: ٦٨-٧٠). لەو سۆنگەیەوە؛ شیکردنەوەی ناوەڕۆک پشت بە چەند یەکەیەکی سەرەکیی دەبەستێت، لەوانە: وشە، بیرۆکە، کەسایەتی، شوێن، کات، بابەت. هاوکات بۆ پۆلکردنی شیکردنەوەیش پشت بە وەڵامی دوو پرسیاری سەرەکیی دەبەستێت، لەوانە: "چی وتراوە؟" و "چۆن وتراوە؟" ، کە ئەوەیش بەسەر پۆلە ڕواڵەتیی و ناڕەواڵەتیی یان ناوەڕۆکەکانییدا دابەشدەبن (بڕوانە خشتەی ژمارە: 01). هەربۆیە؛ لەم توێژینەوەیەدا پشت بەم ڕێکارە بنچینەییەی ڕێبازی چۆنێتیی بەستراوە، ئەویش لەبەر پتر لە هۆکارێک، لەوانە: دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەکە لە شێوەی پرسیار یان گریمانەدا؛ دیاریکردنی ئەو بابەت و پرسەی توێژەر شیکاریی بۆ دەکات؛ دەستنیشانکردنی یەکەی شیکردنەوە (unit of analysis)

که هەنگاوێکی گرنگە و پێویستە بە وردیی دیاریی بکرێت؛ داڕشتنی پۆلەکانی شیکردنەوە (categories of analysis) لەسەر بنەمای یەکەی شیکاریی؛ دیاریکردنی کۆمەڵگە و مشتی توێژینەوە ، کە شیکارییەکەی لەسەر دەکرێت، دیاریکردنی چۆنێتیی شیکردنەوەی داتاکان بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی گونجاو و وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە.

خشتەی ژمارە: 01

شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیامی گۆڕانییەکانی چەنالّی یوتیووبی ئافەرین و ئێن.ئار.تی3 سێ

یەکەی شیکاریی	**دەستەی شیکاریی**	
	ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی	**ڕەهەندەکانی پەروەردەی منداڵان**
1 .وشە 2 .بیرۆکە 3 .بابەت 4 .کەسایەتی 5 .کات 6 .شوێن	1. پەروەردەیی 2. ئایینیی 3. فێرکاریی 4. تەندروستیی 5. دەروونیی 6. میدیایی 7. سیاسیی 8. هۆشیاریی 9. یاسایی 10. خۆشباریی 11. زمانەوانیی 12. تەکنەلۆژیی 13. ئابووریی 14. کۆمەڵایەتیی و ژینگەیی 15. ئەدەبیی و هونەریی	1. پەروەردەیی 2. فێرکاریی 3. تەندروستی جەستەیی 4. کۆمەڵایەتیی 5. دەروونیی 6. ڕەوشتیی 7. زمانەوانیی 8. هونەریی و ئەدەبیی

2.3.5.1 : چاوپێکەوتنی چڕ

چاوپێکەوتن؛ یەکێکی دیکەیە لە ڕێکارە ســـەرەکییەکانی کۆکردنەوەی داتای چۆنێتیی ، کە بریتییە لە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆ و ئامانجدار لە نێوان توێژەر و بەشداربوودا، بە مەبەستی بەدەســـتهێنانی تێڕوانینێکی ورد و قوواڵ لە ئەزموون و هەڵوێســـتەکانی (Edwards and Holland, 2013: 1). واتە وەک گفتوگۆیەکی زانستیی بۆ وەرگرتنی زانیاریی پێویست بۆ داتای توێژینەوەکە دادەنرێت (بڕوانە خشـــتەی ژمارە 02). هەروەک ڕێشـــاوی و تاڵەبانی (٢٠٢٣) جەخـت لە پێوەرەکـانی ئەم ڕێکـارە دەکەن و پۆلێنـدەکەن بۆ هەریەک لە: بـابەت (وەک چاوپێکەوتنی جەختلێکراو)، ژمارەی بەشـــداربووان (تاکەکەســـیی یان بەکۆمەڵ)، شـــێوازی ڕێکخســـتن (پێکهاتەیی یان نیمچە-پێکهاتەیی)، ســـروشـــتی پرســـیارەکان (کراوە یان داخراو)، مەبەســـتی دیارییکراو (وەک ڕووپێویی یان چارەســـەریی). هەڵبەت ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێکی ســـەرکەوتوو؛ پێویســـتیی بە ئامادەکاریی وردتر هەیە، لەوانە: دیارییکردنی ئامانج، نموونە و پرســـیار. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم ڕێکارە ئەوەیە ، کە زۆرتر بۆ کۆکردنەوەی داتا لەو کەســـانە گونجاوە ، کە توانای نووســـینیان نییە یان ئارەزووی ناکەن، وەک کەســـانی بەتەمەن، خاوەن پێداویستیی تایبەت، منداڵان و نەخوێندەواران (ڕێشاوی و تاڵەبانی، ٢٠٢٣: ٩٤-٩٨). بۆ ئەم مەبەســـتە توێژەر چاوپێکەوتنی لە گەڵ چەند بەرتوێژێک لە بواری جیاجیاکاندا کردوە کە چواردانەیان سەرپەرشتیاری پەروەردەین (د.کەریم ، مامۆستا مەحموود، ست دیمەن و ست سۆزان) ، وە دووان لەو بەرتوێژانە لە بواری میدیا و ڕاگەیاندندا کار دەکەن (ئامانج حەسەن و کرمانج محەمەد) ، هەروەها ســـیانییان لەو بەرتوێژانە لە بوارەکانی هونەرو شـــعرو زماندا کار دەکەن (مامۆستا عەدنان ، مامۆستا مۆفەق و مامۆستا ئەمین).

خشتەی ژمارە: 02

ناو و ناونیشانی بەرتوێژانی چاوپێکەوتنی زانستیی توێژینەوەکە

ژ	ناوی سیانیی بەرتوێژان	شوێنی بەرتوێژان	پسپۆری بەرتوێژان	شوێنی چاوپێکەوتن	مێژووی چاوپێکەوتن
1	پ. د.کەریم قەرەچەتانی	زانکۆی جیهان	دەروونناسیی منداڵان	سلێمانی	31-5-2025
2	مۆفەق عارف لهۆنی	پەروەردەی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی	سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هونەر	سلێمانی	6-4-2025

3	مەحموود عەبدولکەریم قادر	پەروەردەی رۆژهەلاتی سلێمانی	سەرپەرشتیاری پەروەردەیی باخچەی منداڵان	سلێمانی	14-4-2025
4	دیمەن حەمەعەلی سەعید	پەروەردەی رۆژهەلاتی سلێمانی	سەرپەرشتیاری پەروەردەیی باخچەی منداڵان	سلێمانی	6-4-2025
5	سۆزان محەمەد	پەروەردەی رۆژئاوای سلێمانی	سەرپەرشتیاری پەروەردەیی باخچەی منداڵان	سلێمانی	6-4-2025
6	عەدنان عەبدوڵڵا شاسوار	جێگری سەرۆکی دامەزراوەی پەروەردەیی کانگا	ئەندازیاری کشتوکاڵیی	سلێمانی	5-7-2025
7	ئامانج حەسەن	بەڕێوەبەری ئافەرین	پەیمانگەی ڤیتەرنەری سلێمانی	سلێمانی	31-4-2025
8	کرمانج محەمەد	بەڕێوەبەری ئێن.ئار.تی سێ	مامۆستای باخچەی منداڵان	سلێمانی	1-5-2025
9	ئەمین سەپان	پەروەردەی رۆژئاوای سلێمانی	شاعیری منداڵان	سلێمانی	15-4-2025

4.5.1:بوار و سنووورەکانی توێژینەوەکە

بواری کارکردنی ئەم توێژینەوەیە فراوان و فرەڕەهەندە. هەربۆیە دەکرێت لەم چوار سنووورە سەرەکییەی خوارەوەدا دەستنیشانبکرێن، لەوانە:

یەکەم؛ لە ڕووی شوێن-ەوە: سنووری جوگرافیی هەرێمی کوردستانی عێراق بە گشتیی و پارێزگەی سلێمانی بەتایبەتیی دەگرێتەوە کە بارەگەی سەرەکیی و نێوەندی پەخشی چەناڵی یوتیووبی منداڵانی تەلەڤزیۆنە کوردییەکانی مشتی توێژینەوەکەی لێن.

دووهەم؛ لە ڕووی مرۆیی–ەوە: مەبەســـت لەو کەســـانەیە، کە لەم توێژینەوەیەدا دەبن بە بەرتوێژ، لەوانە: پســـپۆڕانی پەروەردەیی و میدیایی، خاوەن و هەڵســـووڕێنەرانی چەناڵی یوتیووبی تەلەڤزیۆنی منداڵان لە هەرێمی کوردستان–دا.

سێهەم؛ لە ڕووی کات–ەوە: ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە داتای توێژینەوەکەی تیا کۆکراوەتەوەو شیکراوەتەوە کە دەکەوێتە ماوەی نێوان 15ی کانوونی دووهەمی 2025 بۆ 15ی ئابی 2025.

چوارهەم؛ لە ڕووی بابەتیی–ەوە: مەبەســـت لێی خوێندەواریی میدیایی و کاریگەرییەکانییەتی لەسەر پەروەردەی منداڵان لە ڕێگەی چەناڵی یوتیووبی تەلەڤزیۆنە کوردییەکان–ەوە.

5.5.1 : دیاریکردنی گۆڕاوەکان

یەکەم: خوێندەواریی میدیایی؛ گۆڕاوی سەرەکی

دووهەم: پەروەردەی سەرەتایی منداڵ؛ گۆڕاوی شوێنکەوتوو

6.1: چەمک و زاراوە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە

لێرەدا چەمکە ســـەرەکییەکانی توێژینەوەکە بەو شـــێوەیەی لە ناوەڕۆکەکەییدا بەکارهاتوون؛ دەخرێنەڕوو، لەوانە:

یەکەم؛ خوێندەواریی میدیایی: توانای دەســـتگەیشـــتن، شـــیکردنەوە، هەڵســـەنگاندن و درووستکردنی ناوەڕۆکی میدیایی–ە؛ بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و بەرپرسیارانە.

دووهەم؛ پەروەردەی سەرەتایی منداڵ: پەروەردەی سەرەتایی منداڵان پەروەردەیەکی تایبەتە کە تیشکی دەخاتە سەر گەشە و پەرەسەندنی منداڵان لە تەمەنی منالێیدا (زۆربەکات لە تەمەنی 0– 8ساڵیدا) دەگرێتەوە . پەروەردەی سەرەتایی لە هەر کۆمەڵگایەکدا ڕەنگێکی جیاوازی هەیە. بۆ نموونە، لە هەندێک شـــوێندا ســـەرنج لەســـەر پەیوەندی منداڵ لەگەڵ ســـروشـــت دەدرێت، لەکاتێکدا لە شوێنێکی تر سەرنج لەسەر پەروەردەی ئەکادیمی دەدرێت

سێهەم؛ رەنگدانەوەی میدیایی: بریتییە لە پڕۆسەی دیاریکردن و پێشکەشکردنی ڕووداو، بابەت یـان بیرۆکە لەڕێگەی میـدیـاکـانەوە، کە تێیـدا ڕاســـتییەکی دیـاریکراو درووســـت دەبێتەوە بەپێی هەڵبژاردەکان، ڕێکخستن، زمان و دیمەننوێنێتی میدیایی.

چوارهەم؛ گۆڕانییەکانی چەناڵی یوتیووب: سەکۆیەکی دیجیتاڵیی میدیاییە کە پشت بە بەرهەمی ڤیدیۆیی دەبەســـتێت و زۆرجار تەلەڤزیۆنە کوردیی و بیانییەکان بە پەخشـــکردنی پەیامی

میدیایی جۆراوجۆر سوودی لێوەردەگرن و هەندێکجاریش وەک سەرچاوەی داهات و دارایی بەکارهێنریت. هەروەک ڕێگە بە بەکارهێنەران-یش دەدرێت؛ دەستیان بە بەرهەمەکانی چەناڵی یوتیووب بگات و لە هەر کات و شوێنێک مەبەستیشان بێت بەکاریبهێننەوە. وە گۆرانییەکانیش یەکێکە لەو بەرهەمانە کە لە چەناڵی یوتیووب بڵاو دەکرێتەوە.

پاژی دووهەم : تۆێژینەوەکانی پێشوو

7.1: پێداچوونەوەی تۆێژینەوەکانی پێشوو

بە ئامانجی سوودوەرگرتن لە خاڵی بەهێز و لاوازی تۆێژینەوەکەی پێشوو، بۆ داڕشتنەوەی ناونیشان و ناوەڕۆکی بەشەکانی ئەم تۆێژینەوەیە، ڕێباز و ڕێکارییەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای تۆێژینەوەکە، تاووتوێی تۆێژینەوە پەیوەندییدارەکانی پێشوو بە هەر سێ زمانی کوردیی و عەرەبیی و ئینگلیزیی کراون. لێرەدا تۆێژەر چەند تۆێژینەوەیەکی دەستکەوتووە ، کە ئەگەرچی پەیوەندییان بە یەکێک لە گۆڕاوەکانی تۆێژنەوەکەوە هەیە، بەڵام هیچکامیان پێکەوە کاریان لەسەر هەردوو گۆڕاوەکەی ئەم تۆێژینەوەیە نەکردووە.

1.7.1: خستنەڕووی تۆێژینەوەکانی پێشوو:

لێرەدا دیارترین ئەو تۆێژینەوانە دەخرێنەڕوو ، کە لەسەر گۆڕاوەکانی "خوێندەواریی میدیایی"، "پەروەردەی منداڵ" و "چەناڵی یوتیووب" نوسراون، لەوانە:

1.1.7.1: ئەحمەد (2025)؛ نووسەری ماستەرنامەیەکی کوردییە بە ناونیشانی "ڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی لە مامەڵە کردن لە گەڵ زانیاریی هەڵە لەنێو سۆشیال میدیایی هەرێمی کوردستاندا" کە پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە. ئەم تۆێژینەوەیە تیشکەخاتەسەر ڕڕۆڵی خوێندەواریی میدیایی و زانیاریی هەڵە لە سۆشیال میدیادا. لە ئامانجە گرنگەکانی زانینی ئاستی بەرکەوتنی سامپلی تۆێژینەوەکە بە سۆشیال میدیاو ئاستی متمانەی سامپڵی تۆێژینەوەکە بە زانیارییەکانی نێو سۆشیال میدیا و زانینی ئاستی ئاشنابوونی سامپڵی تۆێژینەوەکە بە خوێندەواریی میدیایی. تۆێژینەوەکە لە جۆری تۆێژینەوەی پەسنکارانەیە و ڕێکاریی ڕووپێوی بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکەی خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان-ەو سامپڵی تۆێژینەوەکەیش بریتییە لە خوێندکارانی هەر چوار پارێزگەکە کە ژمارەیان 385 خوێندکارە. فۆرمی ڕاپرسیی بەکارهێناوە و لە گرینگترین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووە: تۆێژینەوەکە بە ڕوونیی دەریخستوە کە خوێندەواریی میدیایی ڕۆڵێکی ئەرێنیی وڕاستەوخۆ لە مامەڵەکردنی دروست دەبینێت.

هەروەها خوێندەواریی میدیایی ڕۆڵی لە کارامەییەکانی مامەڵەکردن لە گەڵ زانیاریی هەڵەدا هەیە.

2.1.7.1: ڕاجی و هاوکارانی (2025)؛ نووسەری توێژینەوەیەکی زانستیین بە ناونیشانی "خوێندەواریی میدیایی لە پەروەردەدا: ئامادەکردنی خوێندکاران بۆ جیهانێکی دیجیتاڵیی".[1] ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتەسەر نیگەرانییەکانی خوێندکاران لە وەرگرتنی بڕێکی زۆر لە زانیاریی هەڵە و ناوەڕۆکی پشتڕاستنەکراوە، چوونکە زۆرینەی سیستەمە پەروەردەییەکان پڕۆگرامی خوێندەواریی میدیایی لەخۆناگرن و مامۆستایان ڕووبەڕووی نەبوونی سەرچاوە و ڕاهێنانی پێویست دەبنەوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر فێری خوێندەواریی میدیایی-یان ، ئەوەیش دەبێتە هۆی دابەشبوونی نایەکسانی دیجیتاڵیی لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی خوێندەواریی میدیایی و بێبەشبوونی خوێندکاران لە سوودوەرگرتن لە ناوەڕۆکەکانیان. ئامانجی توێژینەوەکە؛ ئاراستەکردنی خوێندکارانە بە کارامەیی، زانیاریی و تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە کە بۆ گەشتکردن و هەڵسەنگاندن و بەشداریکردنی بەرپرسیارانە لە جیهانێکی دیجیتاڵییدا پێویستن کە بەیەکەوە بەستراوەتەوە. هەروەها جەخت لەسەر ئامادەکردنی خوێندکاران دەکاتەوە بۆئەوەی وەک هاوواڵتییەکی دیجیتاڵیی بەپێی پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ناوەڕۆکی چالاک بەرهەمبهێنن. لەم توێژینەوەیەدا؛ ڕێبازی تێکەڵاوی چەندێتیی و چۆنێتیی بەکارهێنراوە. بۆ پێوانەکردنی ئاستی لێهاتوویی و لایەنی کردەیی؛ فۆرمی ڕاپێوی بەسەر خوێندکاران و مامۆستایان-دا دابەشکراوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ پەروەردەکاران و سیاسەتدارێژەرانی پەروەردەیی ئەنجامدراوە، تاوەکوو دەستنیشانی ئاستەنگ و دەرفەتەکان بکەن. بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە؛ خوێندەواریی میدیایی بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ڕەفتاری پیشەییانەی سەر ئینتەرنێت و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان زۆر پێویستە. هەروەها تێکەڵکردنی خوێندەواریی میدیایی لە پڕۆگرامەکانی خوێندن و پشتگیرییکردنی پەروەردەکاران، بۆ بەهێزکردنی خوێندکاران وەک هاوواڵتییەکی دیجیتاڵیی بەرپرسیار زۆر گرنگە.

3.1.7.1: ئەنگاپاتی (2024)؛ نووسەری توژینەوەیەکی زانستییە بە زمانی ئینگلیزیی بە ناونیشانی "لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی بەرکەوتنی میدیا لەسەر خوێندەواریی تەمەنی سەرەتایی و پەرەپێدانی تواناکانی خوێندنەوە لە منداڵاندا"[2]. ئەم توێژینەوەیە؛ پێشکەش بە فاکەڵتی زانستە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی زانکۆی ماهێندراداتا کراوە و تیشکیخستووەتەسەر پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی میدیا و گەشەی تواناکانی خوێندنەوە لای منداڵانی سەرەتایی. توێژینەوەکە جەخت لە گرنگیی خوێندەواریی سەرەتایی منداڵان؛ وەک

[1] Raji T. O, Oladimeji O. A. Akinyera M. B, 2025. Media Literacy In Education: Preparing Students For A Digital World, *Journal of Educational Studies*, Trends and Practice.

[2]. Anggapati, G. (2024) Exploring the Impact of Media Exposure on Early Age Literacy and Reading Skills Development in Children. Unpublished thesis, Mahendradatta University.

بنەمایەکی سەرەکیی بۆ فێربوون و بەردەوامیی ژیان دەکاتەوە. هەروەها باس لە ڕۆڵی تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵیی لە پرۆسەی پەروەردەدا دەکات و لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن جۆرە جیاوازەکانی میدیا کاریگەریی لەسەر توانای خوێندنەوەی منداڵان دادەنێن ، بەتایبەت لەم سەردەمەدا ، کە ژینگەیەکی پڕ لە میدیای دیجیتاڵیی لە برەودایە. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە؛ شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی میدیا و تواناکانی خوێندنەوەی سەرەتاییە لەلای منداڵان و مشتی توێژینەوەکەیش لە منداڵانی تەمەن 3 بۆ 8ساڵ پێکدێت. توێژەر ڕێبازی تێکەڵاوی چەندێتیی و چۆنێتیی بەکارهێناوە، تاوەکوو هەڵسەنگاندن بۆ لێهاتوویی خوێندنەوە و ڕاپێویی لەسەر خووەکانی بەکارهێنانی میدیا بکات. هاوکات چاوپێکەوتنی لەگەڵ دایباب و پەروەردەکاران کردووە و شیکاری ناوەڕۆکی بۆ بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی قوواڵتر لەسەر کاریگەرییەکانی میدیا بەکارهێناوە. بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە؛ پەیوەندییەکی ئاڵۆز لەنێوان بەکارهێنانی میدیا و خوێندەواریدا هەیە، چوونکە لەلایەک پەیوەندییەکی ئەرێنیی لەنێوان بەکارهێنانی مامناوەندیی میدیای کارلێککارانە (interactive media) و باشتربوونی هەندێک کارامەیی وەک هۆشیاریی دەنگیی و شارەزایی لە خوێندنەوەی سەر شاشەدا هەیە، لە لایەکی دیکەوە بەسەربردنی کاتێکی زۆر لە بەردەم شاشە و بەکارهێنانی میدیای ناکارا (passive media)، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ڕەوانبێژیی لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی منداڵان-دا هەیە. لە کۆتاییدا؛ توێژینەوەکە جەخت لە گرنگیی ڕۆڵی دایباب دەکاتەوە لە بەشداریی چالاکانەیان لە ڕێنماییکردنی منداڵان و گفتوگۆکردن لەسەر ناوەڕۆکەکان، چوونکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکان و زیادکردنی کاریگەرییە ئەرێنییەکان یارمەتیدەر دەبێت.

4.1.7.1: دلێر (2023)؛ نووسەری ماستەرنامەیەکی کورديیە بە ناونیشانی "ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە هۆشیارکردنەوەی وەرگر لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵیی-دا" پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە. توێژینەوەکە تیشکدەخاتەسەر کێشەی ناڕوونیی ڕۆڵی پەروەردەی میدیایی لە ئاڕاستەکردنی پەیامەکانی میدیا بۆ وەرگر. ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: زانینی ئاستی شارەزایی خوێندکارانی زانکۆ لەبارەی پەروەردەی میدیایی و دیاریکردنی ڕادەی سوودوەرگرتنیان لەمجۆرە پەروەردەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ میدیای دیجیتاڵیی-دا. توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوەی پەسنکارانەیە و ڕێکاریی ڕووپێوی بەکارهێناوە. خوێندکارانی زانکۆکانی سلێمانی و پۆلیتەکنیکی سلێمانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێنن و مشتی توێژینەوەکەیش بریتییە لە 620 خوێندکار کە بەپێی کۆلێژ، پسپۆڕیی و ڕەگەز دیارییکراون. بۆ کۆکردنەوەی داتاکان؛ فۆرمی ڕاپێویی وەک ئامڕازی سەرەکیی توێژینەوەکە بەکارهێنراون. بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە؛ خوێندکاران بەشێوەیەکی بەردەوام ڕۆژانە زیاتر لە چوار کاتژمێر ئامڕازە جیاوازەکانی میدیا بەکاردەهێنن و زۆرینەشیان ئاشنایەتییان لەگەڵ چەمکی "پەروەردەی

میدیایی"دا هەیە و هۆکاری کەمیی یان نەبوونی کاریگەریی پەروەردەی میدیایی بۆ لاوازیی ئاستی میدیاکان دەگەڕێتەوە.

5.1.7.1: محەمەد (2023)؛ نووسەری توێژینەوەیەکی ئینگلیزییە بە ناونیشانی "پەروەردەی منداڵیی؛ بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوام گرنگە" [3]، پێشکەش بە بەشی بەڕێوەبردنی بازرگانیی زانکۆی نێودەوڵەتیی نێکسوس ئۆگاندا کراوە. ئەم توێژینەوەیە تیشکدەخاتەسەر ڕۆڵی سەرەکیی خوێندەواریی میدیایی لە گەشەپێدانی منداڵانی بچووک–دا. هاوکات جەخت لە گرنگیی دروستکردنی دەرفەتی فێربوونی هاوبەش دەکاتەوە کە تێیدا گەورەکان و منداڵان پێکەوە ئەزموونی میدیایی دەکەن و لێیەوە فێردەبن. توێژینەوەکە هەوڵدەدات ستراتیژیی کرداریی پەرەپێبدات، تاوەکوو پشکنین و لێکۆڵینەوە لەلای منداڵ و چاودێرەکانیان هان بدات. ڕێبازی چۆنێتیی لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتووە و گروپێکی جۆراوجۆری لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و 75 پەروەردەکار و پسپۆڕی پەروەردەی سەرەتایی منداڵ وەک مشتی توێژینەوەکە لە پەروەردەکارانی قوتابخانەکان، کتێبخانەکان، مۆزەخانەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان وەرگیراون. ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە تێگەیشتن لە چۆنێتی بەکارهێنانی گونجاویی ئامێرە دیجیتاڵییەکان بۆ پشتگیرییکردنی فێربوون و جەختکردنەوە لەسەر گرنگیی بەشداریی گەورەکان لە ئەزموونە میدیاییەکانی منداڵان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی نایەکسانیی لە دەستڕاگەیشتن بە تەکنۆلۆجیا و پەروەردەی میدیایی. بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە؛ پێشخستنی گفتوگۆکان بووە هۆی خوێندەواریی میدیایی و داڕشتنی چوارچێوەیەک کە منداڵان لە بەکارهێنەری ناکاراوە بۆ دروستکەری چالاکی میدیایی بگۆڕێن. بەپێی بۆچوونی بەشداربووانی توێژینەوەکەیش؛ پەروەردەی میدیایی یارمەتیی وەرگر بۆ ناسینەوەی هەواڵی ساختە و ناوەڕۆکی لاواز دەدات کە توانای شیکردنەوە و ڕەخنەگرتنیان لە پەیامە میدیاییەکان بەهێزدەکات. توێژینەوەکە جەخت لە پێویستیی دەستپێشخەریی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی یەکسانیی و دەستڕاگەیشتن کردەوە کە لەگەڵ هاندانی هاوکاریی بەردەوام لەنێوان هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا بۆ تێکەڵکردنی کاریگەرییەکانی خوێندەواریی میدیایی لە پەروەردەی سەرەتایی–دا.

6.1.7.1: پاوەرز (2022)؛ نووسەری ماستەرنامەیەکی ئینگلیزییە بە ناونیشانی: "نەوەی Z و خوێندەواری میدیایی: تێڕوانینی گەنجان بۆ پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی"[4] پێشکەش بە

[3]. Muhammad, I.Y. (2023) Childhood Education: Critical To Achieving Sustainable Development Goal. Unpublished thesis, Nexus International University.

[4] Powers, Alanna Eavan ,2022. Generation Z and Media Literacy: Young People's Perceptions of Media Literacy Education, Master, Pennsylvania State University.

زانکۆی سـیراکیوز له ویلایەتی یەنسـیلڤانیا کراوە. توێژینەوەکە تیشـکەخاتەسـەر ئەوەی سەرەڕای بەکارهێنانی بەربڵاوی میدیا و تەکنۆلۆجیا لە نێو گەنجاندا؛ تێگەیشتنێکی سنووردار لە تێڕوانینەکانیان بۆ خوێندەواریی میدیایی هەیە. کێشـەکە لەسـەر کەلێنی نێوان بەکارهێنانی میدیا و کارامەیی ڕەخنەگرانە ، کە بۆ گەشـتکردن بە میدیا بە شـێوەیەکی کاریگەر پێویسـتن. ئامانجی توێژینەوەکە؛ لێکۆڵینەوەیە لە دیدگەکانی نەوەی Z لەبارەی خوێندەواریی میدیایی دەکات و تیشـکەخاتەسـەر چۆنێتی پێناسـەکردن، تێگەیشـتن و هەڵسـەنگاندنی خوێندەواریی میدیایی لەلایەن گەنجان لە ژیانی ڕۆژانە و چوارچێوەی پەروەردەییاندا. ئەم توێژینەوەیە؛ ڕێبـازی چۆنێتیی و ڕێکـاریی چـاوپێکەوتنی لەگەڵ 30 خوێنـدکـاری ئـامـادەیی قوتـابخـانە جیاوازەکانی تورکیا بەکارهێناوە. بەشـــداربووان بە بەکارهێنانی مشـــتی ئامانجدار بۆ نوێنەرایەتییکردنی نەوەی Z هەڵبژێردران. ئەنجـامـی توێژینەوەکەیش دەریـدەخەن ، بەشداربووان زیاتر لە ڕووی "بەکارهێنانی هۆشیاریی میدیایی"، "جیاکردنەوەی زانیاریی ڕاست لە هەڵە" و "پرسـیارکردن لە ناوەڕۆکی میدیایی"؛ خوێندەواریی میدیایی-ان پێناسـەکردووە. گەنجان جەختیان لە گرنگی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و هۆشـیاریی لە کاتی پەیوەندییکردن لەگەڵ میدیاکاندا کردوەتەوە. هەروەها خوێندەواریی میدیایی بۆ پاراستن لە دەستکارییکردن و زانیاریی هەڵە بە گرنگ دەزانن. لە کۆتاییشـــدا؛ توێژینەوەکە گەیشـــتووەتە ئەو ئەنجامەی ، نەوەی Z، خوێندەواریی میدیایی وەک لێهاتوویەکی گرنگ بۆ گەشـتکردن بە ژینگەی میدیایی ئاڵۆزی ئەمڕۆدا هەستپێدەکات.

7.1.7.1: عەلی (2020)؛ نووسـەری دکتۆرانامەیەکی کوردییە بە ناونیشـانی: "ڕۆڵی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی منداڵان لە دروستکردنی ڕەفتاری توندوتیژی"یدا کە پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە. ئەم توێژینەوەیە؛ تیشکەخاتەسەر کاریگەریی ناوەڕۆکی بەرنامەکانی منداڵان لەسـەر ڕەفتاری توندووتیژییان. بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕاوەکانی وەک: ڕەگەز، ئاسـتی خوێندن و ماوەی سـەیرکردنی بەرنامەکان؛ ئامانجی سـەرەکیی توێژینەوەکە دەسـتنیشـانکردن و پۆلکردنی ئەو کارەکتەرانەیە کە منداڵان حەزیان لێیە و پێیان سـەرسـامن. هاوکات هەوڵی ئاشکراکردنی ڕۆڵی بەرنامەکانی منداڵان لە داڕشتنی ڕەفتـاری تونـدووتیژیی لای منـداڵان دەدات. لەڕووی میتۆدییەوە قوتـابخـانە بنەڕەتییەکـانی نـاوەنـدی شـــارۆچکەی کۆیە؛ ســـنووری جوگرافیی توێژینەوەکە پێکدەهێنن و هەریەک لە ڕێکارەکانی: فۆڕمی ڕاپێویی بۆ دیارییکردنی ئاســـتی توندووتیژیی لەلای منداڵان؛ فۆڕمی شـــیکردنەوەی نـاوەڕۆک بۆ پۆلێنکردنی نـاوەڕۆکی بەرنـامەکـان؛ فۆڕمی تێبینییکردن بۆ چـاودێرییکردنی ڕەفتـارەکـانی منـداڵان بەکـارهێنراون. بەپێی گرنگترین ئەنجـامەکـانی توێژینەوەکەیش؛ منـداڵان ســـەیری نزیکەی 58 بەرنـامەی جیـاواز دەکەن کە زۆرینەیـان فیلمکارتۆن و ئەنیمەیشـــن-ن. بە بەراورد بە کچان؛ منداڵانی کوڕ توندووتیژترن و ئارەزووی ســـەیرکردنی ئەو بەرنـامـانەیـان هەیە کە نـاوەڕۆکی تونـدووتیژیـان هەیە. هـاوکـات ئەو

تەلەڤزیۆنانەی کە بەرنامەکانیان بە زمانی کوردیی پەخشـــــدەکەن؛ زۆرترین بینەریان لەنێو مشتی تۆێژینەوەکەدا هەیە.

8.1.7.1: حەمید (2018)؛ نووســەری ماســتەرنامەیەکی عەرەبییە بە ناونیشــانی: **"کاریگەریی میدیا لەســـەر زمانی منداڵ؛ تەلەڤزیۆن وەک نموونە".**[5] ئەم تۆێژینەوەیە لە کاریگەرییەکانی میدیای پەخشــکراو (تەلەڤزیۆن) لەســـەر گەشـــەکردنی زمانی منداڵانی جەزائیر دەکۆڵێتەوە. کێشـــەی ســـەرەکیی تۆێژینەوەکە بریتییە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی خراپبەکارهێنانی میدیا لەســـەر توانای زمان و گەشـــەی گشـــتیی منداڵان. تۆێژینەوەکە دان بە ڕۆڵی دوولایەنەی تەلەڤزیۆن–دا دەنێت ، کە دەکرێت لەیەککاتدا هەم ئامرازێک بێت بۆ فێربوونی زمان و هەم ســـەرچـاوەیەک بۆ تێکـدانی زمـان، چوونکە زۆرجـار نـاوەرۆکەکەی لەگەڵ ئـامـانجە پەروەردەییەکانی وەک لێبوردەیی و هۆشیاری نایەتەوە. لە ڕووی میتۆدییەوە؛ قوتابیانی پۆلی پێنجەمی قوتـابخـانە ســـەرەتـاییەکـان وەک مشـــتی تۆێژینەوەکە هەڵبژێردراون و داتـای تۆێژینەوەکەیش لە ڕێگەی هەڵســـەنگاندنی بەرکەوتنی منداڵان بە ناوەرۆکی تەلەڤزیۆنیی و شیکردنەوەی توانای زمانەوانییان کۆکراونەتەوە. ئامانجی تۆێژینەوەکە؛ تێگەیشتن بووە لەوەی ، کە چۆن تەلەڤزیۆن دەتوانێت لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکاندا هاوتەریب یان ناکۆک بێت. بەپێی ئەنجامەکانی تێژینەوەکە؛ لەکاتێکدا میدیای پەروەردەیی دەتوانێت کاریگەریی ئەرێنیی لەســەر تێگەیشـتنی منداڵان لە بەها ئاکاریی و کۆمەڵایەتییەکان هەبێت، بەرکەوتنی بێچاودێریی دەتوانێت زیـان بە گەشـــەی زمـانەوانییـان بگەیەنێت. ئەوەیش بەهۆی نەبوونی ڕێنمـایی و هۆشیاریی پێویست قوولتر دەبێتەوە، چوونکە ناهێڵێت منداڵان بە شێوەیەکی دڕووست مامەڵە لەگەڵ ناوەرۆکەکاندا بکەن. هەربۆیە، تۆێژینەوەکە جەخت لەسەر گرنگیی دەستپێشخەرییەکانی خوێندەواریی میدیایی دەکاتەوە کە شـــانبەشـــانی ڕێنمایی دایباب و بەرنامە پەروەردەییەکان، یارمەتیی منداڵان دەدەن، تاوەکوو بەشـێوەیەکی ڕەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ تەلەڤزیۆن–دا بکەن و سوود لە تواناکانی بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان وەربگرن.

9.1.7.1: ئەلخەیون (2018)؛ نووســـەری تۆێژینەوەیەکی عەرەبییە بە ناونیشـــانی: "میدیای پەروەردەیی و ڕۆڵی لە دارشـتنی هۆشـیاریی منداڵان–دا"[6]. کێشـەی ســەرەکیی تۆێژینەوەکە لەوەدایە کە بەهۆی پەرەســـەندنی تەکنۆلۆژیا و باڵادەســـتیی ئامێرەکانی تەلەڤزیۆن و مۆبایل، میدیای پەخشـکراو دەتوانێت کاریگەریی نەرێنیی لەســەر هۆشـیاریی منداڵان دڕووسـتبکات، بەتایبەت ئەگەر بە شـــێوەیەکی دڕووســـت و بەپێی بنەما پەروەردەییەکان ئاڕاســـتەنەکرێت. ئەوەیش وا دەکات میدیا هەم وەک ســەرچاوەیەکی زانیاریی و هەم وەک هۆکاری شـــێواندنی تێڕوانین و ڕەفتارەکان دەربکەوێت، بەتایبەت لە ســـایەی نەبوونی ڕێنمایی و هۆشـــیاریی پێویســـتدا بۆ شـــیکردنەوەی دڕووســـتیی و نادڕووســـتیی پەیامەکان. لەڕووی میتۆدۆییەوە؛

---

[5] حميد ، الهام حميد ،٢٠١٨ ، تأثير وسائل الاعلام على لغة الطفل –التلفيزيون النموذجا ،ماستر، الجزائير

[6] الخيون ، حارث محمد طارق الخيون ، ٢٠١٨، الاعلام التربوي ودورة في تشكيل وعي الطفل ، المجلة العربية للاعلام و ثقافة الطفل ، الموءسسة العربية و العلوم و الاداب –المصر .

توێژینەوەکە زۆتر تیۆرییە و پشتی بە پێداچوونەوەی ئەدەبیات و شیکردنەوەی ڕۆڵی میدیای پەروەردەیی بەستووە. هەروەها توێژینەوەکە بۆشاییەکی گەورەی لەنێوان ئامانجە پەروەردەییەکان (وەک چاندنی بەهاکانی لێبوردەیی و میانڕەویی) و ئەو ناوەڕۆکەدا دیاریکراوانەی کە زۆرجار لە میدیادا نمایشدەکرێت و ڕەنگە هیچ بەهایەکی پەروەردەیی نەبێت. لەو چوارچێوەیەدا؛ میدیای پەروەردەیی وەک نێوەندگیرییەک لە نێوان ماڵ و قوتابخانەدا پێناسەدەکرێت کە ئامانجی پڕکردنەوەی بۆشایی دەروونیی نێوان خوێندکاران و ژینگەی دەرەوەیانە لە ڕێگەی ناساندنی چەمکی پەروەردەی میدیایی-ەوە. ئەنجامی توێژینەوەکە؛ پێویستیی هاوکاریی نێوان دەزگەکانی میدیا لەگەڵ پەروەردەکاران و دایکان و باوکان دووپاتکراوەتەوە، ئەوەیش لەپێناو دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو ناوەڕۆکانەی کە بەها و ڕەفتارە ئەرێنییەکان بەهێز دەکەن. بەو بۆنەیەوە؛ توێژینەوەکە پێشنیازی تێکەڵکردنی "پەروەردەی میدیایی" بە پڕۆگرامەکانی خوێندن و دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ دایکان و باوکان دەکات، تاوەکوو بتوانن بەناو دیمەنی ئاڵۆزی میدیاییدا ڕێنوێنیی منداڵەکانیان بکەن و لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی تووندوتیژیی میدیایی و ناوەڕۆکی نەشیاویان بپارێزن.

10.1.7.1: شەهید و عەماعەلە (2018)؛ نووسەرانی توێژینەوەیەکی عەرەبیین بە ناونیشانی: "کاریگەریی تووندووتیژی میدیای تەلەفزیۆنیی لەسەر پەیوەندیی منداڵان لە قوتابخانە سەرەتاییەکان لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان لە شاری ئەلناسریەدا."[7] ئەم توێژینەوەیە لە کاریگەریی بەرکەوتن بە ناوەڕۆکی تووندووتیژییەکانی تەلەفزیۆن لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵان دەکۆڵێتەوە. کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە لەو پرسیارەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئایا زیادبوونی بەرکەوتن بە تووندووتیژی میدیایی لە لاوازکردنی پەیوەندیی نێوان هاوتەمەنەکان-دا بەشدارە یان نا. ئامانجی توێژینەوەکە؛ بریتییەلە تیشکخستنە سەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی تووندووتیژی تەلەڤزیۆنیی لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتیی منداڵان و جەختکردنەوە لەسەر پێویستیی دەستتێوەردان بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییانە. لە ڕووی میتۆدییەوە؛ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە منداڵانی قوتابخانە سەرەتاییەکانی شاری ناسریە پێکهاتوون، کە 221 منداڵ وەک مشتی توێژینەوەکە هەڵبژێردراون. داتاکانی توێژینەوەکە؛ لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپێویی کۆکراونەتەوە و پێوەرەکانی: بەرکەوتن بە تووندووتیژی میدیایی و هەڵسەنگاندنی پەیوەندیی منداڵان لەگەڵ هاوتەمەنەکانیاندا لەخۆگرتووە. بۆ شیکردنەوەی داتاکان و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە؛ تاقیکردنەوەی ئاماریی کای-چوارگۆشە بەکارهێنراوە. بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە؛ پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان بەرکەوتن بە تووندووتیژی تەلەڤزیۆنیی و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و زیاتر لە نیوەی ئەو منداڵانەی بەرکەوتەی تووندووتیژیی بوون، پەیوەندیی خراپیان لەگەڵ هاوتەمەنەکانیاندا هەبووە. هەروەها گۆڕاوەکانی وەک: ڕەگەز، قەبارەی خێزان و کاتی سەیرکردنی ڕۆژانەی تەلەڤزیۆن؛ کاریگەریی بەرچاویان هەیە و بەرنامە تایبەتەکانی وەک زۆرانبازیی و کارتۆنی

[7] الشهيد، أ. ص. وعماعلة، إ. غ. (٢٠١٨) 'أثر عنف وسائل الإعلام المتلفزة على علاقة أطفال المدارس الابتدائية مع زملائهم في مدينة الناصرية'، المجلة العراقية الوطنية لاختصاصات التمريض، ٣١(٢).

توندووتیژیی پەیوەندییەکی ڕاســـتەوخۆیان بەو کێشـــەیەوە هەیە. لە کۆتاییدا؛ توێژینەوەکە پێشـنیازی دەســتپێکردنی هەڵمەتی هۆشـیاریی بۆ پەروەردەکردنی دایباب، هاندانی چاودێریی بەکارهێنانی میدیا دەکەن و جەخت لە پێویســتیی ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر بۆ پاراســتنی منداڵان لە کاریگەرییە زیانبەخشەکانی توندووتیژیی میدیا دەکەنەوە.

11.1.7.1 : موختاری (2017)؛ نووسەری ماستەرنامەیەکی عەرەبییە بەناونیشانی: "پەروەردە و فێربوون لە باخچەی ساوایان-دا: لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی لە واقیعی باخچەی ساوایان لە ویلای تیزی ئۆزۆ وەک نموونە".[8] ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون بۆ دۆخی پەروەردەی باخچەی ساوایان لە ناوچەی تیزی ئۆزۆ لە جەزائیر دەکات. کێشــەی ســەرەکیی توێژینەوەکە لە تێگەیشــتنی ڕۆڵی بـاخچەی ســـاوایـانە لە گەشـــەپێدانی گشـــتگیری منـداڵانی پێش قوتـابخـانە. توێژینەوەکە تیشـکدەخاتەســەر ئەو بۆشـاییەی کە لە نێوان گرنگی تیۆریی باخچەکان و واقیعی جێبەجێکردنی پراکتیکە پەروەردەییەکاندا هەیە، چوونکە سەرەڕای سووڕە پێشبینییکراەکان، ڕەنگە دامەزراوەکان نەگەنە ئاستی ستاندارد پەروەردەییە داواکراوەکان. لە ڕووی میتۆدییەوە و بۆ پشکنینی پراکتیکە پەروەردەیی و پێداگۆجییەکان لە باخچەکانی ســـاوایانی ناوچەی تیزی ئۆزۆ؛ ڕێکاریی ڕاپێویی بەکارهێنراوە. ئامانجی ســـەرەکیی توێژینەوەکە ئەوە بووە ، کە بزانرێت ئەم باخچانە تا چەند بەشـــداریی لە پەروەردە و گەشـــەی منداڵاندا دەکەن، بەتایبەت لە ئامادەکردنیان بۆ قوتابخانەی ســـەرەتایی و کارکردنیان وەک درێژکراوەی ژینگەی ماڵەوە. لێکۆڵینەوەکە بە وردیی لە بەرنامە پەروەردەییەکان، چالاکییەکان و ئاستی یەکگرتنیان لەگەڵ بنەما تیۆرییەکانی پەروەردەی منداڵانی ســەرەتایی کۆڵیوەتەوە. دەرەنجامی توێژینەوەکەیش؛ ئەوە دەردەخات ، پێویســتە هەڵســەنگاندن و چاکســازیی بۆ پەروەردەی باخچەی ســاوایان لە ناوچەکەدا بکرێت. توێژینەوەکە واقیعی ئێســتای ئەم دامەزراوانە ڕووندەکاتەوە و ئەو بوارانە دەستنیشاندەکات کە پێویستیان بە باشترکردن هەیە. هەروەهـا جەخـت لەوە دەکـاتەوە ، بۆ دڵنیـابوون لەوەی بـاخچەکـان بە شـــێوەیەکی کـاریگەر پێداویستییەکانی گەشە و پەروەردەی منداڵان دابینبکەن، پێویستە کار بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان پراکتیک و ستاندارد تیۆرییەکان بکرێن.

12.1.7.1: دیرگـارتن و هـاوکـارانی (2017)؛ نووســـەرانی توێژینەوەیەکی ئینگلیزیین بەنـاونیشـــانی: "کـاریگەریی خوێندەواریی میـدیـایی لەســـەر فێربوونی منـداڵان لە فلم و هاپەرمیدیادا".[9] ئامانجی ســـەرەکیی توێژینەوەکە؛ دیارییکردنی ئاســـتی بەرزی خوێندەواریی میدیایی و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە باشتربوونی دەرئەنجامەکانی فێربوونی منداڵانی بچووک

[8] مخطاري ، نصيرة صالح مخطاري ،٢٠١٧ ، التربية و التعليم في رياض الاطفال ، للماجستر ، مجلة العلوم الانسانية و الاختماعية ، الجزائير.

[9] Diergarten, A.K., Möckel, T., Nieding, G. and Ohler, P. (2017) 'The impact of media literacy on children's learning from films and hypermedia', Journal of Media Psychology

هەیە. هاوکات تیشکدەخاتەسەر چۆنێتی کارلێکی هۆکارە جیاوازەکان لەسەر فێربوون لە ڕێگەی میدیاوە. لەڕووی میتۆدییەوە؛ ڕێبازی چەندێتیی بەکارهێناوە و 150 منداڵی تەمەن 3-5ساڵ کە لە ناوەندەکانی چاودێریی لە شارەکانی کیمنیتز و ڤورزبۆرگ لە ئەڵمانیا وەک مشتی توێژینەوەکە وەرگیراون. بۆ کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکە؛ خوێندەواریی میدیایی لە ڕێگەی تاقیکردنەوەیەکی کۆمپیوتەرییەوە هەڵسەنگێنراوە و دەرئەنجامەکانی فێربوونیش بە بەکارهێنانی پرسیاری ناسینەوە و دەرئەنجامدان پێوانەکراون. هاوکات شیکاری ئاماریی پاشەکشەی پلەبەندیی بۆ هەڵسەنگاندنی پەیوەندییەکە لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوە کاریگەرەکانی وەک: ئاستی زیرەکیی، ماوەی بەکارهێنانی میدیا، دۆخی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی بەکارهێناوە. بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە؛ خوێندەواریی میدیایی لە ڕێگەی سەرچاوە میدیاییەکانەوە، پێشبینیکەرێکی گرنگی فێربوونە. ئەو منداڵانەی توانای خوێندەواریی میدیایی باشتریان هەیە، باشتر دەتوانن مامەڵە لەگەڵ سیستەمە هێماییەکانی ناو فۆرماتە جیاوازەکانی میدیادا بکەن و لێیان تێبگەن. ئەوەیش جەخت لە گرنگیی پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی لە قۆناغی سەرەتایی منداڵان-دا وەک ئامرازێک بۆ باشترکردنی دەرئەنجامە پەروەردەییەکان دەکاتەوە. کاریگەرییەکانی ئەم بابەتە لەسەر ئەدائی ئەکادیمی تیدەپەڕێت و ئاماژەیە بۆ پێویستیی تێکەڵکردنی خوێندەواریی میدیا لەلایەن پەروەردەکاران و دارێژەرانی سیاسەت بۆ نێو پڕۆگرامەکانی خوێندن، تاوەکوو منداڵان بۆ ژینگەیەکی پڕ لە ئاڵۆزی میدیای ئەمڕۆ ئامادە بکرێن.

13.1.7.1: ئەلحەمدانی (2015)؛ نووسەری توێژینەوەیەکی عەرەبییە بە ناونیشانی: "پەروەردەی میدیایی و خوێندەواریی دیجیتاڵیی".[10]ئەم توێژینەوەیە لە پەروەردەی میدیایی دەکۆڵێتەوە کە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریی و لێهاتوویی تاک و کۆمەڵگەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ شێوە و ناوەڕۆکە جیاوازەکانی میدیادا. کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە؛ جەخت لە گرنگیی پەروەردەی میدیایی لە پەروەردەکردنی هاوواڵاتییانی ئاگادار و ڕەخنەگر دەکاتەوە کە توانایان هەبێت بە شێوەیەکی کاریگەر لە ئاڵۆزییەکانی پەیامە میدیاییەکان تێبگەن و شیکارییان بۆ بکەن لەڕووی میتۆدییەوە؛ ڕێبازی چۆنێتیی بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشتی فرەلایەنی پەروەردەی میدیایی بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە پەروەردەکاران، خوێندکاران و پیشەییەکانی بواری میدیا پێکهاتوون و ئەو کەسانەی بەشداریان لە بەرنامە و دەستپێشخەرییەکانی خوێندەواریی میدیادا کردووە، وەک مشتی توێژینەوەکە هەڵبژێردراون. ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە؛ ڕوونکردنەوەی گرنگیی پەروەردەی میدیایی-ە لە ژینگەی دیجیتاڵیی ئەمڕۆدا، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و دامەزراندنی چوارچێوەیەک بۆ دروستکردنی هاوواڵاتی دیجیتاڵیی ، کە بتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر لە پانتایی دیجیتاڵییدا پەیوەندییبکات. دەرەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات ، تێکەڵکردنی پەروەردەی میدیایی بە پڕۆگرامە پەروەردەییەکان بۆ ئامادەکردنی خوێندکاران زۆر گرنگە، تاوەکوو ببنە بەکارهێنەری

[10] الحمدانی، بشری حسن، ٢٠١٥. التربیه الاعلامیه ومحو الامیه الرقمیه ،اطرحه دکتورا، عمان، داروائل للنشر والتوزیع.

ئاگادار و بەرهەمهێنەری بەرپرسیاری زانیاریی. هەروەک جەخت لەو پەیوەندییە پتەوە دەکاتەوە ، کە لەنێوان پەیوەندییکردن، لێهاتوویی میدیایی، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکدا هەیە. کەواتە پەروەردەی میدیایی وەک پێویستییەکی بنەڕەتیی بۆ توانازیی تاکەکان دەردەکەوێت، تاوەکوو بە شێوەیەکی کاریگەر مامەڵە لەگەڵ پانتایی دیجیتاڵییدا بکەن.

2.7.1: گفتووگۆی تۆێژینەوەکانی پێشوو

13 تۆێژینەوەی زانستیی کە دووانیان بە زمانی کوردی، پێنجیان بە عەرەبیی و پێنجیان بە ئینگلیزیی نووسراون؛ کۆنترینیان بۆ ساڵی 2015 و نوێترینیان بۆ ساڵی 2025 دەگەڕێنەوە و بە جیا تاووتوێی بابەتەکانی پەیوەست بە "خوێندەواریی میدیایی" و "پەروەردەی منداڵ"یان کردووە. لەم تۆێژینەوەیەدا جگەلە تاووتوێکردنی هەریەکەیان؛ حاڵی لێکچوون و جیاوازیی نێوانیان دەستنیشانکراون و لە چەند ڕوویەکەوە سوودیان لێوەرگیراوە، لەوانە:

1.2.7.1: لەڕووی ناونیشان-ەوە

ئەم تۆێژینەوەیە لەڕووی ناونیشانەوە؛ لە تۆێژینەوەکانی ئەحمەد (2025)، ڕاجی وهاوکارانی (2025) ، ئەنگاپاتی (2024)، محەمەد (2023)، دیرگارتن و هاوکارانی (2017)، پاوەرز (2022)و ئەلحەمدانی (2015) دەچێت، چوونکە هەموویان جەخت لەسەر گرنگیی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ و پەیوەندیی نێوان ئەم دوو گۆڕاوە سەرەکییە دەکەنەوە. بەپێچەوانەوە؛ لەڕووی سنووری جوگرافیی و بەکارهێنانی سەکۆ دیجیتاڵییەکانەوە لە هەموو تۆێژینەوەکانی پێشوو جیاوازە، چوونکە تۆێژینەوەکانی عەلی (2020)، شەهید و عەماعەلە (2018) سەرنجیان لەسەر تەلەفزیۆن و ئەم تۆێژینەوەیە لەسەر چەناڵی یوتیووب بووە.

2.2.7.1: لەڕووی میتۆدیی-ەوە

ئەم تۆێژینەوەیە لەڕووی میتۆدیی و ڕێکارەکانی کۆکردنەوە و داتای تۆێژینەوەوە؛ لەگەڵ تۆێژینەوەکانی محەمەد (2023)، پاوەرز (2022) و ئەلحەمدانی (2015) دەچێت، چوونکە ئامانجی هەموو تۆێژینەوەکان تێگەیشتنی چۆنێتیی قوواڵ و فرەلایەنی گۆڕاوە سەرەکییەکان بوون، نەک بە تەنیا پێوانەکردنی چەندێتیی. لەڕووی تێکەڵکردنی هەردوو ڕێکارەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و چاوپێکەوتنی چڕ-ەوە؛ ئەم تۆێژینەوەیە لەگەڵ زۆربەی تۆێژینەوەکانی پێشوودا جیاوازە، لەوانە تۆێژینەوەکانی ئەحمەد (2025) ، ڕاجی وهاوکارانی (2025)، دلێر (2023)، شەهید و عەماعەلە (2018) پشتیان بە ڕێبازی چەندێتیی و ڕێکاریی

ڕووپێویی بەستووە، هەروەها توێژینەوەی دیرگارتن و هاوکارانی (2017)، ڕێبازی چەندێتیی تاقیکاریی بەکارهێناوە.

3.2.7.1: لەڕووی ئامانج-ەوە

ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی ئامانج-ەوە؛ لە ئامانجی توێژینەوەکانی ئەحمەد (2025)، ئەنگاپاتی (2024) و عەلی (2020)، ڕاجی وهاوکارانی (2025)، دیرگارتن و هاوکارانی (2017)، ئەلحمدانی (2015) و پاوەرز (2022) لەیەکدەچن، چوونکە ئەگەرچی ئامانجی هەموویان ڕوونکردنەوەی گرنگیی چەمکی خوێندەواریی میدیایی لە سەردەمی دیجیتاڵییدایە، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە جەختکردنەوەیە لەسەر شیکردنەوەی ناوەڕۆکی چەمکی خوێندەواریی میدیایی لەهەرێمی کوردستان و لەچوارچێوەی چەناڵی یوتیووبی منداڵان-ە ، کە ئەوەیش ئامانجێکی جیاوازە لەوانیدیکە و پێشتر نەبووەتە پرس و بابەتی سەرەکیی هیچ توێژینەوەیەکی پێشوو، چ بە زمانی کوردیی یاخوود بە زمانی بیانی.

4.2.7.1: لەڕووی ئەنجام-ەوە

ئەم توێژینەوەیە لەڕووی دەرئەنجام و ئەنجام-ەوە؛ لەگەڵ توێژینەوەکانی ئەحمەد (2025) ، ڕاجی وهاوکارانی (2025)، ئەنگاپاتی (2024)، حەمید (2018)، پاوەرز (2022) و ئەلخەیون (2018) لەیەکدەچێت، چوونکە هەموویان گەیشتووینەتە ئەو باوەڕەی کە بەرکەوتنی منداڵ بە میدیا و پەیامەکانی، پێویستیی بە پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی هەیە. بەپێچەوانەوە؛ لەگەڵ توێژینەوەکانی عەلی (2020)، شەهید و عەماعەلە (2018) جیاوازە، ئەوان زۆرتر سەرنجیان لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆندووتیژی میدیایی بووە و ئەم توێژینەوەیە بە تەنیا باس لە هەبوون یان نەبوونی کاریگەرییەکانی خوێندەواریی میدیایی ناکات، بەڵکوو بۆ چۆنێتی جێبەجێکردنی لەبەرهەمهێنان و بەکارهێنانی پەیامی میدیایی قوولّدەبێتەوە.

8.1: پووختەی بەش

لەم بەشەدا؛ بە وردیی چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، لەوانە: گرنگیی ناونیشانی توێژینەوەکە و هۆکارەکانی هەڵبژاردنی، مەبەست و ئامانجەکانی لەگەڵ کێشە و پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە و ئەو ڕێباز و ڕێکارانەی بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان بەکارهاتوون. هاوکات پێداچوونەوە بە 13 توێژینەوەی پێشوودا کراون، بە زمانەکانی کوردیی، عەرەبیی و ئینگلیزیی کاریان لەسەر یەکێک لە گۆڕاوە سەرەکیی و لاوەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە کردووە. پاشتر خاڵی لێکچوون و جیاوازیی نێوانیان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا؛ دەستنیشانکراون و ئەو بوارانەیشی کە سوودیان لێوەرگیراوە خراونەتەڕوو.

بەشی دووهەم:
زانیارییناممەی تۆێژینەوە

پاژی یەکەم: خوێندەواریی میدیایی
پاژی دووهەم: پەروەردەی سەرەتایی منداڵ
پاژی سێهەم: گۆرانییەکانی چەناڵی یوتیووب

1.2: دەروازەی بەش

لەم بەشـــەدا؛ تیشـــکدەخرێتەســـەر چەمکی خوێندەواریی میدیایی و پێناســـەدەکرێت و دواتر گرنگییەکانی، جۆرەکانی، ڕەهەندەکانی و قۆناغەکانی ڕووندەکرێنەوە. پاشـــان پەیوەندیی نێوان هەردوو چەمکی پەروەردەی میدیایی و خوێندەواری میدیایی دەخرێنەڕوو. بەدواییدا؛ چەمکی پەروەردەی ســـەرەتایی منداڵ و قۆناغەکانی، ئاڕاســتەکانی و ڕێگەکانی ڕووندەکرێنەوە. دواتر باس لە گۆرانییەکانی چەنالّی یوتیووب و تایبەتمەندیی و گەشـــەســـەندنی دەکرێت و پەیوەندیی یوتیووب بە هەردوو چەمکی خوێنـــدەواریی میـــدیـــایی و پەروەردەی ســـــەرەتـــایی منـــداڵ دەخرێتەڕوو.

پاژی یەکەم: خوێندەواریی میدیایی

2.2: خوێندەواریی میدیایی و کاریگەرییەکانی

کـاریگەرییە ئەرێنیی و نەرێنییەکـانی خوێنـدەواریی میـدیـایی زۆر و جیـاوازن. هەنـدێکیـان کاریگەرییان لەســـەر ســـۆز و ویژدانی کەســـەکان هەیە و هەندێکی دیکەیشـیان کاریگەرییان لە ســـــەر ڕەفتار و هەڵســـــوکەوتی ڕۆژانەیان هەیە. لەو ســـــۆنگەیەوە؛ دەکرێت گرنگیی چەمکی خوێندەواریی میدیایی و واتا جیاوازییەکانی و ڕەهەندەکانی وردتر شیبکرێنەوە، لەوانە:

1.2.2: خوێندەواریی میدیایی و واتاکانی

مێژووی ســەرهەڵدانی چەمکی خوێندەواریی میدیایی؛ بۆ دەهەی شـەستەکانی ســەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە کە وەک پێویســـــتییەکی هەنووکەیی و لە ئەنجـامی بڵاوبوونەوەی فراوانی تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ و فلمە ســـــینەماییەکان-دا هاتەئارا (زاید و الاخرون، ٢٠١٦: ١٥). ئەم چەمکە گوزارشـــت لە پڕۆســـەیەکی جێگیر ناکات، بەڵکوو بەردەوام لە گۆڕاندایە و پێویســـتی بەوەیە تاکەکان بەشـــێوەیەکی هەمیشـــەیی زانیارییەکانیان نوێبکەنەوە (الصـــبیحی، ٢٠٢١: ١٩). بنەمای چەمکی خوێندەواریی میدیایی لەســـــەر پرســـــیارکردنی ڕەخنەگرانە دامەزراوە، لەوانە: کێ پەیامەکە دەنێرێت؟ بۆچی دەینێرێت؟ چۆن وەرگران بەشـێوەی جیاواز لێکیدەدەنەوە؟ چ بەها و دیدگەیەک نمایشـــــدەکرێت؟ چۆن دەتوانین خۆمان پەیامی میدیایی دروووســـــتبکەین؟ (مدانی و عزیزی، ٢٠٢٠: ١٧). ئەم چەمکە؛ ئێســـــتا بەها و بایەخێکی جیهانیی وەرگرتووە و ناوەندە حکوومیی و ناحکوومییەکانی وڵاتانی وەک: سکەندەناڤیا، بەریتانیا، ئوستڕالیا، کەنەدا و چەندین وڵاتی تر، خوێندەواریی میدیایی-ان وەک بەشـــێکی گرنگ لە پڕۆگرامەکانی خوێندن لە قۆناغە جیاوازەکاندا جێگیر کردووە. لەبواری پەیوەندییەکانیشـــــدا؛ خوێندەواریی میدیایی چەمکێکی

سەرنجڕاکێشە ، کە ئامانجی شیکردنەوە و تێگەیشتنە لە پەیامە شاراوەکانی پەیامی میدیایی. ئەم چەمکە؛ وەرگر فێر دەکات چۆن مامەڵە لەگەڵ دێرە نەنووسراوەکانی میدیای نووسراو، گرتە نمایشنەکراوەکان و دەنگە پەخشنەکراوەکاندا بکات. لای خەڵکی گشتی؛ زۆرجار چەمکی خوێندەواریی میدیایی بە هەڵە لەگەڵ توانای خوێندنەوەی میدیای نووسراو یان خوێندەواریی بینراو-دا تێکەڵدەکرێن کە بە تەلەڤزیۆن و فیلم-ەوە پەیوەستە (سلیم، ٢٠٢١: ٧٨). خوێندەواریی میدیایی وەک کارامەییەکی گرنگ لە سەردەمی زانیارییدا؛ لەژێر کاریگەریی تەکنۆلۆژجیا و میدیای دیجیتاڵییدا گەشەیکردووە ، کە تاکەکان بۆ بەشداریکردنی ڕەخنەگرانە لە گوتاری گشتییدا بەهێز دەکات (محمد و الاخرون، ٢٠٢٢: ١١٩). کەواتە ئەم چەمکە بریتییە لە توانای شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن و دروستکردنی پەیامی میدیایی بە شێوەی جۆراوجۆر (القرنی، ٢٠١٩: ١٢٥). هاوکات وەک جۆرە تێگەیشتنێک پێناسەدەکرێت ، کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات؛ پەیوەندییەکانیان لە چوارچێوەی میدیای دیجیتاڵیی، چاپکراو، بینراو و بیستراو-دا کۆبکەنەوە و هەڵیبسەنگێنن (زاید و الاخرون، ٢٠١٦: ٨؛ محمود و مجاهد، ٢٠٢٢: ١٤٣٥؛ حاتی، ٢٠٢٤: ١٥٢).

بە دەربڕینێکی تر؛ خوێندەواریی میدیایی پرۆسەیەکە تاکەکان بەرامبەر ڕۆڵی میدیا و هەڵوێستەکانی هۆشیاردەکاتەوە (حسن، ٢٠١٥: ٢١) یاخود دیدگەیەکە چالاکانە تاکەکان بۆ لێکدانەوەی پەیامەکانی میدیا بەکاریدەهێنن (عبدالعاگی، ٢٠٢١: ٦٤٠) یان ئەو کارامەیی و لێهاتوویانە لەخۆدەگرێت ، کە لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە و کارلێکی ئاکاریی لەگەڵ تەکنۆلۆجیای نوێی میدیاییدا پەرەپێدەدەن (کیحول و فله، ٢٠٢١: ٣٠.) واتە پرۆسەیەکی بەردەوامی ژیانە ، کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەچەسپێنێت (هیبە، ٢٠٢٠: ٥) و توانای جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاست و مەبەستی شاراوە و ئاشکرای پەیامە میدیاییەکان بە تاک دەبەخشێت (سالم، ٢٠١٨: ٣١١). لەو چوارچێوەیەشدا دەستڕاگەیشتن؛ بە واتای توانای دۆزینەوە و وەرگرتنەوەی زانیاریی بەشێوەیەکی کاریگەر دێت ، کە وەک بنەمایەکی بنەڕەتیی دادەنرێت، چوونکە ڕێگە بە تاکەکان دەدات پەیوەندیی لەگەڵ سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی زانیارییدا ببەستن و کارلێکیان لەگەڵدا بکەن (غندر،٢٠٢٣: ١٦٤٢). هەروەها شیکردنەوە؛ بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان، بۆ تێگەیشتن لە مەبەست و کاریگەرییەکانی ، کە ئەمەیش بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی لایەنگریی، پڕوپاگەندە و زانیاریی هەڵە لە میدیادا زۆر گرنگە (حسن، ٢٠٢٤: ١٨). جگە لەوەیش هەڵسەنگاندن؛ پێویستی بە دیاریکردنی ئاستی متمانە و پەیوەندیی سەرچاوە میدیاییەکان هەیە ، لە سەردەمی پڕ زانیاریی ئەمڕۆدا لێهاتوویەکی زۆری پێویستە. هاوکات دروستکردن؛ ئاماژەیە بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە و داهێنەرانە ، جەخت لەوە دەکاتەوە خوێندەواریی میدیایی تەنیا بەکارهێنان

ناگرێتەوە، بەڵکوو بەرهەمهێنان و بەشـــداریی چالاکانەیش لەخۆدەگرێت (غندر، ٢٠٢٣: ١٦٤٢). لەو نێوەندەیشـــــدا؛ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە وەک کرۆکی ئەم پرۆســـــەیە دادەنرێت ، کە ســـەرنجی لەســـەر تێگەیشـــتنە لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتیی، کولتووریی و پیشـــەییەکانی میدیا ، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە یارمەتیی تاکەکان دەدات، تاوەکوو کاریگەرییە فراوانەکانی میدیا لەســـەر کۆمەڵگە لەبەرچاوبگرن و بە هۆشـیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن (حسـن، ٢٠٢٤: ١٨-١٩). لەو ڕوانگەیەوە؛ بە بۆچوونی تۆێژەر دەکرێت بوترێت: خوێندەواریی میدیایی؛ چەمکێکی فرەڕەهەندە و بریتییە لە توانای دەستڕاگەیشتن، شـیکردنەوە، هەڵسـەنگاندن و دروسـتکردنی پەیامی میدیایی بە ئامانجی بەدیهێنانی گۆڕانکاریی ئەرێنیی لە کۆمەڵگەدا یاخوود توانای جیاکردنەوەی ڕاســـــت و هەڵە و ڕەخنەگرتنی پەیامە جۆراوجۆرەکانی میدیای دیجیتاڵیی، پەخشـــکراو و چاپکراو بەشـــێوەی هزریی و زانســـتیی، تاوەکوو هەموو کەســـێک بتوانێت لە ناوەڕۆکی پەیامەکان تێبگات و ئامانج و نیشـــــانەکانیان دیاریبکات. هاوکات کاریگەرییەکانیان لەسەر هزر و هەستی تاکەکانی کۆمەڵگە بزانێت .

2.2.2: خوێندەواریی میدیایی و ڕەهەندەکانی

خوێندەواریی میـدیـایی؛ چەمکێکی فرە ڕەهەنـدە و لایەنی جیـاوازی ژیـانی تـاک و کۆمەڵگە دەگرێتەوە، لێرەدا گرنگترین ڕەهەندەکانی دەخرێنەڕوو:

1.2.2.2: ڕەهەندی پەروەردەیی خوێندەواریی میدیایی

ڕەهەندی پەروەردەیی خوێندەواریی میدیایی ســـــەرنجدەخاتەســـــەر میدیا وەک ئامرازێکی پێویست بۆ گەشەپێدانی هزریی، فێربوون و بەدەستهێنانی زانست، چوونکە میدیای ئەمڕۆ هەر بەتەنیا خۆشـــباریی و کاتبەســـەربردن نییە، بەڵکوو ســـەرچاوەیەکی فێرکاریی بەنرخە ، کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤەکان لە هەموو تەمەنێکدا دەتوانن پەرە بە زانســـتەکانیان ســـەبارەت بە جیهان بدەن. بەردەوام لە ڕێگەی تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، ڕۆژنامە و ســـــۆشـــــیالمیدیا-وە؛ تاکەکان بەجۆرەهـا زانیـاریی و ڕوانگە و ئەزموونی کولتووریی بۆردومـان دەکرێن ، کە ئەزموونی پەروەردەیی خۆیان پێناسـەدەکەن (ئەیڤەس، ٢٠٢٢، ناصـر، ٢٠١٦: ٨٠٣). خوێندەواریی میدیایی لە قوتابخانەکاندا؛ خوێندکاران بە لێهاتوویی شـــــیکردنەوەی ناوەڕۆکی میدیا، دیاریکردنی ســـەرچاوەی متمانەپێکراو و ناجێگیر، ناســـینی لایەنگیریی یان دەســـتکاریکردن بەهێز دەکات. کارامەییەکی لەو شـــــێوەیە لە جیهانی دیجیتاڵیی ئەمڕۆدا ، کە دەتوانرێت هەواڵی ســـــاختە و زانیاریی هەڵە لە چرکەیەکدا بڵاوبکرێتەوە، بە تەواوی گرنگە. لە ڕێگەی پێشـخسـتنی تواناکانی بیرکردنەوەوە؛ ڕەهەنـدی پەروەردەیی توانـای خوێنـدکـاران بەرز دەکـاتەوە بۆ ئەوەی ببنە

فێرخوازی ســـەربەخۆ و بەکارهێنەری چالاکانەی زانیاری. جگەلەوەیش؛ ئەم ڕەهەندە پەرە بە داهێنان و بەرهەمهێنانیش دەدات. فێرخوازەکان نەک هەر بەتەنیا لە ناوەڕۆکی میدیا فێردەبن، بەڵکوو لە ڕێگەی ئامێرە دیجیتاڵییە جیاوازەکانەوە پەیامی خۆیان بەرهەدەهێنن (Song & Kim, 2025: 72). ئەوەیش پەرە بە تواناکانی پەیوەندییکردن ، داهێنان و خۆدەربڕین دەدات. بەمشـــێوەیە خوێندەواری میدیایی لە قوتابخانەکاندا؛ فێربوونی نەریتیی پۆلەکان بە واقیعە دیجیتاڵییە هاوچەرخەکانەوە دەبەســـتێتەوە. ئەوەیش خوێندکاران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جیهانیی کاریگەرییەکانی میدیا ئامادەدەکات. ئەم ڕەهەندە ئاماژەیە بۆ توانای تاکەکان لە بەکارهێنانی میدیا وەک ئامرازێکی ســـەرەکیی بۆ پەرەپێدانی زانســـت و کارامەییەکانیان لە چوارچێوەیەکی فێرکاریی ســـیســـتماتیکدا (Narjes Geraee and other, 2015:22, Aivas, 2025). ڕەهەندی پەروەردەیی؛ تاکەکان ئامادەدەکات ، کە بە شـــێوەیەکی چالاکانە ســـوود لە میدیا وەربگرن بۆ فێربوون و بەرزکردنەوەی ئاســـتی هۆشـیارییان لەســـەر پرســـە گرنگەکانی وەک مافەکانی مرۆڤ، گۆڕانی کەشـــوهەوا یان تەندروســـتی گشـــتیی، بەو مەرجەی بتوانن سەرچاوەکان بە وردیی هەڵبسەنگێنن و زانیارییەکان بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە بڵاوبکەنەوە. بۆ نموونە، کەسێک کە لەم ڕەهەندەدا پێگەیشتووە، دەتوانێت لە سەکۆ میدیاییەکانەوە کۆمەڵێک زانیاری پەروەردەیی بەرهەمبهێنێت ، کۆمەڵ لەســـەر پرســـە گرنگەکان هۆشـیاربکاتەوە، وەک چۆنیەتیی پاراستنی ژینگە، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی زانیارییە هەڵەکانەوە (بودهان، 2010). کەواتە بەســـوودوەرگرتن لە ڕەهەندی پەروەردەیی خوێندەواریی میدیایی؛ مرۆڤەکان دەتوانن بە درێژایی ژیانیان فێربن و توانای ئەوەیان هەبێت ، میدیا بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و بە باشـــترین شـــێوە بەکاربهێنن، چوونکە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، داهێنان و کارامەیی دیجیتاڵیی تێکەڵدەکات بۆ ئەوەی پەروەردە بە تەنیا لە پۆلەکاندا ســـنووردارنەبێت، بەڵکو لە ژیانی ڕۆژانەیشدا وەربگیرێت.

2.2.2.2: ڕەهەندی سیاسیی خوێندەواریی میدیایی

لە ڕەهەندە ســیاســییەکەیەوە؛ خوێندەواری میدیایی کردارێکی بنەڕەتیی و گرنگی لە بوارەکانی هۆشـیاریی ســیاســیی، ڕایگشـتیی و بەشـداریکردنی دیموکراســییدا هەیە، لە ڕێگە چەناڵە جیاوازەکانی میدیاوە؛ هاوواڵتیان دەتوانن پەیامە ســیاســییەکانیان بە شـــێوەیەکی فراوانتر بگەیەنن و توانای شـــیکردنەوە، تێگەیشـــتن لە هەڵە و ڕاســـتی پەیامەکان بدۆزنەوە (Potter, 2022: 45). ئێســـتا بەهۆی میدیای پەخشـــکراو، چاپکراو، دیجیتاڵیی و خزمەتگوزارییەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا پەیامە ســیاســییەکان ئاســانتر پەخشـدەکات و توانای هاووڵاتیان بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی زیـادتر دەکـات (Aivas, et al., 2025, Pouti, 2024: 102). هەربۆیە

خوێندەواری میدیایی تاکەکان فێردەکات ، کە بە چ شێوەیەک لایەنگریی و ڕاپۆرتکردنی ڕاست و هەڵەی پەیامە سیاسییەکان و پڕوپاگەندە جیابکەنەوە، ئەمەیش توانای هاووڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە چالاکیە سیاسییەکان و بەکارهێنانی میدیا بەشێوەیەکی بەرپرسیارانەتر زیاددەکات (Seyd, 2017: 78). بەرزبوونەوەی ئەم توانایانە لە کاتی هەڵبژاردن و تاوتوێیە سیاسییەکاندا گرنگە، چوونکە تاکەکان دەتوانن هەڵبژاردە و ڕای خۆیان بە شێوەیەکی زانستیی دیاریبکەن. هەروەکچۆن دروستبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەهۆی توانا سازیی هاووڵاتیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی نادادپەروەریی و لۆبیکردن بۆ گۆڕانکارییەکان و ناچارکردنی حکوومەت و دامەزراوە فەرمییەکان بۆ بەرپرسیاربوون (Potter, 2022: 131). کەواتە ڕەهەندی سیاسیی خوێندەواری میدیایی؛ تاکەکان فێردەکات ، چۆن ئامانجە سیاسییەکانی پشت پەیامە میدیاییەکان وەربگرن و چۆنیش بتوانن پەیامەکان ئاڕاستەی بەرژەوەندیی گرووپێکی دیاریکراو یاخوود گشتیی بکەن (Seyd, 2017: 102). هەڵبەت بەرهەمهێنانی پەیامەکانی خوێندەواری میدیایی لەسەر تاکەکان دەبێت، نەک بە تەنیا لەسەر تێگەیشتن و شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە. واتە هاووڵاتیان فێردەبن ، چۆن لە پەخشکردنی ناوەڕۆکی سیاسیی بەرپرسیارانە و پشتڕاستکراوەی زانیارییەکان لە سەکۆ دیجیتاڵەکاندا بەشداربن (Seyd, 2017: 110). بۆ نموونە، هاووڵاتییەکی هۆشیار دەتوانێت هەواڵێکی سیاسیی لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە بەراورد بکات و بزانێت ، کامیان زیاتر خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتیی دەکات (Pouti, 2024: 110). لە کۆتایدا بە بۆچوونی تۆێژەر ؛ڕەهەندی سیاسیی خوێندەواری میدیایی؛ کولتووری دیموکراسیی بەهێز بکات و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەشداریکردنی مەدەنیی بەرپرسیارانە زیادتردەکات، هەروەها دڵنیایی دەداتە میدیا کە وەک ئامرازێک بۆ ڕوونیی و لێپرسینەوە و بەشداریکردنی سیاسیی بەکاربهێنرێت، نەک بۆ دابەشبوون یان دەستکاریکردن (ئەیڤەس، ٢٠٢٠).

3.2.2.2: ڕەهەندی یاساییی خوێندەواریی میدیایی

ئەم ڕەهەندەی خوێندەواریی میدیایی زۆرتر لەسەر زانینی یاسا و ماف و پابەندییەکان جەختدەکاتەوە کە بەکارهێنانی میدیا، دروستکردنی ناوەڕۆک و بڵاوکردنەوەی بەڕێوەدەبەن. لە سەردەمێکدا، زانیاریی بە شێوەیەکی ئازادانە لە نێوان سەکۆ دیجیتاڵییەکاندا هاوبەشە، زۆر گرنگە تاکەکان لەو سیستەمە یاساییانە تێبگەن ، پشتگیریی لە ئازادیی دەربڕین دەکەن و لەهەمانکاتدا بەرگریی لە خراپبەکارنەهێنانی میدیاش دەکەن. ڕەهەندی یاسایی خوێندەواریی میدیایی وا لە خەڵک دەکات کە ئەرکەکان و مافەکانی خۆیان وەک بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەری پەیامی میدیایی و ئەو سنوورانەیش کە لە یاسادا بۆ بەکارهێنانی بەرپرسیارانە دیاریکراون

دەستنیشان بکەن، چوونکە ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەریی و بەدەستهێنانی زانیاریی لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا بە دەقی یاسایی پشتڕاستکراونەتەوە و چەسپێنراون (Paxton et al., 2022: 76)، ئەم ماف و ئازادییانەش بە هاوسەنگیی لەگەڵ ئەرکی سنووردارکردن و دوورکەوتنەوە لە قسەی ڕقاویی، ناوزڕاندن، پێشێلکردنی مافەکانی چاپکردن و تایبەتمەندێتیی کەسەکان دانراون. خوێندەواریی میدیایی خەڵک بەو توانایە ئاراستەدەکات ، کە ڕێگەی خۆیان لەم هاوسەنگییەدا بدۆزنەوە؛ ئەوەیش لە ڕێگەی زانینی ئەوەی ، دەربڕینی یاسایی چییە و چی سنووردارە بە ناوەڕۆکی زیانبەخش یان نایاسایی. هەروەک مافی خاوەندارێتیی هزریی؛ توخمێکی دیکەی چارەنووسسازە، چوونکە بە سادەیی دابەشکردنی ناوەڕۆکی دیجیتاڵیی وادەکات بەکارهێنەران بە ئاسانیی مافی چاپ و بڵاوکردنەوە پێشێلبکەن یان بەکارهێنانی دادپەروەرانە و دزییکردنی ئەدەبیی بەدەستبهێنن. ئەمەیش نەک هەر بەرهەمهێنەرانی پەیامی میدیایی دەپارێزێت، بەڵکوو ڕێزگرتن لە ڕەسەنایەتیی و پیشەگەرانە بەکارهێنانی میدیاش بەرەوپێشدەبات.

بەدەر لەوانە؛ ڕەهەندی یاسایی خوێندەواریی میدیایی نیگەرانییەکان لەبارەی پاراستنی مافی تایبەتمەندێیی دیجیتاڵیی و ئاسایشی زانیارییەکان دەوروژێنێت. زۆرجار بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سەکۆ دیجیتاڵییەکان خۆبەخشانە زانیارییە کەسییەکان دەدەن، چوونکە بەبێ ئەوەی بزانن بەپێی یاسا ناوبەناو دەتوانن سوودیان لێوەربگرن (Paxton et al., 2022: 76). واتە خوێندەواریی میدیایی خەڵک لەسەر چۆنێتی پاراستنی ناسنامەی دیجیتاڵیی و جێبەجێکردنی یاساکانی پاراستنی زانیارییەکان پەروەردە دەکات. هەروەها گرنگی بەوە دەدات ، تاکەکان و دامەزراوە میدیاییەکان ئاشنابن بە سنووری یاساییەکانی بڵاوکردنەوە و بزانن کە پابەندبوون بە یاسا چۆن مافە کەسییەکان و کۆمەڵگە بە گشتیی دەپارێزێت. خوێندەواریی میدیایی لێرەدا یارمەتیی تاکەکان دەدات ئەو ناوەڕۆکانە بناسنەوە ، کە ڕەنگە یاسا پێشێلبکەن، لەوانە: بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست، زمانی زبر یان دەستدرێژییکردنە سەر مافی ژیانی تایبەتیی کەسانی دیکە. ئەم ڕەهەندە یاساییەی خوێندەواریی میدیایی هەر بە تەنیا پەیوەندیی بە تێگەیشتنەوە نییە، بەڵکوو تاکەکان هاندەدات ، کە بە شێوەیەکی یاسایی و پیشەیی ناوەڕۆکی میدیایی بەرهەمبهێنن. بۆ نموونە، کەسێک کە دەزانێت بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسێک بەبێ ڕەزامەندیی خۆی؛ کێشەی یاسایی لێدەکەوێتەوە، ئەوکات بە شێوەیەکی بەرپرسیارانەتر مامەڵە لەگەڵ وێنەکەدا دەکات (الافتیحات، ۲۰۱۸). لەو سۆنگەیەوە توێژەر دەکرێت ڕەهەندی یاسایی خوێندەواریی میدیایی لەوەدا چڕبکاتەوە کە دڵنیایی بە خەڵک دەدات لەوەی بە شێوەیەکی زەینیی میدیا و پەیامەکانی بەکاربهێنن؛ هەم گرنگیی بە مافی خۆیان و هەم گرنگیی بە مافی کەسانی دیکەیش بدەن، چوونکە هەبوونی زانین و زانیاریی

لەبارەی یاســـاکانی تایبەت بە ڕێکخســـتنی میدیا، ڕێگە بە تاکەکان دەدات ، کە لە لێپێچینەوە یاســـاییەکان دەربازیان بێت و یارمەتی دروســـتکردنی پانتایی میدیایی پارێزراوتر بدەن، ئەوەیش لەپێناو پێشخستنی پڕۆسەی لێپرسینەوە و دادپەروەریی لە جیهانی دیجیتاڵییدا.

4.2.2.2: ڕەهەندی ئایینیی خوێندەواریی میدیایی

خوێندەواریی میدیایی و ڕەهەندی ئایینیی؛ لە دۆخی ئیمانیی، ڕۆحیی و ئاکاریی چالاکییە ئاینییەکانی ناو کۆمەڵە هاوچەرخەکان دەکۆڵێتەوە. بەتایبەت لە ســـەروەختێکدا ، کە ســـەکۆ دیجیتاڵییەکانی میدیا وەک سەرچاوەی سەرەکیی زانیاریی و پەیوەندییکردن سەریانهەڵداوە و پرســـە ئایینییەکانیان تێدا دەخرێنەڕوو و پێناســـەدەکرێنەوە (Schulenkorf et al., 2021: 34). ئەوەیش وادەکات داوای پەرەپێدانی توانای شـــیکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە ناوەڕۆکی میدیایی بکەن کە دەکەوێتە سنووورەکانی ئیمان، ڕۆحانییەت و ناسنامەی ئایینییەوە. هەڵبەت میدیا وەک پەیوەســـتکەرێک لەنێوان دانیشـــتوانی ئایینیی جۆراوجۆردا کاردەکات و لە ڕێگەی گفتوگۆ و هۆشیاریی و لێکتێگەیشتنەوە، مرۆڤەکان دەتوانن لە یەکتر نزیکببنەوە. وێناکردنی ئەرێنیی بەها ئایینییەکان لە فلم، بەڵگەفلم و ســـەکۆ دیجیتاڵییەکانەوە یارمەتی بەرەوپێشـــبردنی گیانی لێبوردەیی، هاوسـۆزیی و ئاشـتی نێوان کۆمەڵە فرە کولتووورەکانی باوەڕە جیاوازەکان دەدات. بە پێچەوانەوە؛ نوێنەرایەتییکردنە پێچاوپێچەکان، چەشنە چەشنە کۆنەپەرستانەکان، جیاکاریی و توندوتیژیی دەســـتپێدەکەن. بەم پێیە؛ ڕەهەندی ئایینیی خوێندەواریی میدیایی مرۆڤەکان بە توانای ناســـینەوەی ئەو جۆرە نوێنەرایەتییانە و پرســـیارکردن لە زانیارییە ســـەرەتاییەکان و لێکدانەوەی پەیامەکان لە چوارچێوەی فێرکاریی ئایینیی ڕاســـتەقینەکاندا ئاراســـتەدەکات. تـــایبەتمەنـــدییەکی دیکەی ئەم ڕەهەنـــدە؛ پـــاراســـتن و بڵاوکردنەوەی نەریتە ئـــایینی و کولتوورییەکانە، چوونکە دامەزراوە ئاینییەکان بۆ پەخش و بڵاوکردنەوەی پەیامی فێرکاریی و قســـەکردن لەگەڵ باوەڕداران لە ســـەرانســـەری جیهاندا، زیاتر پەنا بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وتاری ئۆنلاین و بڵاوکراوە دیجیتاڵییەکان دەبەن (Salimi & Torkiantabar, 2023: 211). واتە خوێندەواریی میدیایی ڕێگا بە بینەران دەدات ئەم سەرچاوانەی بە هۆشیارییەوە بەکاربهێنن و ڕێگریی لە دەستکاریی و لێکدانەوەی هەڵە یان ڕادیکاڵانە دەربڕینی پەیامەکان دەکات هەروەها ئاســـانکاریی بۆ پێکەوەژیانی ڕێزدارانە لە کۆمەڵە فرەکولتوور و فرە ئایینییەکان دەکات، ئەوەیش لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی هۆشیاری ڕەخنەگرانە بۆ چیرۆکە ئایینییەکان. واتە ڕەهەندی ئایینیی خوێندەواریی میدیایی؛ چۆنێتی بەکارهێنانی میدیا لە چوارچێوەی بەها و باوەڕە ئایینییەکاندا دەگرێتەوە. لەم بوارەیشـــدا؛ خوێندەواریی میدیایی تاکەکان فێردەکات ، کە چۆن میدیا دەتوانێت خزمەت بە بەها ئایینییەکان بکات یان زیانیان پێبگەیەنێت. ئەم ڕەهەندە گرنگی بەوە دەدات ، کەســـەکان بتوانن ئەو ناوەڕۆکە میدیاییانە بناســـنەوە ، کە دژ بە بەهاکانیانە و لە

بەرامبەردا ناوەڕۆکێک بەرهەمبهێن ، بەها ئایینییەکان بە شـــێوەیەکی ئەرێنیی نمایشـــبکات (Lövheim, 2004) . بۆ نموونە، کەســێکی هۆشــیار دەتوانێت بزانێت ، هەندێک بابەتی میدیایی بە مەبەســـتی ســـووکایەتیکردن بە ئایینەکان بڵاوکراونەتەوە و لەم دۆخەیشـــدا؛ دەتوانێت بە شێوەیەکی ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات (Aivas, 2025; Alkazemi, 2013). لەو سۆنگەیەوە؛ ڕەهەندی ئایینیی خوێندەواریی میدیایی پەروەردەی بیرکردنەوەی هاوسەنگ و بەشداریپێکردنی ئاکاریی دەکات، هەروەک داوا لە تاکەکانی کۆمەڵیش دەکات ، کە لێبوردە بن، تاوەکوو بتوانن پەیامە ئایینییە ڕاســـتەقینەکان لە پەیامە ئایینییە ناڕاســـتەقینەکان جیابکەنەوە و بەها ئاکارییەکانیش بەشـــێوەیەکی بەرپرســـیارانە لە بەرهەمهێنانی پەیامی میدیاییدا بەکاربهێنن. لەو ڕێگەیەشـــەوە؛ هەســـتی پێکەوەژیانی نێوان ئایینەکان و گەشـــەسـەندنی ڕۆحیی و هاوســـەنگیی نەتەوەیی لە جیهاندا بەرز دەکاتەوە.

5.2.2.2: ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی خوێندەواریی میدیایی

خوێندەواریی میدیایی لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییدا؛ جەخت لە ڕۆڵی میدیا لە ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ دەکاتەوە. میدیای ئەمڕۆ تەنیا ئامڕازێکی پەیوەندییکردن نییە، بەڵکوو شـــێوازێکی کارلێککردن، پەیوەندییگرتن و بوونیادنانی ناســـنامەی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دیاریـیـدەکـات. مـاڵپەڕەکـان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان، تەلەڤزیۆن، فیلم و مەکۆکـانی ئینتەرنێت پەیامە میدیاییەکان پێشـکەشـدەکەن ، کە تیایاندا بازرگانیی بە بەها، بۆچوون و شـێوازی ژیان دەکرێت، ئەوەیش کاریگەریی لەســەر شـێوازی بیرکردنەوە لە تاکەکان و ئەوانی دیکەیش هەیە. ئەم ڕەهەندە جەخت لە ئەرکی دوولایەنەی میدیا بۆ پەروەردەکردنی دوولایەنەی کۆمەڵایەتیی و دابەشـــبوون دەکاتەوە، چوونکە میدیا توانای چەســـپاندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەســـتیـارکردنی خەڵـک بەرامبەر پرســـە کۆمەڵایەتییەکـان و دەنگـدان بە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکانی هەیە (Park et al., 2021: 402) ، بۆ نموونە بزووتنەوەکانی یەکســـانیی مافەکانی مرۆڤ یان پاراســـتنی ژینگە زیاتر کار لەســـەر بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی بۆ هـانـدانی کردەی بەکۆمەڵ دەکەن لە لایەکی دیکەوە؛ پڕوپـاگەنـدەی درۆ و چەشـــنە چەقبەســتووەکان و هەراســانکردن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، توانای بەهێزکردنی پێشـــوەختە و هاندانی پارچەبوونی کۆمەڵایەتییان هەیە. کەواتە خوێندەواریی میدیایی ڕێگە بە خەڵک دەدات ، کە ئەمجۆرە داینامیکییە دەستنیشـانبکەن، تاوەکوو گیانی لێبوردەیی، هاوسـۆزیی و پەیوەندیی ڕێزدارانە لە کۆمەڵە فرە کولتورەکاندا بەرەوپێشببات.

پێکهاتنی شـووناس؛ توخمێکی دیکەی چارەنووسـسـازە لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی خوێندەواریی میدیایی، چوونکە وێناکردنی پێکهاتەی ڕەگەز، کولتوور و چینایەتی لە میدیاکاندا دیاریـیدەکات،

که مرۆڤەکان چۆن لە ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگەدا تێدەگەن. خوێندەواریی میدیایی ڕەخنەگرانە؛ کارامەیی بە خەڵک دەبەخشێت بۆ دەربڕینی هەستی کێبەرکێ لە نوێنەرایەتییە ناڕاستەقینەکاندا ، کە ئەوەیش پەرە بە خۆبەگەورەزانین و گشـــتگیریی دەدات. جگەلەوەیش؛ ڕەهەنـدی کۆمەڵایەتیی خوێندەواریی میدیایی تیشـکدەخاتەســەر پێویسـتیی بەکارهێنانی بەرپرسـیارانەی تەکنۆلۆژیـا دیجیتـاڵییەکـان لەلایەن هـاوواڵتیـان-ەوە. واتە، بریتییە لە توانـای ڕاییکردنی پەیوەندییەکی ڕێزدارانە و بەرگرییکردن لە شکۆی مرۆیی کەسـانی دیکە بە شـێوەی ئۆنلاین ، ئۆفلاین و ئاگاداربوون لە کاریگەرییەکانی کارە دیجیتاڵییەکانی مرۆڤ. ئەم ڕێکارییانە؛ میدیا دەکاتە ئامڕازێک بۆ کارلێکی هـاوســـەنگ، نەک ململانێ (Özel, 2023: 118). ئەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەی خوێندەواریی میدیـایی؛ پەیوەندیی بە کـاریگەریی میدیـا لەســـەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکـان و کولتووری گشـــتییەوە هەیە، چوونکە میـدیـا لەم بوارەدا وەک هێزێـک دەردەکەوێـت کە دەتوانێـت کۆمەڵگە یەکبخـات یـان لێکیـان بترازێنێـت. لێرەدا؛ خوێنـدەواریی میدیایی تاکەکان فێردەکات ، کە چۆن میدیـا شـــێوازی هەڵســـوکەوتی کۆمەڵایەتیی و بەها باوەکان دادەڕێژێت. واتە جەخت لەسـەر توانای تاکەکان بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکێکی میدیایی دەکاتەوە ، کە یەکگرتوویی و لێکتێگەیشتنی کۆمەڵایەتیی بەهێزبکات. بۆ نموونە، خوێندەوارێکی میدیایی دەزانێت کە بڵاوکردنەوەی زانیاریی نادروســـت دەتوانێت ناکۆکی لەنێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستبکات، هەربۆیە بەرپرسیارانەتر لە میدیادا بەشداریدەکات (بوحالی، 2021). لەو ســـۆنگەیەوە؛ ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی خوێندەواریی میدیایی توانای تاکەکان بۆ بەشداریکردنی بەرپرسیارانە لە کۆمەڵگەدا بەرزدەکاتەوە، هاوکات هەستیاریی تاکەکان لەسەر چۆنێتی بوونیـادنـانی واقیعی کۆمەڵایەتیی لە میـدیـادا پەروەردە دەکـات، تـاوەکوو بتوانن لە کۆمەڵە کراوە، ڕێزدار و یەکگرتووترەکاندا بەشداریبکەن.

6.2.2.2: ڕەهەندی فێرکاریی خوێندەواریی میدیایی

خوێنـدەواریی میـدیـایی و ڕەهەنـدی فێرکـاریی جەخـت لەســـەر ڕۆڵی پەروەردەکـار لە ســـەرکردایەتییکردنی خوێندکاران بۆ شـــیکردنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ نـاوەڕۆکی میـدیـا و بەکارهێنانی وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ فێربوون و خۆدەوڵەمەندکردن دەکاتەوە. لە ســـەردەمی تەکنۆلۆجیادا؛ میدیـا پێکهاتەیەکی گرنگی ژینگەی فێربوونە و بۆ پێناســـەکردنی چەمکەکان، نیشـاندانی نموونەکانی جیهانی ڕاسـتەقینە و پەیوەسـتکردنی توێژینەوەکانی پۆل بە کاروباری جیهـانەوە ئـامڕازی بەنرخ پێشـــکەش بە پەروەردەکـاران دەکـات (Potter, 2022: 131). لەگەڵئەوەیشـــدا ئەگەر بۆ خۆیان بەجێبهێڵرێت، خوێندکاران دەتوانن بەبێ ڕەخنەگرتن پەیامە میـدیـاییەکـان هەڵبمژن یـان ببنە قوربـانیی زانیـاریی پێشـــوەختەی هەڵە و قوواڵ. لە ڕووی وانەوتنەوەوە؛ خوێندەواریی میدیایی دەبێتە بەشـــێک لە پەروەردە وەک خولێکی خوێندن و

وەک ڕێبازی وانەوتنەوە. وەک ئاســـانکارییەک و لە ڕێگەی مامۆســـتایانەوە؛ خوێندەواریی میدیایی دەخوێندرێت ، کە فێرخوازان دەتوانن ئاڵنگاری باوەڕپێکراویی ســـەرچاوەکان بکەن و ستراتیجە قایلکەرەکان بناسن و کاریگەریی پەیامەکانی میدیا لەســەر هەڵوێست و ڕەفتارەکان هەڵبســـەنگێنن. ئەمەیش نەک هەر توانـای ئەکـادیمی بەرزدەکـاتەوە، بەڵکو بیرکردنەوەی ســـەربەخۆ و ڕەخنەگرانەش پەروەردە دەکـات و وا دەکـات خوێنـدکـاران مـامەڵە لەگەڵ ئـاســـتەنگەکـانی ژینگەی زانیـاریی هـاوچەرخـدا بکەن. جگەلەوەیش؛ ڕەهەنـدی فێرکـاریی خوێندەواریی میدیایی لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە بۆ بەرهەمهێنانی زانیاریی تێدەپەڕێت. هەروەک پەروەردەکاران بانگهێشتی خوێندکاران دەکەن، بۆئەوەی خۆیان لە شێوەی نووسین ، ڤیدیۆ یان بەرهەمی دیجیتاڵیی کار لەســـەر بەرهەمهێنانی میدیایی بکەن. بەوەیش ئاســـتی داهێنـــان، پەیوەنـدییکردن و خۆدەربڕین بەرزبکەنەوە و شـــێوازەکـانی فێربـوون سـەرنجڕاکێشـتربکەن، تاوەکوو لەگەڵ داینامیکی سـەردەمی تەکنۆلۆجیادا یەکبگرێتەوە. هاوکات توخمێکی دیکەی ڕەهەندی فێرکاریی خوێندەواریی میدیایی؛ بەرپرسـیارانە بەکارهێنانی میدیایە کە پەروەردەکاران وەک ئامڕازێک لە گواســـتنەوەی بەهـاکانی: ڕێزگرتن، هـاوســـۆزیی و هـاووڵاتیبوونی دیجیتـاڵیی بۆ یـارمەتیـدانی خوێنـدکـاران بۆ پەیبردن بە کـاردانەوەی کـارە ئەلیکترۆنییەکـانیـان بەکـاردەهێنرێن (Polanco-Levicán & Salvo-Garrido, 2022: 59). ئەگەرچی ئەم ڕەهەندە گرنگی بەوە دەدات، میدیا دەتوانێت وەک ســـەرچاوەیەکی فێرکاریی کاریگەر کاربکات، بەڵام پێویستە تاکەکان توانای جیاکردنەوەی زانیارییە سـوودبەخشـەکانیان لە زانیارییە زیانبەخشـــە ناڕاســـتەکان هەبێت. لەم بوارەدا؛ خوێندەواریی میدیایی تاکەکان هاندەدات ، کە میدیا بۆ گەشـــەپێدانی خۆیان، نەک تەنیا وەک ئامڕازێکی کاتبەســـەربردن بەکاربهێنن. بۆ نموونە، کەسێک دەتوانێت لە ڕێگەی میدیاوە بەشداریی لە کۆرسێکی ئۆنلاین-دا بکات، بەڵام دەبێت بەشی ئەوەندە هۆشیاربێت کە سەرچاوەکە باوەڕپێکراوە و زانیارییەکان بەشـــێوەیەکی دروســـت بەکاردەهێنێت (اشـــراق و عواطف، ٢٠٢١). لەو ڕوانگەیەوە و بەپێی ڕەهەنـدی فێرکـاریی خوێنـدەواریی میـدیـایی؛ فێرخوازان دەتوانن ببنە هـاووڵاتی ئـاگـادار و ســـەرقاڵ و بەرپرســـیار لە کۆمەڵگدا. هەروەها مامۆســـتایان بە هێنانە ناوەوەی خوێندەواریی میدیایی لە پڕۆســـەی فێرکردندا؛ بۆشـایی نێوان خوێندنی ئاسـایی و ئاڵنگارییەکانی سـەردەمی دیجیتاڵیی دادەخەن و بەوەیش کارامەییەکانیان بۆ دڵنیابوون لە دەســـتکەوتی تاکەکەســـیی و پیشەیی پەرەپێدەدەن.

7.2.2.2: ڕەهەندی میدیایی خوێندەواریی میدیایی

ئەم ڕەهەندە بە بەردی بناغەی چەمکی خوێندەواریی میدیایی دادەنرێت ، کە لەسەر چۆنێتی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکەکان جەختدەکاتەوە و پەیوەندیی بە تێگەیشتن لە تەکنیکی میدیایی وەک: وێنەگرتن و پڕۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی هەیە. خوێندەواریی میدیایی لێرەدا؛ تاکەکان فێردەکات کە چۆن ناوەڕۆکێک دروستکراوە، کێ دروستیکردووە و بۆچیی بڵاوکراوەتەوە. ڕەهەندی میدیایی تاکەکان هاندەدات کە خۆیان ناوەڕۆکێک بەرهەمبهێنن، بەهاکانی کۆمەڵگە بەرزڕابگرێت، بۆ نموونە کەسێکی خوێندەوار دەتوانێت بزانێت، چۆن وێنە یان ڤیدیۆ بۆ گۆڕینی واتاکان دەستکارییکراوە، هەربۆیە زووتر و ئاسانتر دەتوانێت خۆی لە فریودانە میدیاییەکان بپارێزێت (Al-Menayes, 2014). لە ڕوانگەی تۆێژەرەوە ڕەهەندی میدیایی بریتییە لە توانا و زانستە بنەڕەتییەکان بۆ تێگەیشتن، شیکردنەوە و بەکارهێنانی میدیاکان. ئەم ڕەهەندە وەک "کلیل"ێک بۆ کردنەوەی جیهانی میدیایی دادەنرێت، کە تیایدا تاکەکان فێر دەبن ناوەڕۆکی میدیایی نەک تەنیا وەک ڕاستییەکی بەرچاو سەیر بکەن، بەڵکو وەک بەرهەمێکی مرۆڤی دروستکراو و نەخشەسازیکراو بناسن کە هەوڵدەدات ڕاستییەک یان بیرۆکەیەک بە شێوازێکی تایبەت پێشکەش بکات.

8.2.2.2: ڕەهەندی هۆشیاریی خوێندەواریی میدیایی

خوێندەواریی میدیایی لە ڕەهەندی هۆشیاریی-ەوە؛ جەخت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی و وردبینیی لە شێوازی بەکارهێنان، تێگەیشتن و کاردانەوەی خەڵک بەرامبەر بە پەیامەکانی میدیا دەکاتەوە. بەتایبەت لە جیهانی دیجیتاڵییدا؛ تاکەکان ئارەزووی ئەوەیان هەیە بەرەوڕووی سیستەمێکی بێکۆتایی زانیاریی ببنەوە ، کە ڕەنگە بە شێوەیەکی نائاگایی کاریگەریی لەسەر بۆچوون، بەها و ڕەفتارەکان هەبێت. لەو ڕوانگەیەوە؛ خوێندەواریی میدیایی تاکەکان بۆ زاڵبوون بەسەر خۆیان و ئامانجداربوون لە بەکارهێنانی میدیادا هاندەدات و نایەوێت بە تەنیا وەرگری زانیاریی بن (Mede et al., 2025: 174). لێرەدا هۆشیاریی؛ دەبێتە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم ڕەهەندە، چوونکە میدیا هێزی ئەوەی هەیە ، کە تێڕوانینەکان بۆ واقیع دابڕێژێت و دابوونەریتە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە بکات و کاریگەرییان لەسەر بڕیاردان هەبێت. تاکەکان بە بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیارییان؛ فێری کارنامە شاراوەکان، تەکنیکە قایلکەرەکان و ستراتیجییە دەستکارییکراوکان دەبن کە لە هەواڵ، ڕیکلام یان بابەتی کاتبەسەربردندا جێگیرکراون. ئەوەیش لە بەرەنگاربوونەوەی یەکسانیی کوێرانەدا یارمەتیدەر دەبێت و بیرکردنەوەی سەربەخۆ و عەقڵانیی بەرەوپێشدەبات.

خۆڕاگریی؛ توخمێکی گرنگی دیکەی ڕەهەندی هۆشـــیاریی خوێندەواریی میدیایی-ە ، کە بەکارهێنەرانی هۆشـــیاری پەیامی میدیایی هەڵســـەنگاندن بۆ چۆنێتی کاریگەرییانانی میدیا لەســەر هەست و نەست، ناسنامە و جیهانبینییان دەکەن. بۆ نموونە، سـۆشـیالمیدیا دەتوانێت جوانی ســاختە یان پێوەرەکانی ســەرکەوتن بەرەوپێشــببات و لە ئەنجامدا خۆبەراوردکردنی نەرێنیی لێدەکەوێتەوە (Martínez-Bravo et al., 2022: 250). بە بەشـــداریکردنی ئاگادارانە؛ خەڵک دەتوانن پەیامە نەرێنییەکان هەڵبســـەنگێنن و هەڵوێســـتی ئەرێنیی زیاتر پەرەپێبدەن. هەروەها ڕەهەندی هۆشـــیاریی جەخت لە بەرپرســـیارێتیی ئاکاریی دەکاتەوە، بەتایبەت لەوەدا کە چۆن هەڵبژاردنی میدیـا و خزمەتگوزارییە دیجیتـاڵییەکـانی مرۆڤ؛ کـاریگەریی لەســـــەر کەســـانی دیکە هەیە، لەوانە: ڕێزگرتن، هاوســـۆزیی و لێپرســـینەوە لە مامەڵە دیجیتاڵییەکاندا بەرەوپێش دەبات. ئەوەیش هـاوبەشـــییکردنی زانیـاریی بەرپرســـیـارانە و بڵاونەکردنەوەی زانیـاریی هەڵە و نمـایشـــکردنی هـاووڵاتیبوونی دیجیتـاڵیی دەگرێتەوە. لە ڕوانگەیەکی تردەوە؛ ڕەهەنـدی هۆشـــیـاریی لە خوێنـدەواریی میـدیـاییـدا جەخـت لەســـەر توانـای تـاکەکـان بۆ دەســتنیشــانکردن و وەرگرتنی زانیارییەکان بە شـێوەیەکی هۆشـیارانە دەکاتەوە، ئەوەیش بە ئامانجی خۆپاراسـتنیان لە کاریگەرییە نەرێنییەکان. ئەم ڕەهەندە؛ تاکەکان فێردەکات ، کە چۆن لەنێوان زانیارییە ڕاســـتەقینە و ناڕاســـتەقینەکاندا یان ئەوانەی بە مەبەســـتی گومڕاکردن بڵاوکراونەتەوە جیاوازییبکەن. بەتایبەت لە ســـەردەمی دیجیتاڵییدا، دەنگۆ و زانیاریی هەڵە بەخێرایی بڵاودەبنەوە، بۆنموونە کەســێکی هۆشـیار دەتوانێت بزانێت کە پەیامێکی میدیایی بۆ گوشارخستنەسەر بۆچوونی گشتیی درووستکراوە و بەو شێوەیەش بەرگریی لە سەربەخۆیی بیرکردنەوەی خۆی دەکـات (Hobbs, 2010). هەربۆیە دەکرێـت ڕەهەنـدی هۆشـــیـاریی خوێندەواریی میدیایی لەوەدا چڕبکرێتەوە کە بەکارهێنەران دەتوانن بەپێی ئامانج و بە ڕوونیی؛ میدیـا و پەیامەکانی بەکاربهێنن. واتە خودئاگایی ڕەخنەگرانە بۆ یارمەتییدانی تاکەکان بۆ ئاشـتکردنەوەی بەکارهێنانی میدیا لەگەڵ بەها کەسـییەکان، خۆشـگوزەرانی کۆمەڵ و فێربوون پەروەردە دەکات. ئەم ڕەهەندە لە ڕێگەی بەشـداریکردنی ویژدانییەوە؛ میدیا دەکاتە ئامڕازێکی بەهێزکردن، نەک دەستکارییکردن.

9.2.2.2: ڕەهەندی خۆشباریی خوێندەواریی میدیایی

ئەم ڕەهەندە پەیوەندیی بە توانای تاکەکان بۆ بەکارهێنانی میدیاوە هەیە؛ بە شـــێوەیەک کە دەروونـدروو ســـتییان بپارێزێت، بەتایبەت کاتێک خۆیان لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی زانیاریی ســـاختە یان ناوەڕکی تونـدوتیژ دووردەخەنەوە. ئەم ڕەهەندە؛ تاکەکان هانی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی ئەوتۆ دەدەن ، کە بەها ئەرێنییەکانی وەک: ئاشتیی و هاوکاریی بڵاوبکاتەوە، نەکئەوەی کینە و دابەشـــبوون درووســـتبکات. بۆ نموونە، کەســـێک دەتوانێت میدیا بۆ

بڵاوکردنەوەی بابەتێک بەکاربهێنێت ، کە ئاسایشی کۆمەڵایەتیی بەهێزبکات و خۆی لەو ناوەڕۆکانە بپارێزێت ، کە زیانی دەروونییان پێدەگەیەنێت (Buckingham, 2003). لە روانگەی ئەم پێناسەیەوە تۆژەر بەم شێوەیە پێناسەی دەکات ، ڕەهەندی خۆشباوەڕی خوێندەواریی میدیایی بریتییە **لە** توانا و بەرپرسیاریەتی تاکەکان بۆ بەکارهێنانی میدیا بە شێوەیەک کە سوودی تاکەکەسی و کۆمەڵگا بەگشتی بپارێزێت

10.2.2.2: ڕەهەندی زمانەوانیی خوێندەواریی میدیایی

خوێندەواریی میدیایی لە ڕەهەندی زمانەوانیی-ەوە؛ کار لەسەر پاراستن و بەرەوپێشبردنی زمانی دایک لەمیدیادا دەکات، چوونکە زمان هەر بە تەنیا ئامرازێکی پەیوەندییکردن نییە، بەڵکوو میراتی کولتووریی، ناسنامە و بەها هاوبەشەکان بەرجەستەدەکات. بەهۆی ئەوەی میدیا؛ سەرچاوەیەکی بەهێزی زانیاریی و دەربڕینە، ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی لە پێناسەکردنی بەکارهێنانی زمانەکان، پاراستن یان پەراوێزخستنیان-دا هەیە (Luan et al., 2023: 64). هەڵبەت دروستکردنی خوێندەواریی میدیایی سەبارەت بە زمانی دایک؛ گەرەنتی ئەوە دەکات کە خەڵک کەرەستەی میدیایی بە شێوەیەک بەکاربهێنن، ڕێز لە بنەچەی زمانەوانیی و کولتووریی خۆیان بگرن و بەهێزیان بکەن. ئەم ڕەهەندە جەخت لەسەر پاراستنی کولتووریی دەکاتەوە، چوونکە بەرکەوتن لەگەڵ میدیای نێودەوڵەتیی کە بە شێوەیەکی ئاسایی زمانە بیانییەکان زاڵن تێیدا، ڕەنگە ببێتە هۆی تێکچوونی زمانی دایک یان کەمبوونەوەی بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی، بەتایبەت لەنێو گروپی گەنجاندا. خوێندەواریی میدیایی لێرەدا؛ ڕێگە بە خەڵک دەدات کە ئەم ڕەوتە دەستنیشانبکەن و بۆ شانازیپێکردن و بەکارهێنانی زمانی دایک لە پەیوەندیی دیجیتاڵیی، داهێنان و کارلێکی کۆمەڵایەتییدا بەرەو پێشیاندەبات. هەروەها دەستڕاگەیشتن و گشتگیریی؛ دووهەم توخمە سەرەکیی ئەم ڕەهەندەیە کە ئەگەر ناوەڕۆکی میدیایی بە زمانی دایک بخرێتە بەردەست، ئەوا بەشداریکردن زیاتر دەبێت و ئەوەیش وا دەکات خەڵک لە هەموو چین و تۆژەکانی ژیانەوە دەستیان بە زانیاریی بگات و بۆچوونی دەنگی خۆیان بگەیەنن و لە مشتومڕی مەدەنییدا بەشداریبکەن (Long et al. 2023: 88). واتە خوێندەواریی میدیایی هاندەری هەستکردنە بە پێویستیی بۆ کارڕاییەکانی میدیای گشتگیر کە نوێنەرایەتیی جۆراوجۆری زمانەوانیی دەکەن. سەرەڕای ئەوەیش؛ زمانی دایک هاندەری داهێنان و بوونیادنانی ناسنامەیە، چوونکە بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی بە زمانی دایک شانازیی کولتووریی بەرز دەکاتەوە، دەربڕینی هونەریی چالاکدەکات و هەستی سەربەخۆیی دەبووژێنێتەوە و پەرە بە خوێندەواریی فرەزمان دەدات کە مرۆڤەکان دەتوانن بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و کاریگەرانە کار لەگەڵ هەردوو زمانی دایک و نێودەوڵەتییدا بکەن (Lee et al. 2024: 305). ئەم ڕەهەندە؛ گرنگی بە بەکارهێنانی زمانی سەرەکیی کۆمەڵ دەدات، ئەوەیش بۆ

تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی بەشێوەیەک لەگەڵ بەها و کولتووری ناوخۆییدا بگونجێت. کەواتە ڕەهەندی زمانەوانیی و بەکارهێنانی زمانی زگماکی دایک یارمەتیی تاکەکان دەدات، میدیا بە زمانی خۆیان بخوێننەوە و بەرهەمیبهێنن، ئەوەیش تێگەیشتنیان لە پەیامەکان قوولْتر دەکاتەوە و دەبنە هەوێنی پاراستنی ناسنامەی کولتووریی خۆیان. بۆنموونە، کەسێک بە زمانی دایکی خۆی ناوەڕۆکێک دروستبکات، دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەرتر پەیامەکانی بە کۆمەڵگەکەی بگەیەنێت و لەهەمانکاتدا خزمەت بە پاراستنی زمانەکەی بکات (Potter, 2013). لەو ڕوانگەیەوە؛ خوێندەواریی میدیایی بۆ هاوسەنگکردنی پەیوەندیی جیهانیی و ڕەسەنایەتیی کولتووریی زۆر گرنگە، چوونکە مرۆڤەکان لە ڕێگەی ڕاییکردنی هۆشیاریی ڕەخنەگرانە و بەکارهێنانی چالاکانەی زمانی دایک لە میدیادا کار بۆ پاراستنی فرەچەشنی زمانەوانیی و زیندووڕاگرتنی شووناسە کولتوورییەکان لە جیهانێکی فراوانتردا دەکات.

11.2.2.2: ڕەهەندی تەکنەلۆجیی خوێندەواریی میدیایی

ڕەهەندی تەکنۆلۆجیای خوێندەواریی میدیایی ئاماژەیە بۆ ئەو لێهاتوویی و هۆشیارییانەی پێویستن بۆ بەکارهێنانی کاریگەرانە، گونجاندن لەگەڵیان و هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە بۆ تەکنۆلۆجیا مۆدێرنەکان ، کە دروستکردن ، دابەشکردن و بەکارهێنانی میدیا لە قاڵب دەدەن. لە سەردەمی دیجیتاڵی ئەمڕۆدا، تەکنۆلۆژیا لە پەیوەندیکردن جیا ناکرێتەوە (Karaoğlu et al., 2025: 28)، لە مۆبایلە زیرەکەکان و پلاتفۆرمی سۆشیال میدیاوە تا زیرەکی دەستکرد و واقیعی گریمانەیی، تەکنۆلۆجیاکانی میدیا دیاریدەکەن کە چۆن زانیاری بەرهەمهێنان، دەستگەیشتن و هاوبەشکردنی زانیاری لەسەر ئاستی جیهانی. زانینی ئەم ئامرازانە کلیلی کارلێکی بەرپرسیارانە و واتاداراە. ئەم لایەنە، لە بناغەکەیدا، لەسەر خوێندەواریی دیجیتاڵی وەستاوە. خەڵک پێویستە لێهاتوویی بەڕێوەبردنی پلاتفۆرمە تەکنەلۆجییەکان و پاکێجی نەرمەکاڵا و ئامرازە ئۆنلاینەکان بە شێوەیەکی شارەزا بەدەستبهێنن. بەبێ ئەوان، تاکەکان لە کۆتاییدا تەنها بەکارهێنەرن نەک بەشداربووانی ژینگەی دیجیتاڵی. خوێندەواریی میدیایی گەرەنتی ئەوە دەکات، کە تاکەکان نەک تەنها شارەزا بن لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە تەکنۆلۆجیایانە، بەڵکوو لە هەڵسەنگاندنی ڕەوایی و گونجاوی و توانای ئاکارییەکانیان. خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکاریدا توخمێکی دیکەی جەوهەرییە. تەکنۆلۆجیا زۆر بە خێرایی دەگۆڕێت، جۆری نوێی میدیا و شێوازی کارلێککردن دەهێنێتە ناوەوە (Isaqov, 2024: 140)، کەسانی خوێندەوار لە بواری میدیادا دەتوانن خۆیان لەگەڵیدا بگونجێنن، هەمیشە توانا و زانیارییەکانیان نوێدەکەنەوە بۆ ئەوەی ببنە پەیوەندیکەر و بیرمەندی ڕەخنەگرانەی کاریگەر. هەروەها ئەم توخمە پرسەکانی ئاکاریی دیجیتاڵی و ئاسایش دەناسێنێت. بە بەکارهێنانی بەرفراوانی تەکنۆلۆجیا، پرسەکانی وەکو هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی، لەدەستدانی داتا و

جیاکاری لۆگاریتم چیتر نائاســـــایی نین. خوێندەواریی میدیایی خەڵک ڕادەهێنێت لەســـــەر پراکتیکی ســـــەلامەتی ژیانی دیجیتاڵی، تایبەتمەندی و بەکارهێنانی ئاکاریی تەکنۆلۆجیا (Huda & Hashim, 2022: 56)، رووبەکی تری ئەم ڕەهەندە پەیوەندیی بە توانای تاکەکانەوە هەیە بۆ تێگەیشـتن و بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆجییەکانی میدیا بە شـێوەیەکی کارا و بەرپرسـیارانە. ئەم بوارە تاکەکان فێردەکات، چۆن تەکنیکەکانی وەک سۆفتوێرەکانی دەستکاریی وێنە و ڤیدیۆ یان پلاتفۆرمەکانی بڵاوکردنەوە بە شـــێوەیەکی ئاکاریی بەکاربهێنن. هەروەها یارمەتییاندەدات لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی تەکنۆلۆجیا وەک ســـــاختەی قوول (Deepfake) خۆیان بپارێزن. بۆنموونە، کەســـێکی شـــارەزا دەتوانێت بناســـێتەوە کە ڤیدیۆیەک دەســـتکاری کراوە یان نا، لەهەمـانکـاتـدا خۆی بتوانێت نـاوەڕۆکێکی تەکنیکی دروســـــتبکـات کە خزمەت بە ئـامـانجە ئەرێنییەکانی کۆمەڵ بکات (Livingstone, 2004). لە بەر ڕۆشـنایی ئەم پێناسـانەی سـەرەوە ئەم توێژینەوەیە پێیوایە؛ لایەنی تەکنەلۆجی مرۆڤ دەتوانێت ببێتە دروســـــتکەر، نەک تەنها بەکـاربەر و پەرە بە داهێنـان و هۆشـــــیـاریی ڕەخنەگرانە و لێپرســـــینەوەی ئـاکـاریی لە ڕووبەڕووبوونەوەی جیهـانێکی میدیـایی دەدات کە بە شـــــێوەیەکی داینـامیکی دەگۆڕێت. بە فەرمانێکی ئەم ڕەهەندە؛ تاکەکان دەتوانن زۆرترین سوودی تەکنۆلۆجیا بەدەستبهێنن و دەست بۆ کەمترین مەترســـییەکان بەرن، ئەمەیش ڕێگە بە میدیا دەدات پشـــتگیریی لە گەشـــەپێدانی تاکەکەسیی و هەروەها پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییشدا بکات.

12.2.2.2: ڕەهەندی ژینگەیی خوێندەواریی میدیایی

ڕەهەندی ژینگەیی خوێندەواریی میدیایی تیشکدەخاتەسەر بەکارهێنانی میدیا لە دروستکردنی هۆشـیاریی لە پرســە ژینگەییەکان و کاریگەریکردن لەســەر هەڵوێســتەکان بەرامبەر بە ژیانی بەردەوام. لە سـەردەمی گۆڕانی کەشـوهەوا ، پیسـبوون و لەدەسـتدانی جۆراوجۆری زیندوودا، ئێســتا میدیا میکانیزمێکی گرنگە بۆ زانیاری گشــتی و دارشــتنی ڕەفتاری ژینگەیی و هاندانی کردەوەی بەکۆمەڵ. خوێندەواربوون بەم واتایە بریتییە لە شـــــیکردنەوەی ڕەخنەگرانە پەیام و هەڵمەت و چیرۆکە ژینگەییەکان. هەروەها جیاکردنەوەی زانیاری هەڵە یان زیادەڕەوییکردن (Heiss et al., 2023: 211)، بوونیادنانی هۆشـــیاری پێکهاتەیەکی گرنگی ئەم ڕەهەندەیە. فلمە دیکۆمێنتارییەکان و هەواڵە هەواڵییەکان و هەڵمەتە ئۆنلاینەکان زۆرجار چیرۆکی گەرمبوونی جیهان، دارســتانبڕین و بەکارهێنانی وزەی نوێبووەوە دەخاتەڕوو. خوێندەواریی میدیایی ڕێگە بە مرۆڤ دەدات، ڕەوایەتی ئەو جۆرە زانیاریانە بپشــکنێت و ڕاســتی زانســتی لە ئەفســانە جیابکاتەوە و کاریگەری قەیرانی ژینگەیی لەســـــەر ژیانی ڕۆژانەی خۆی بزانێت. پێکهاتەی گرنگی دیکە بەکـارهێنـانی ئـاکـاریی میـدیـا و تەکنۆلۆجیـایە. بەرهەمهێنـان و بەکـارهێنـانی تەکنۆلۆجیای میدیا وەک مۆبایلە زیرەکەکان و کۆمپیوتەر و ســێرڤەرەکان کاریگەری لەســـەر

ژینگە هەیە، لە پاشـــماوەی ئەلیکترۆنییەوە تا بەکارهێنانی وزە. خوێندەواریی میدیایی یارمەتی بەرزکردنەوەی هۆشـــیاری دەدات لە ڕەفتـاری بەردەوام، بۆ نموونە لە ســـەرلەنوێ چارەســەرکردنەوەی ئامێرەکان، کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی دیجیتاڵی و داکۆکیکردن لە داهێنانە ســـەوزەکان. هەروەها ئەم لایەنە جەخت لەســـەر داکۆکیکردن و بەشـــداریکردن دەکاتەوە. ماڵپەڕەکانی سـۆشـیال میدیا کەناڵی بەهێز پێشـکەشـدەکەن بۆ چالاکیی سـەوز کە کۆمەڵگە و ڕێکخراوەکـان دەتوانن خەڵکی جیهـانی تێـدا بەشـــداربن (Hafida, 2025: 5)، هـاوڵاتیـانی خوێنـدەوار لە بواری میـدیـادا دەتوانن بە شـــێوەیەکی ڕەخنەگرانە پشـــتگیری لەم جۆرە بزووتنەوانە بکەن، هەوڵە ڕاســـتەقینەکانی ســـەوزایی بناســـن و چالاکانە بەشـــداری لەگەڵ بەردەوامیی ئیکۆلۆجیدا بکەن. ئەم ڕەهەندە گرنگی بە بەکارهێنانی میدیا دەدات وەک ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشـــیاری ســـەبارەت بە پرســـە ژینگەییەکان، وەک گۆڕانی کەشـــوهەوا، پیســـبوونی ژینگە و پاراســـتنی ســـەرچاوە ســـروشـــتییەکان. خوێندەواریی میدیایی تاکەکان فێردەکات، چۆن ناوەڕۆکێک دروســـتبکەن کە هانی هەڵســـوکەوتی ژینگەدۆســـتانە بدات و لە هەمان کاتدا بەرەنگاری ئەو زانیارییانە ببنەوە کە گرنگیی ئەم بابەتانە کەم دەکەنەوە بۆنموونە، کەسـێکی هۆشـیار دەتوانێت لە پلاتفۆرمەکانی میدیای کۆمەڵایەتی هەڵمەتێک بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی پلاسـتیک ڕێکبخات، بەپشـتبەسـتن بە داتا و سـەرچاوەی باوەڕپێکراو (Thoman and Jolls, 2004). لە ڕوانگەی بیرو بۆچونەکانی ســـەرەوە تویژەر لە ڕەهەندی ژینگەیی خوێندەواریی میدیایی هاوڵاتی بەرپرســـیار لە ژینگەدا دەچێنێت کە تەنها میدیا بەکاردەهێنن بۆ وەرگرتنی زانیاری، بەڵکو بۆ وەرگرتنی بەرپرســـیاریێتیش. بە بەکارهێنانی میدیا کە لەگەڵ بنەماکـانی بەردەوامیـدا هـاوتەریبە، بەکـارهێنەرانی کـاردەکەن بەرەو پـاراســـتنی ژینگە و پەرەپێدانی داهاتوویەکی بەهێزتر و بەردەوام.

13.2.2.2: ڕەهەندی ئابووریی خوێندەواریی میدیایی

لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، یوتیووب گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. تا ساڵی 2023، مانگانە زیاتر لە 2.5ملیار بەکارهێنەری چالاکی هەبووە. پلاتفۆرمەکە پشتگیری لە زیاتر لە 80 زمان دەکات و لە زیاتر لە 100 وڵاتدا بەردەستە، ئەمەش وایکردووە ببێتە یەکەیەکی جیهانیی ڕاستەقینە. هەمەچەشنیی ناوەڕۆک لە یوتیووب—لە ڤلۆگ، فێرکاری، و ڤیدیۆکلیپەوە تا دەگاتە فیلمی دیکۆمێنتاری و پەخشی ڕاستەوخۆ—خزمەت بە کۆمەڵێک بینەری بەرفراوان دەکات (James, 2019). لە سەرەتاکانی ساڵی 2015، بەرهەمهێنەرانی یوتیووب لە شاری سان برونۆی ویلایەتی کالیفۆرنیا بیرۆکەی دروستکردنی پلاتفۆرمەکەیان گەشەپێدا. تەنها 10 مانگ دوای دامەزراندنی، لە ساڵی 2016، کۆمپانیای گوگڵ یوتیووبی بە بڕی 1065 بلیۆن دۆلار کڕییەوە. دوای ئەم کڕینە، گوگڵ کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گرنگی لە بەرنامەکەدا کرد و بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێشی برد(Bitzenbauer et al., 2024: 430). یوتیووب سەرەتا تەنها ماڵپەڕێک بوو، بەڵام دواتر بە جۆرێک پەرەیپێدرا ، کە بتوانرێت لەسەر هەموو ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی وەک مۆبایل، تەلەفزیۆن، و کۆمپیوتەر بەکاربهێنرێت و بە چەندین بەرنامەی ترەوە ببەسترێتەوە. بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک لەلایەن بەکارهێنەرانەوە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ بەناوبانگبوونی بەرنامەکە و فراوانبوونی بنکەی بەکارهێنەرانی. تێچووی سەرەتایی دروستکردنی یوتیووب بە نزیکەیی ٢٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بوو(Osman et al., 2022: 3) لە ساڵانی ڕابردوودا، یوتیووب سەرنجیخستووەتەسەر باشترکردنی جۆرێتی ناوەڕۆکەکانی و هەروەها تایبەتمەندیی نوێی خستووەتەڕوو، وەک "کورتە ڤیدیۆی یوتیووب" (YouTube Shorts) ، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕکابەری لەگەڵ پلاتفۆرمەکانی تری وەک تیکتۆک بکات. لە کۆتایدا ؛ یوتیووب لە ماوەی کورتدا لە پلاتفۆرمێکی سادەی هاوبەشکردنی ڤیدیۆوە گۆڕاوە بۆ دەنگەدانگترین خزمەتگوزاریی دیجیتاڵیی جیهان، پشتگیریی لە زیاتر لە 80 زمان، ئەم گەشەسەندنە نیشان دەدات کە یوتیووب تەنها پلاتفۆرمێکی تەکنەلۆجی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی و کولتوورییە کە شێوەی ئاڵوگۆڕی زانیاری و سەرگەرمی لە جیهاندا گۆڕیوە.

2.4.2: چەناڵی یوتیووب و تایبەتمەندی پەیامەکانی

بەپێی (فهمي، ٢٠١٧: ١٤٢-١٤٤)، دیارترین تایبەتمەندییەکانی چەناڵی یوتیووب بریتین ئەمانەی خوارەوە:

یەکەم؛ بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی هەمەچەشن: بەکارهێنەران توانای ئەپلۆدکردنی ڤیدیۆیان هەیە و دەتوانن ئاستی بینینی ڤیدیۆکانیان بە سێ شێوازی جیاواز دیاربیبکەن: گشتیی (Public)، تایبەت (Private) یان نالیستکراو (Unlisted) . پلاتفۆرمەکە پشتگیریی لە جۆرە ناوەڕۆکی هەمەچەشن دەکات، لە فێرکاریی و ڤلۆگ-ەوە تا دەگاتە ڤیدیۆکلیپ و فلمی دۆکومێنتاریی.

دووهەم؛ پەخشی ڕاستەوخۆ: یوتیووب تایبەتمەندیی پەخشی ڕاستەوخۆی هەیە کە ڕێگە بە دروستکەرانی ناوەڕۆک دەدات لە کاتی ڕاستەقینەدا لەگەڵ بینەرەکانیان کارلێکبکەن لە ڕێگەی تایبەتمەندییەکانی وەک چاتی ڕاستەوخۆ و ڕاپرسییەوە.

سێهەم؛ بەدەستهێنانی داهات: دروستکەرانی ناوەڕۆک دەتوانن لە ڕێگەی چەندین شێوازەوە داهات بەدەستبهێنن، وەک دانانی ڕیکلام لەسەر ڤیدیۆکان، ئەندامێتیی کەناڵ (Channel Memberships)، و هاوبەشیکردن لە داهاتی یوتیووبی پریمیۆم.(YouTube Premium) .

چوارهەم؛ کورتە ڤیدیۆی یوتیووب: ئەمە تایبەتمەندییەکە بۆ دروستکردن و هاوبەشکردنی ڤیدیۆی کورتی ستوونی و سەرنجڕاکێش تا 60 چرکە، کە هاوشێوەی سەکۆکانی وەک تیکتۆک و ئینستاگرام ڕیڵزە.

پێنجهەم؛ ژێرنووس: ڤیدیۆکان دەتوانن ژێرنووسی دەستی (کە لەلایەن بەکارهێنەرەوە دادەنرێت) یان ژێرنووسی ئۆتۆماتیکی (کە لەلایەن پێرەوەکەوە دروستدەکرێت) لەخۆبگرن. ئەم تایبەتمەندییە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتنی ناوەڕۆکەکە بە بینەری زیاتر، لەوانەش ئەو کەسانەی کێشەی بیستنیان هەیە.

شەشهەم؛ پۆستی کۆمەڵ: ئەو دروستکەرانەی کەناڵەکانیان مەرجەکانیان تێدایە، دەتوانن لە ڕێگەی "پۆستی کۆمەڵ وە لەگەڵ بینەرەکانیان پەیوەندیبکەن. ئەمەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پۆستی نووسراو، ڕاپرسی، وێنە، و نوێکارییەوە دەبێت، کە لە دەرەوەی ناوەڕۆکی ڤیدیۆییە.

3.4.2: چەناڵی یوتیووب و پەیامەکانی پەروەردەی میدیایی منداڵ

لە چاخی دیجیتاڵی هاوچەرخدا؛ یوتیووب وەک سەکۆیەکی باڵادەست دەرکەوتووە ، کە بووەتە سەکۆیەکی سەرەکی بۆ بەکاربردنی میدیایی منداڵان و کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر پەروەردەیان هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، پەروەردەی میدیایی، بەتایبەتی کاتێک ئاراستەی بینەرانی گەنج دەکرێت، منداڵان بەو کارامایییە بنەڕەتییانە پڕ چەک دەکات ، کە پێویستن بۆ مامەڵەکردن و شیکردنەوەی ئەو ناوەڕۆکە بەرفراوانەی لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان پەروەردەی میدیایی و یوتیووب ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە پەرەپێدانی هاووڵاتییەکی دیجیتاڵیی هۆشیار و بەرپرسیاردا دەگێڕێت. ئامانجی سەرەکیی پەروەردەی میدیایی بریتییە لە بەهێزکردنی منداڵان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ میدیادا کارلێکبکەن، توانای جیاکردنەوەی زانیاریی باوەڕپێکراویان لە زانیاریی ناڕاست هەبێت، و لە پاڵنەرە شاراوەکانی پشت شێوازە جیاوازەکانی ناوەڕۆکی میدیایی تێبگەن. یوتیووب، وەک یەکێک لە پلاتفۆرمە هەرە بەناوبانگەکانی منداڵان، کۆمەڵێک ناوەڕۆکی هەمەچەشن پێشکەشدەکات، لە ڤیدیۆی پەروەردەییەوە تا دەگاتە کات بەسەربردن. لە کاتێکدا ئەمە هەڵێکی گەورە بۆ فێربوون دەڕەخسێنێت، لە هەمانکاتدا ئاڵنگاریی وەک بەرکەوتن بە ناوەڕۆکی زیانبەخش، کاریگەریی ڕیکلامی نەگونجاو، و مەترسییەکانی پەیوەست بە ناوەڕۆکی دروستکراوی بەکارهێنەر دەخاتەڕوو (شیماء و حمزة، 2020: 42). توێژینەوەکان جەخت لەسەر گرنگیی ڕێنمایی و چاودێریی گەورەکان (باوان و پەروەردەکاران) دەکەنەوە. ئەوان دەتوانن وەک "ڕێنیشاندەری میدیایی" خزمەتبکەن و یارمەتیی منداڵان بدەن بۆ لێکدانەوە و بەکارهێنانی ناوەڕۆکی یوتیووب بە شێوەیەکی سوودبەخش. بەم شێوەیە، یوتیووب لە تەنها سەکۆیەکی کات بەسەربردنەوە دەگۆڕێت بۆ سەرچاوەیەکی پەروەردەیی ، کە لەگەڵ بنەماکانی خوێندەواریی میدیاییدا هاوتەریبە؛ لە کاتێکدا یوتیووب توانای پەروەردەیی بێئەندازەی هەیە، بەڵام پێویستی بە لێهاتوویی خوێندەواریی میدیایی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی بەکارهێنەر بەناو ئاڵۆزییەکانیدا تێپەڕێت. توێژینەوەکان ئاماژە بە بوونی دابەشبوونێکی دیجیتاڵیی (digital divide) دەکەن کە جیاوازی لە دەستڕاگەیشتن و تێگەیشتندا، ڕێگرە لە بەردەم هەندێک منداڵدا بۆ سوودمەندبوونی تەواو لە سەکۆ میدیاییەکان. بۆیە، بە تێکەڵکردنی پەروەردەی میدیایی لە پیرەوی فەرمی و دروستکردنی ژینگەیەکی پشتگیر بۆ گەڕانی دیجیتاڵی، پەروەردەکاران و دایک و باوکان دەتوانن یارمەتیی منداڵان بدەن بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لە یوتیووب وەربگرن، لە هەمان کاتدا مەترسییەکانی کەمبکەنەوە. (Zineb، 2022). لە کاتێکدا یوتیوب توانای پەروەردەیی بێئەندازەی هەیە، بەڵام پێویستی بە لێهاتوویی خوێندەواریی میدیایی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی بە بەنێو ئاڵۆزییەکاندا بڕوات و دوور بێت لە هەموو کێشەیەک، توێژینەوەکان "دابەشبوونێکی دیجیتاڵی" یان دەستنیشانکردووە ، کە جیاوازی لە دەستڕاگەیشتن و تێگەیشتندا سنووردارەکات بۆ هەندێک منداڵ لە سوودمەندبوونی تەواو لە سەکۆ میدیاییەکان، بە تێکەڵکردنی پەروەردەی میدیا لە پیرەوی پەروەردە و پەروەردەکردنی ژینگەیەکی پشتگیر بۆ گەڕانی دیجیتاڵی، پەروەردەکاران و دایباب دەتوانن یارمەتی منداڵان بدەن بۆ زۆرترین سوود وەرگرتن لە یوتیوب و لە هەمان کاتدا کەمکردنەوەی مەترسییەکانی.لە کۆتایدا ؛یوتیووب وەک گرنگترین پلاتفۆرمی میدیایی بۆ نەوەی نوێ، پێداویستیی پەروەردەی میدیایی لە منداڵاندا دەکاتە پرسێکی ئەوڵەویەتدار،منداڵان زۆرجار یوتیووب وەک یەکەمین سەرچاوە بۆ فێربوون و زانیاری بەکاردەهێنن، ناوەڕۆکەکان ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی منداڵان هەیە، پەروەردەی میدیایی پێویستیەکی سروشتی نابێت، بەڵکو کارامەییەکی ژیانیی بنەڕەتییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دنیای دیجیتاڵی ئەمڕۆ .

4.4.2: چەناڵی یوتیووب و پەیامەکانی پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی

خوێندەواریی میدیایی وەک کارامەییەکی بنەڕەتی و پێویست بۆ منداڵان دێتە ئەژمار، تا بتوانن بە شێوەیەکی هۆشیارانە لەناو ئاڵۆزییەکانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانی وەک یوتیووبدا مامەڵەبکەن. ئەم چەمکە، کە بە توانای شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە، هەڵسەنگاندن، و دروستکردنی ناوەڕۆک پێناسەدەکرێت، منداڵان بەهێزدەکات بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی واتادار و بەرپرسیارانە لەگەڵ ناوەڕۆکی دیجیتاڵیدا کارلێکبکەن (Livingstone, 2020. 12) یوتیووب؛ وەک یەکێک لە بەناوبانگترین سەکۆکانی منداڵان، دەرفەتی بەرفراوان بۆ فێربوون و کاتبەسەربردن پێشکەشدەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا ئاڵنگاریی وەک بەرکەوتن بە زانیاریی هەڵە و ناوەڕۆکی نەگونجاویان بۆ دروستدەکات. لە لایەکی ئەرێنییەوە، یوتیووب چەندین کەناڵی پەروەردەیی لەخۆ دەگرێت، وەک `Crash Course Kids` و`Sesame Street` ، کە فێربوون لە بوارەکانی زانست، بیرکاری، و هونەردا بەهێزدەکەن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەچێنن، ئەمەش بەشدارە لە گەشەی درکۆێکردن و سۆزداریی منداڵاندا. جگە لەوەش، یوتیووب هانی منداڵان دەدات بۆ دروستکردنی ناوەڕۆکی خۆیان، کە لە ڕێگەی چالاکییەکانی وەک مۆنتاژکردنی ڤیدیۆ و چیرۆککێڕانەوە، توانای تەکنیکی و خۆدەربڕینیان بەرزدەکاتەوە و فێری چۆنیەتیی بوونیادنانی میدیایان دەکات (Horrigan, 2019: 35-37) . بەبێ شارەزایی لە خوێندەواریی میدیاییدا، منداڵان ڕەنگە کێشەیان هەبێت لە جیاکردنەوەی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان لە ناوەڕۆکی چەواشەکارانە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زانیاریی نادروست. هەروەها، ڕێکلامەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر یوتیووب هەیە و دەتوانن هەڵبژاردنەکانی منداڵان ئاراستەبکە (Martin & Smith, 2021: 50-53). بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگاریانە، پێویستە پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی بە شێوەیەکی پیرەوبەند لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندن و ستراتیجییەکانی پەروەردەکردندا تێکەڵبکرێت. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە ئەو بەرنامانەی گرنگی بە هەردوو لایەنی شیکاریی ڕەخنەگرانە و دروستکردنی ناوەڕۆک دەدەن، توانای منداڵان بۆ مامەڵەکردنی بەرپرسیارانە لەگەڵ میدیای دیجیتاڵیدا باشتر دەکەن. لەم نێوەندەدا، دایباب ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە ڕێگەی گفتوگۆکردن لەسەر مەترسییە ئۆنلاینەکان و دانانی سنوور بۆ کاتی بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان. بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگاریانە، دەتوانرێت پەروەردەی خوێندەواری میدیا بخرێتە ناو ڕێبازی قوتابخانە و ستراتیجییەکانی پەروەردەکردنی منداڵەوە، توێژینەوەکان دەریدەخەن ، کە ئەو بەرنامانەی گرنگی بە هەردوو شیکاری ڕەخنەگرانە و دروستکردنی ناوەڕۆک دەدەن توانای منداڵان بۆ لێکدانەوە و بەرهەمهێنانی میدیای دیجیتاڵی بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە باشتر دەکەن (Nguyen, 2022: 60-63). لە کۆتاییدا، خوێندەواریی میدیایی وەک پردێک لە نێوان هەل و مەترسییەکانی سەکۆکانی وەک یوتیووبدا کاردەکات. بۆیە، لێکۆڵینەوەی بەردەوام و پەرەپێدانی سیاسەتی گونجاو پێویستە بۆ دڵنیابوون لەوەی ، کە پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی لەگەڵ دیمەنی دیجیتاڵیی هەمیشە لە گۆڕاندا هاوتەریبە.

1.4.4.2: گۆرانیی و پەیامەکانی چەنالی یوتیووبی منداڵان

گۆرانی؛ یەکێکە لە کۆنترین و ڕەسەنترین شێوازەکانی دەربڕینی مرۆڤ، کە تێیدا هەست ، سۆز و چیرۆکەکان لە ڕێگەی دەنگێکی مۆسیقییەوە بەرجەستەدەبن. ئەم هونەرە تەنها بریتینییە لە بەرهەمهێنانی دەنگێکی خۆش، بەڵکو پێواژۆیەکی ئاڵۆزی تەکنیکی و سۆزداریە کە شارەزایی و ڕاهێنانی بەردەوامی دەوێت (لهۆنی ، ٢٠٢٥). گۆرانیوتن بە شێوەیەکی بنەڕەتیی؛ بریتییە لە بەرهەمهێنانی دەنگی مۆسیقی لە ڕێگەی کۆئەندامی دەنگی مرۆڤەوە. ئەم پرۆسەیە چوار توخمی سەرەکی لەخۆدەگرێت. ئاواز (Melody) : بریتییە لە زنجیرەیەک نۆتەی مۆسیقی کە بە دوای یەکدا دێن و چوارچێوەی سەرەکی گۆرانییەکە پێکدەهێنن. سەروا (Rhythm) ؛ کات و خێرایی نۆتەکان و چۆنێتی دابەشبوونیانە لە چوارچێوەی کاتدا. هارمۆنی (Harmony) : بریتییە لە تێکەڵکردنی چەند دەنگێک پێکەوە بۆ دروستکردنی دەنگێکی گونجاو و پڕ. دەقی گۆرانی (Lyrics)؛ وشە و ڕستەکانی گۆرانییەکەن کە پەیام و ناوەڕۆکی کارەکە دەگەیەنن. کەواتە گۆرانییوتن دەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستنی کولتوور و ناسنامەی نەتەوەیەک، بۆنموونە: زۆرێک لە هونەرمەندانی کورد لە ڕێگەی گۆرانییەوە هەوڵی پاراستنی هونەر و کولتووری کوردییان داوە.

2.4.4.2: گۆرانیی منداڵان و هونەرەکانی بەرهەمهێنان و پەخشکردنی

بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە گۆرانیبێژێکی سەرکەوتوو، پێویستە شارەزایی لە چەندین تەکنیک و هونەری جیاوازدا هەبێت. گرنگترین ئەم هونەرانە بریتین لە (Buhaicius , 2012 : 74-76):

یەکەم؛ کۆنترۆڵکردنی هەناسە: ئەمە بەردی بناغەی گۆرانی وتنێکی باشە گۆرانیبێژ دەبێت فێری ئەوە بێت ، کە چۆن هەناسەیەکی قوول و دروست وەربگرێت و بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاریبهێنێتەوە بۆ پشتگیریکردنی دەنگی و وتنی ڕستە مۆسیقییە درێژەکان بەبێچڕان

دووهەم؛ کۆنترۆڵکردنی تۆنی دەنگ: بریتییە لە توانای گۆرانیبێژ بۆ گەیشتن بە نۆتە مۆسیقییەکان بە وردی و بەبێ هەڵە (فالش). ئەمەش پێویستی بە گوێیەکی مۆسیقیی باش و ڕاهێنانی بەردەوامی ژێیەکانی دەنگ هەیە

سێهەم؛ ڕەنگ و کوالێتی دەنگ : هەر گۆرانیبێژێک خاوەنی ڕەنگە دەنگێکی تایبەت بە خۆیەتی. هونەری گۆرانیبێژ لەوەدایە کە چۆن ئەم ڕەنگ و دەنگە بەکاردەهێنێت و گەشەی پێدەدات بۆ دروستکردنی کاریگەری جیاواز، وەک دەنگێکی نەرم و سۆزدار یان دەنگێکی بەهێز و دراماتیکی

چوارهەم؛ ڕوونبێژیی و دەربڕین : بریتییە لە وتنی وشە و بزوێنەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، تاوەکو گوێگر بە ئاسانی لە تێکستی گۆرانییەکە تێبگات. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی پەیامی گۆرانییەکە بە شێوەیەکی کاریگەرتر.

پێنجهەم؛ دەربڕینی سۆز و هەست :گۆرانیبێژی سەرکەوتوو تەنها نۆتەکان ناڵێت، بەڵکو هەست و سۆزی ناو گۆرانییەکەش دەگوازێتەوە بۆ گوێگر. ئەمەش لە ڕێگەی گۆڕانکاری لە هێز و

خێرایی و ڕەنگی دەنگەوە دەکرێت، کە وا دەکات گوێگر پەیوەندییەکی سۆزداری لەگەڵ گۆرانییەکەدا دروستبکات.

شەشەم؛ بەکارهێنانی ناوچە جیاوازەکانی دەنگ :گۆرانیبێژ دەبێت توانای بەکارهێنانی ناوچە جیاوازەکانی دەنگی هەبێت، وەک: دەنگی سنگ "chest voice" ودەنگی سەر ("head voice" و بتوانێت بە شێوەیەکی نەرم و بێ کێشە لە نێوانیاندا هاتوچۆ بکات.

لەو سۆنگەیەوە گۆرانیی منداڵ؛ دەبێت زمانی سادە و تێگەیشتوو بێت، پەیامی پەروەردەیی و ئەخلاقی و ڕێتمی خۆش و چالاککەری هەبێت. هەروەها دەبێت گۆرانییەکان بەشێوازێک ئامادە بکرێت بۆ منداڵان، ئامادەکردن بۆ بینینی زیندوو یان تۆمارکردن، بەکارهێنانی ئامرازی مۆسیقیی گونجاو، دروستکردنی کلیپی ڤیدیۆیی سەرنجڕاکێش؛ پاشان پەخشکردن لە پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکاندش. ئەم لێهاتوویانە پێویست نین تەنها بۆ گۆرانیبێژانی پیشەیی، بەڵکوو یارمەتیدەرن بۆ هەر کەسێک بیەوێت دەنگی خۆی باشتر بکات یان لە بواری مۆسیقیدا بەشدار بێت.

3.4.4.2: گۆرانیی منداڵان و پەیامەکانی

گۆرانییوتن؛ تەنها پیشەیەکی هونەری نییە، بەڵکوو بۆ زۆر کەس خەون و ئارەزووی منداڵییە ،هەروەها دەکرێت ببێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ فێرکردنی منداڵان، وەک فێرکردنی ڕەنگەکان یان بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی گۆرانییەوە. لە لایەکی ترەوە، تێکستی گۆرانییەکان دەتوانن گوزارشت لە بابەتە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بکەن و هەستی خۆشەویستی بۆ وڵات بەهێز بکەن. واتە هونەری گۆرانییوتن تێکەڵەیەکی ئاڵۆزی بەهرە، زانست، و سۆزە. گۆرانیبێژێکی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە دەتوانێت بە هاوسەنگییەکی تەواو لە نێوان تەکنیکە دەنگییەکان و دەربڕینی سۆزداریدا کاربکات و کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر ڕۆح و هەستی گوێگرانی دابنێت. تۆێژەر پێیوایە؛ کۆمەڵێک فۆرمی کوردیی هەن کە میوزیکی کوردی جیا دەکاتەوە لە فۆرم و پەیژەی میوزیکی ڕۆژهەڵات و تایبەتن بە ناوچە جیاجیا کوردیەکان و لە شێوازی پێشکەشکردن و خوێندنیاندا بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت کە بەجیا و لە داڕشتنی میوزیکدا بەکاردەهێنرێن و لەزۆر میوزیکی دراماکاندا بەکارهاتوون، جۆرەکانی میوزیک و گۆرانی کوردی (غازی، ٢٠٢٤).

I. **لاوک و لاوژە؛** هەموو ئەو ناوچە کورد نشینانەی کە ئاخاوتنیان بە دیالێکتی کرمانجی باکوورە.
II. **حەیران؛** ناوچەکانی: قەرەچوغ، بێژنگ بەسەر، کەندیناوە، زوور گەزراو، شەمامک، هەولێر، سەفین، هەیبەت سوڵتان، ڕایات، زینۆی شێخان، ڕەواندز، هەندرێن، زۆزک، گەلی عەلی بەگ، داری سەکران، خۆشناوەتی، پشدەر، بتوێن، دەشتی دزەیی، موکریان.
III. **سیاوچەمانە؛** هەموو ناوچەی هەورامان لەوانە: هەورامانی تەخت، لهۆن کە بریتییە لە ناوچەی پاوە و نەوسود، هەورامانی تەخت کە بریتییە لە ناوچەی دزڵیی و بەشێکی ژاوەڕۆ و مەریوان و دەوروبەری گوندەکانی خۆرئاوای سنە.

IV. **هۆرە؛** ناوچەکانی: کرماشان، ئیلام، لەکستان، لوڕستان، زەهاو، ئیسلام ئاباد، کرند، گێلانی غەرب، قەسری شیرین، بێستون، هەرسین، سەحنە، دینەوەر، سونقوری کولیایی، ماهیدەشت، شارەزوور

V. **سۆز؛** ڕۆخەکانی رووباری سیروان لە نزیک کەلار و دەوروبەری و ناوچەکانی کەڵهوڕنشینەکان.

VI. **چەمەریی؛** ناوچەکانی ئیلام و لوڕستان و کرماشان.

VII. **بەیت و بالۆرە؛** هەموو ناوچەکانی موکریان دەگرێتەوە. هاوکات ئەڵاوەیسیی، خورشیدیی، خاوکەر و ئای ئای ناوچەکانی گەرمیان دەگرێتەوە.

4.4.4.2: گۆرانیی منداڵان و ڕەهەندە میدیایی و پەروەردەییەکانی

لە هەرێمی کوردستان؛ کۆلێژ و پەیمانگەی تایبەت بە هونەرە جوانەکان هەن کە خوێندکاران تێیدا دەخوێنن و زیاتر گرنگی بە لایەنە هونەرییەکان دەدرێن کە ئەوانیش لەچەند لقێک پێکهاتوون، لەوانە: هونەرە پلاستیکییەکان؛ بۆنموونە: نیگارکێشان، پەیکەرسازیی و فۆتۆگرافیی. هونەرە بینراو و بیستراوەکان؛ بۆنموونە: مۆزیک، فلم و تەلەفزیۆن. هونەرە نمایشییەکان و دیزاین؛ لەوانە: تەلارسازیی، ڕازاندنەوە و دیزاینی ناوەوە لەگەڵ پەروەردەی هونەر-دا.

I. **وێنەکێشان؛** بریتییە لە بەکارهێنانی ڕەنگ و کەرەستەی جیاواز بۆدرووستکردنی وێنەی دوو ڕەهەندیی لەسەر ڕووبەرێک وەک: کانڤاس یان کاغەز.

II. **پەیکەرسازیی؛** بریتییە لە شێوەدان بە مادەدە ڕەقەکان، وەک: بەرد، دار یان کانزا بۆ دروستکردنی مۆدێلی سێ ڕەهەندیی.

III. **وێنەگرتن؛** کامێراکەت بەکاربهێنە بۆ بەڵگاندنی ساتەکان و دروستکردنی وێنە.

IV. **چاپکردن؛** تەکنیکەکانی دروستکردنی کۆپیی دووبارەی کارە هونەرییەکان بە بەکارهێنانی قاڵب یان شاشە.

V. **هونەرە دەنگیی و بیستراوەکان؛** میوزیک هونەری دەربڕینی هەست و بیرکردنەوە لە ڕێگەی دەنگ و ڕیتم-ەوە.

VI. **فلم و تەلەڤزیۆن؛** هونەری چیرۆککێڕانەوە لە ڕێگەی فلمی جوڵاو و دەنگ-ەوە.

VII. **هونەرە نمایشییەکان:** نواندن؛ هاوشێوەکردنی کارەکتەر یان دۆخێکە لەسەر شانۆ.

VIII. **دەرهێنانی شانۆ؛** سەرپەرشتیکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی نمایشی شانۆ

IX. **دیزاینی شانۆ؛** دروستکردنی ژینگەیەکی شانۆیی گونجاو بۆ نمایشەکە.

X. **تەلارسازیی**؛ هونەر و دیزاینی بینا و پێکهاتەکان.

XI. **دیزاینی ناوەوە؛** پلاندانان و دیزاییکردنی فەزای ناوەوەی بیناکان.

XII. **دیزاینی گرافیک؛** دروستکردنی گرافیک، لۆگۆ و توخمە بینراوەکانی تر بۆ پەیوەندییکردن.

XIII. **دیزاینی پیشەسازیی؛** دیزاینی بەرهەمی پیشەسازی.
XIV. **پەروەردەی هونەر:** وانەوتنەوە؛ فێرکردنی هونەر لە قوتابخانە و پەیمانگاکان.
XV. **توێژینەوە؛** لێکۆڵینەوە و پەرەپێدانی شێوازی نوێ لە پەروەردەی هونەرییدا.
XVI. **هۆشیاریی؛** بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لە گرنگی هونەر و ڕۆڵی لە کۆمەڵ-دا.

لەو سۆنگەیەوە؛ هونەری گۆرانییوتن لە منداڵان و گەورەدا وەکیەکە. ئەو میوزیکژەن-ەی کێش و سەروا بۆ گۆرانییێژێکی گەورە دادەنێت، دەشتوانێت بۆ منداڵێکی دابنێت، بەڵام لە گەڵ منداڵدا تۆن و ژێیەکان نەرمترن، چوونکە دەنگی منداڵ چەند ژێیەک دەتوانێت دەربببڕێت (لهونی، ٢٠٢٥). ئەوەی گۆرانی منداڵ لە گۆرانی گەورە جیادەکاتەوە؛ تەنها هۆنراوەکەیە، چوونکە ئەوەی هۆنراوەی گەورە دەنوسێت، هەستی دەربڕینی وشە و پێکەوەلکاندنی جیاوازە لە گەڵ ئەو هۆنەرەی هۆنراوە بۆ منداڵ دەنووسێت کە دەبێت ئاگاداری تەمەن، هەست، سۆزو وشەی پەروەردەیی بێت و لە دونیای منداڵان شارەزا بێت و لەگەڵ ئەو دنیاییەدا بژی، نەک هۆنراوەیەک بنووسێت کە منداڵ توانای دەربڕینی نەبێت و لەسەر زاری قورس بیت یان بە خەیاڵی هۆنراوانەی خۆی بینووسیت و لە گەڵ دونیای منداڵان-دا نەگونجێت (سەپان، ٢٠٢٥). کەواتە ئەو هۆنراوانەی بۆ منداڵ دەنووسرێت؛ دەبێت ڕەهەندەکانی پەروەردەیی تێدا بێت، لەوانە: ڕێنمایی و ئامۆژگاری پەروەردەیی، فێرکاریی، تەندروستیی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتیی لە گەڵ پاراستی زمانی دایک. ئێستا تەکنۆلۆجیا و تۆرە کومەڵایەتییەکان دونیای تەنیوە؛ منداڵانیش لە بەکارهێنانی یوتیووب بەدەرنین و زۆرجار یاریی پێدەکەن یان بەهۆیەوە فێری زمانی تر دەبن و کاریگەریی باش و خراپ بەجێدەهێڵێت. ئێستا چەنالّی کوردیی تایبەت بە منداڵان هەیە کە گۆرانی، چیرۆک، کارتۆن و ..تد تێدایە. دەبێت ئەو چەنالّانە ئەو بابەتانە دابەزێنن سوودی بۆ منداڵان هەیە، هەروەها دایباب ڕۆڵێکی سەرەکیی دەگێڕن بە گفتوگۆکردن لەسەر مەترسییەکانی ئۆنلاین و دانانی سنوور لە کاتبەسەربردن لەسەر ئامێرە زیرەکەکان. لەم نێوەندەشدا؛ خوێندەواریی میدیایی وەک پردێک لە نێوان هەل و مەترسییەکانی پەیوەست بە سەکۆکانی وەک یوتیووب کاردەکات و لێکۆڵینەوەی بەردەوام و پەرەپێدانی سیاسەت پێویستە بۆ دڵنیابوون لەوەی پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی لەگەڵ دیمەنی دیجیتاڵیی پەرەسەندوودا بگونجێت.

5.4.4.2: گۆرانیی منداڵان و کاریگەرییەکانی پەروەردەی خوێندەواریی میدیایی

گۆرانیی منداڵان؛ بە شێوەیەکی تایبەتی و فەرمی، دەتوانێت ڕووکاری بنەڕەتی لە پەروەردەی منداڵ و خوێندەواریی میدیایی بدات. ئەم جۆرە گۆرانیانە تەنها لە ڕووی خۆشحالی و خەندانی منداڵان گرنگنین، بەڵکو بە شێوەیەکی فەرمی کارامەییەتییەکی زۆر هەیە لە پەروەردەکردنی تواناکانی فکری، هەستیار و ژینگەیی منداڵان (Polanco-Levicán, K., 2022). لەلایەن خوێندەواریی میدیاییەوە، گۆرانی منداڵان دەتوانێت بە شێوەیەکی چاک فێرکاری و هەستیارکردنی ژینگەی میدیایی پەیوەندی بدات. منداڵان بە یارمەتیدانی گۆرانی دەتوانن

فێرکارییەکان و زانیارییە تایبەتییەکان بە شـــێوەیەکی خێرا و بەهێز فێربن، ڕووبکردنەوەی هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی میدیاییان زیاد دەبێت، وەکو دەرکەوتن لە سەرچاوەکان، دیاریکردنی زانیاری دروست و ئاوەزاندنی پەیامە میدیایەکان. بە شـێوەیەکی زۆر گرنگ، گۆرانی منداڵان دەتوانێت ڕێگای پەیوەندیکردن و بەشـــداریکردنی کۆمەڵایەتیی منداڵان زیادبکات، و کەمکردنەوەی تەنها بەکاربردن و نایەکســـانییەکانی کۆمەڵ پەیوەندیداربکات هەروەها بە بەکارهێنانی گۆرانی، منداڵان دەســت بە پەیوەندی دیجیتاڵ و بەرهەمهێنانی میدیایەکی خۆیان بکەن و توانـای ڕەخنەی زانیـاریی و ڕووبکردنەوەیـان بەرزبکەنەوە (Jafar, Z., 2024 .). کـاریگەری گۆرانی منـداڵان لە خوێندەواریی میـدیـایی و پەروەردەی منـداڵان زۆر گرنگە و دەتوانرێت لە چەند ڕووی جیاوازەوە تێگەیشتوو بێت: (MediaSmarts,)(Sanders, C. K., 2021) 2025)(Duran, R.L. et al. 2025)

I. **پەروەردەی هەسـت و ژینگەی هەسـتی**: گۆرانی منداڵان هەسـت و ئاگاداری هەسـتیان بەهێزدەکات و توانایان لە هەســتکردن و درکپێکردنی هەســتەکان زیاددەکات. ئەمەش بەشێوەیەکی فەرمی فێرکارییەکی بەهێز دابیندەکات.

II. **توانای هزریی و زانیاریی وەرگرتن**: بە شـێوەیەکی گەورە، گۆرانی منداڵان فێرکاری و زانیارییەکان بەشداردەکات و لە خوێندەواریی میدیایی بەکاردەهێنرێت. منداڵان دەتوانن پەیامەکان لە گۆرانیەکان فێربن و بەکاربهێنن.

III. **تێگەیشتنی میدیایی**: گۆرانی منداڵان ڕێگە دەدات بۆ هەستکردنی بەرزتر لە گەیشتن بە گۆرانکاری میـدیـایی و ڕەخنەکردنی پەیـامەکـان، کە ئەمەش توانـای فکری و ژمـارەی ڕەخنەی میدیایی زیاددەکات.

IV. **پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ڕەوشـــی ڕەخنە**: گۆرانی منداڵان توانایان زیاددەکات بۆ مامەڵەکردن بە شـــێوەیەکی کۆمەڵایەتی، هەســت و بەرزبوونی هەســتەکان لە کۆمەڵە زیاد دەکات و نایەکسانیی و بێڕەنگییەکان کەمدەکات.

V. **توانای زمانی و زمانی دایک**: گۆرانی منداڵان لە پەروەردەی زمانی دایک و گەیشـــتن بە فێرکاریی زمانەکان یارمەتیدەدات، بەتایبەتی لە زمانی خوێندەواریی میدیایی.

5.2: پوختەی بەش

ئەم بەشە چوارچێوەیەکی تیۆریی وردی بۆ لێکۆڵینەوە لە چەمکە سەرەکییەکان خستەڕوو. سەرەتا، چەمکی خوێندەواریی میدیایی بە وردی شیکرایەوە و دەرکەوت ، کە بریتییە لەو کارامەییانەی پێویستن بۆ شیکردنەوەی ڕەخنەگرانە، هەڵسەنگاندنی پەیامەکان و خۆگونجاندن لەگەڵ دیمەنی میدیایی هەمیشە لە گۆڕاندا پاشان، پلاتفۆرمی یوتیووب وەک یەکێک لە کاریگەرترین سەکۆ میدیاییەکانی سەردەم خرایەڕوو و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی باسکرا. دواتر، پەیوەندیی پتەوی نێوان خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی میدیایی ڕوونکرایەوە، کە تێیدا یەکەمیان وەک دەرەنجام و دووهەمیان وەک پرۆسەی فێرکردن سەیر کرا. لە کۆتاییدا، بەشەکە بە وابەستەکردنی یوتیووب بە هەردوو چەمکی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی میدیاییەوە کۆتایی هات، بەمەبەستی دەرخستنی گرنگیی ئەم دوو چەمکە لە مامەڵەکردنێکی هۆشیارانە و بەرپرسیارانە لەگەڵ میدیای دیجیتاڵیدا.

بەشی سێهەم:
کردەنینامەی تۆژینەوە

پاژی یەکەم: شیکردنەوەی ناوەرۆکی پەیامی گۆرانییەکانی چەناڵی یوتیووبی ئێن ئارتی سێ و ئافەرین
پاژی دووهەم: دەرئەنجامی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گۆرانییەکانی ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین
پاژی سێهەم: چاوپێکەوتنی چر لە گەڵ پسپۆرانی تایبەت بە تۆژینەوەکە
پاژی چوارهەم: دەرئەنجامی شیکردنەوەی چاوپێکەوتنی چر لەگەڵ پسپۆرانی تایبەت بە تۆژینەوەکە

1.3: دەروازەی بەش

لەم بەشــەدا و بە پشــتبەســتن بە رێکارەکانی رێبازی توێژینەوەی چۆنێتی؛ داتای هەریەک لە چاوپێکەوتنی چڕ لەگەڵ بەرتوێژان و شــیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ پەیامی گۆرانییەکانی چەنالّی یوتیووب لەبارەی خوێندەواریی میدیایی لە پەروەردەکردنی ســەرەتایی منداڵ-دا دەخرێنەڕوو و بە وردیی ڕاڤە دەکرێن.

پاژی یەکەم :
شیکردنەوەی ناوەرۆکی پەیامی گۆرانییەکانی چەنالّی یوتیووبی ئێن ئارتی سێ و ئافەرین

2.3: چەنالّی یوتیووبی منداڵان و بەرهەمەکانی

لەم توێژینەوەیەدا؛ چەنــالّی یوتیووبی ئــافەرین و ئێن.ئــارِ.تی3 وەک مشــــتی ســــەرەکیی توێژینەوەکە هەڵبژێردراون، تاوەکوو بە وردیی ناوەرۆکی پەیامە میدیاییەکانی هەڵبسەنگێنرێن، لەوانە:

1.2.3: چەنالّی یوتیووبی ئێن.ئارِ.تی سێ و ناوەرۆکی پەیامەکانی

بە ئامانجی پڕکردنەوەی بۆشایی لە میدیای منداڵان لە هەرێمی کوردستانی عێراق-دا؛ تەلەڤزیۆنی ئێن.ئارِ.تی3 و چەنالّی یوتیووبی لە ڕۆژی 10ی شوبات 2019 دەستیان بە پەخشکرد. ئەم چەنالّە؛ وەک یەکێک لە سەرچاوە میدیاییە تایبەتمەندەکانی منداڵان، هەوڵیدا بە شێوەیەکی فراوان و بەدوور لە پاشخانی ئایدیۆلۆجیی، بەرنامەی پەروەردەیی، کولتووریی و هزریی بۆ گەشەپێدانی منداڵان پێشکەشبکات. لایەنە سەرەکییەکانی چەنالّەکە، پتر لە بواریّک لەخۆدەگرێت، لەوانە: پەرەوردە و فێرکاریی؛ بەهێزکردنی هۆش و توانای منداڵان لە ڕێگەی بەرنامە و چیرۆکی پەروەردەیی وەک خەوێکی ئارام و مالّەدارینە. نوێکاری میدیایی؛ بەکارهێنانی ئەنیمەیشنی ڕەنگاوڕەنگ و ڕێوشوێنی نوێ بۆ نزیککردن بە هەست و چێژی منداڵان. هەژماری کولتووریی؛ بەرنامە و ناوەرۆکی وەک چیرۆکەکانی داپیرە، کە پەیوەندیی بە ڕەسەنایەتیی و کولتووری کوردییەوە هەیە. بەشداریی منداڵان؛ دابینکردنی سەکۆیەک بۆ خۆنمایشکردن، هەروەک لە بەرنامەی لایە-دا، دەبینرێت. هەڵسەنگاندنی چالاکییە وەرزشیی و هونەرییەکان؛ لە هاوکارییکردنی بۆنە هونەرییەکانی وەک گۆرانیی و پێشکەشکردنی بەرنامەی وەرزشیی. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە؛ چەنالّەکە خۆی وەک هاوڕێ و هاوکارێکی ڕاستەقینەی منداڵان ناساندووە و بۆ داهاتووش پلانی پێشکەشکردنی کاری جوانتر و ناوازەتری بۆ منداڵانی کوردستان و جیهان هەیە (محەمەد، 2025).

2.2.3: چەناڵی یوتیووبی ئافەرین و ناوەڕۆکی پەیامەکانی

تۆڕی میدیایی ئافەرین؛ دامەزراوەیەکی میدیایی تایبەتمەندە بە بواری منداڵان ، کە بەرهەمەکانی بە شێوازی فرەمیدیایی: تەلەڤزیۆن، دیجیتاڵمیدیا، ڕادیۆ، و گۆڤار بە زمانی کوردیی بڵاودەکاتەوە. ئامانجی سەرەکیی ئەم تۆڕە؛ بریتییە لە ڕەخساندنی هەل بۆ خۆشباریی، فێربوون و دۆزینەوە. هاوکات لەگەڵ پەرەپێدانی هزری منداڵان–دا؛ فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەیان و چاندنی ڕەوشتی جوان و بەها باڵاکان. ئەم تۆڕە؛ لە 18ی ئازاری 2018-دا لەلایەن کۆمپانیای ئافەرین–ەوە دامەزراوە و دواتر لە 10ی شوباتی 2020-دا پەخشی ئۆنلاینی خۆی لەسەر سەکۆکانی IPTV و ئینتەرنێت بۆ دەرەوەی کوردستان دەستپێکرد (حەسەن، 2025).

خشتەی ژمارە: 03 بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی چەناڵی یوتیووبی ئافەرین و ئێن.ئا.ر.تی3		
بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکان	**ئێن.ئاڕ.تی سێ**	**ئافەرین**
1. گۆرانی	هەیەتی	هەیەتی
2. ریکلام	هەیەتی	هەیەتی
3. چیرۆک	هەیەتی	هەیەتی
4. کارتۆنی کوردی ئەنیمەیشن	هەیەتی	هەیەتی
5. بەرنامەی ئامۆژگاریی و ڕێنمایی	هەیەتی	هەیەتی
6. کارتۆنی زمانەکانی تر (عربی)	هەیەتی	هەیەتی
7. کارتۆنی زمانەکانی تر (ئینگلیزی)	هەیەتی	هەیەتی
8. بەرنامەی فێرکاریی	هەیەتی	هەیەتی
9. فیلمی دۆبلاژکراو بە زمانی کوردی	هەیەتی	هەیەتی
10. بەرنامەی ئامۆژگاریی	هەیەتی	هەیەتی
11. پرسیار و وەڵام	هەیەتی	هەیەتی
12. بەرنامەی ئامۆژگاریی ئاینیی	هەیەتی	هەیەتی

3.3: چەناڵی یوتیووبی ئێن.ئاڕ.تی سێ و ئافەرین و شیکردنەوەی ناوەرۆکی گۆرانییەکانیان

بە پشتبەستن بە مشتی وەرگیراو ی توێژینەوەکە؛ شیکردنەوەی ناوەرۆک بۆ پەیامی گۆرانییەکانی چەناڵی ئێن.ئار.تی3و چەناڵی ئافەرین دەکرێت. لەشیکردنەوەکان–دا؛ واتای دیار و نادیاری پەیامی گۆرانییەکانی دەخرێنەروو. لەو چوارچێوەیەشدا؛ یەکەی شیکاریی بریتییە لە "بابەت" و دەستەی شیکاریی–ش لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ پێکهاتوون،هەڵبژاردنی گۆرانییەکان لە ناو هەموو بەرنامەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە منداڵ لە

تەمەنی ســـــەرەتایدا زیاتر گۆڕ لە گۆرانی دەگرێت وهۆگری دەبێت لە بەردەنگ و دەنگ و ئاوازو خۆشی کەیفی و گوتنەوەی گۆرانییەکان لە لایەن منداڵانی تەمەن نزیک لە خۆیانەوە کە ڕەنگدانەوەی زیاتر دەداتەوەو هەروەها لە دایەنگە ، باخچە و بنەڕەتییەکاندا ئەو گۆرانیانەی تایبەتن بە پەروەردە ، فێرکردن ، کلتور، ژینگە و کۆمەڵگەوە دەوترێتەوە لەوانە:

1.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی پەروەردەیی و فێرکاریی گۆرانی منداڵان

یەکێک لە ڕەهەندە هاوبەشـــەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ؛ پەروەردەیی و فێرکاریی–ە ، کە پەیامی گۆرانییەکانی چەنالّی یوتیووبی ئێن.ئار.تی3 و ئافەرین لە چەند دێرە شعرێکدا کۆکرووەتەوە، لەوانە:

'بەرگریکارێکی باشە پیاز سوودی زۆرە - ڕەنگەکانی کەلەرم سپی لەگەڵ مۆرە'
قەرنابیت دەوڵەمەندە بە ڤیتامین سی و کەی- پرتەقاڵی و مۆرە گێزەر هەردوو جۆرەکەی
سەوزەکان..سەوزەکان - سەوزەکان ..سەوزەکان
' بەسوودن بۆ ژیان'

ئەو هۆنراوە بەرهەمی چەنالّی ئێن.ئار.تی ســـێ وبە ناوی "ســـەوزەکان"؛ ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان–ی تێدایە. هۆنەر لە ڕێگەی هۆنراوەکەیەوە دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت کە خواردنی ســـەوزە و میوەکان، گرنگییان زۆرە و منداڵان بۆخواردنی ســـەوزەکـان و پێـدانی زانیـارییەکـان دەربـارەی جۆرەکـانی ســـەوزە و تایبەتمەندییەکانیان هاندەدات. بۆ گەیشـــتن بەم ئامانجە؛ هۆنەر پەنایبردووەتە بەر زمانێکی ســادە و ســاکار، کە لەگەڵ ئاســتی تێگەیشــتنی منداڵاندا بگونجێت. بۆ نموونە، دەســتەواژەی "ســەوزەکان... ســەوزەکان، دەی بیخۆن هەمووتان" ڕستەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆی هاندەرە. بە دووبارەکردنەوەی ئەم ڕستەیە؛هۆنەر جەخت لەســەر گرنگیی خواردنی ســەوزە دەکاتەوە و هەوڵدەدات ئەم پەیامە لە مێشـــکی منداڵاندا بچەســـپێنێت. بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە لە چەنالّێکی تایبەت بە منداڵان بە شـــێوەی گۆرانی کاریگەریی زیاتر دەبێت، چوونکە هۆنراوەکە ناوی زۆربەی ســـەوزە باوەکانی وەک: "پەتاتە"، "بیبەر"، "پرۆکۆلی"، "تووڕ"، "پیاز"، "کەلەرم"، "قەرنابیت"، "گێزەر"، "ســپێناخ"، "چەوەندەر"، "شـــێلم"، "کاهوو"–ی هێناوە. ئەوەیش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشـەسـازیی منداڵان. هاوکات هۆنراوەکە پەسـنی ڕەنگ و شـێوەی ســـەوزەکان دەکات، هەروەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت: "ســـوور و ســـپییە شـــێوەی تووڕ سەوزە گەڵاکەی" و "ڕەنگەکانی کەلەرم سپی لەگەڵ مۆرە". بەم شێوەیە، هۆنراوەکە وێنەیەکی زیندوو لە خەیاڵی منداڵاندا دروووستدەکات و وایان لێدەکات بە ئاسـانیی سـەوزەکان بناسـنەوە و حەزیانلێبێانبێت (بروانە پاشکۆی ژمارە: 01).

'خڕە تەماتە شێوەی - کاهو پانە گەڵاکەی'
'پرۆکلی شێوەی درەختە - سپێناخ وەک گەڵاکەی'
'خەیاڕیش ڕەنگی سەوزە - گێڵاس مزرە تامەکەی'

سـووزەکان؛ یەکێکی تره لە بەرهەمەکانی چەنالّی ئێن.ئاڕ.تی سـێ کە ڕەهەندی هاوبەشـی پەروەردەیی و فێرکاریی لەخۆدەگرێت. هۆنەر لە ڕێگەی هۆنراوەکەیەوە؛ دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت ، کە خواردنی سـووزە و میوەکان و گرنگیان زۆرە و هاندانی منداڵانە بۆخواردنی سەوزەکان و پێدانی زانیارییە دەربارەی جۆرەکانی سەوزە و تایبەتمەندییەکانیان. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، هۆنەر پەنای بردووەتە بەر زمانێکی سادە و ساکار، کە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی منداڵدا بگونجێت. هۆنەر جەخت لەسـەر گرنگیی خواردنی سـەوزە دەکاتەوە و هەوڵدەدات ئەم پەیامە لە مێشـکی منداڵدا بچەسـپێنێت و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە لە چەنالێکی تایبەت بە منداڵان بە شێوەی گۆرانی کاریگەری زیاتر دەبێت. هۆنراوەکە ناوی زۆربەی سـەوزە و میوە بـاوەکـانی وەک ("پەتـاتە"، "بیبەر"، "پرۆکۆلی"، "تووڕ"، "پیـاز"، "کەلەرم"، "قەرنـابیـت"، "گێزەر"، "سـپێناخ"، "چەوەندەر"، "شـێلم"، "کاهوو"، " گێلاس" ، " خەیار" ، " گەنمەشـامی") هێناوە. ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشـەسازی منداڵ. لەهەمانکاتدا، شاعیر پەسنی ڕەنگ و شـێوەی سـەوزەکان دەکات.شـیعرەکە وێنەیەکی زیندوو لە خەیاڵی منداڵدا دروست دەکات و وایان لێدەکات بە ئاسانی سەوزەکان بناسنەوە و حەزیانلێبێانبێت (بروانە پاشکۆی ژمارە 03).

'وەرن وەرن هاوڕێیان - فێربن شێوەی ڕەنگەکان
سوور سوور ڕەنگی سوور - وەک تەماتەو شلیک و تووڕ
شین شین ڕەنگی شین - شێوەی ئاسمانی بەرین
دواتر ڕەنگی سەوز دێ - لەبەهار دەشت جوان ئەبێ
ڕەنگی زەرد بناسە تۆ - هەروەکو شێوەی لیمۆ '

هۆنراوەی چەنالّی ئێن.ئاڕ.تی3 بە ناوی "ڕەنگەکان" ڕەهەندی پەروەردەیی و فێرکاریی تیایە و منداڵان فێری بەکارهێنانی ناوی ڕەنگەکان بەشـێوەی شـاد و لەگەڵ نموونەی بەناوبانگی وەک "سـوور وەک تەماتە"، "شـین وەک ئاسـمان" دەکات هەروەها پێدانی زانیاریی دەربارەی ڕەنگەکان و تێکەڵکردنی لەگەڵ سـەوزە ، میوە و سـروشـتی جوان و خواردن ، کە زیاتر وا لە منداڵ بکات هەم ڕەنگەکان و هەم میوەو سەوزەکانیش بە ئاسانیی بناسێتەوە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە؛ هۆنەر پەنای بردووەتە بەر زمانێکی سـادە و سـاکار، کە لەگەڵ ئاسـتی تێگەیشـتنی منداڵدا بگونجێت، بەکارهێنانی سـەروای سـادەی وەک "هاوڕێیان – ڕەنگەکان"، "سـوور-تووڕ" وایکردووە هۆنراوەکە وەک گۆرانییەکی خۆش ، ئاسان بێت و منداڵ حەزبکات گوێیلێبگرێت و لەبەری بکات. ئەوەیش بە تایبەتی سـودی زۆری بۆ منداڵانی پۆلێکی پەیوەندییدار هەیە، کە فێری ڕەنگەکان دەبن (بروانە پاشکۆی ژمارە: 03).

'فێرکاریت ئەوێ * ئێمە پێشکەشتان ئەکەین'
'لە ئێن.ئار.تی3 سێ * ناوی من لاوەیە'
'ناوم لانەیە * ناوی منیش تری یە'

چەناڵی ئێن.ئار.تی3 ، گۆرانییەکانی رەهەندە هاوبەشەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵانی تێدایە ،ئەم گۆرانییە بە ناونیشانی ' وەرزی نوێ ' ، ڕەهەندی فێرکاری لە خۆ دەگرێت و پێیاندەڵێت ئێن.ئار.تی3 لەم وەرزە نوێییەی دا بەبەتەکانی باسی چی دەکات و چی لە خۆ دەگرێت تا وا لە منداڵان بکات بە تامەزرۆوە بروانە چەناڵەکە و ناساندنی کەسایەتییەکانی ناو چەناڵەکە کە یەکێکیان 'ناوی لانەیە' و ئەوانی تر 'کوکو' و' تری' و' لاوە'و 'ئێلایە' (بروانە پاشکۆی ژمارە04)

'لە دارستان درەختێک هەبوو * درەختێکی جوان
وێنەی نەبوو * ئەم درەختە ڕەگەکەی
لە ناو زەوی بوو * لە چواردەوری گەشەی کرد
گژوگیایی نایاب * ئەم درەختە چڵی هەبوو '
'گژوگیایی نایاب لە گەڵ گوڵی مۆر و سورو شین و زەردا * هاتنە دەرێ لە هێلکەکە '

پەیامی گۆرانی "درەخت" بەرهەمی چەناڵی ئێن ئاتری 3و ڕەهەندەکانی هاوبەشەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ تێدایە ، بە شێوازێکی ڕەوان و سادە پەیوەندی منداڵ بە بنچینەی ژیان بە سرووشت و ژیانی درەختەوە دەبەستێتەوە ، "ئەم درەختە ڕەگەکەی لە ناو زەوی بوو"، "لە چواردەوری گەشەی کرد"، گۆرانییەکە بەپەیامی پەروەردەیی منداڵان ڕێنماییدەکات بۆ ئەوەی گرنگی بە ژینگە بدەن ، کە ئەمە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پەروەردەی منداڵەوە هەیە. ، قۆناغی گەشەی درەخت و باڵندە ("هاتنە دەرێ لە هێلکەکە") فێری سوودەکانی خواستن وگەورەبوون دەکات، منداڵان فێردەکات ، کە هەموو بونەوەرێک لە سەر ئەم زەمینە قۆناغی گەشەکردنی و بەردەوامبوونی هەیە لە ژیان کە ئەم شێکردنەوەیە ڕەهەندی پەروەردەی و فێرکاریی دەردەخات (بروانە پاشکۆی ژمارە05).

'دایە گیان و بابە گیان * زۆرم خۆش دەوێن
مامی ئەند دادی * ئای لۆڤیو سۆومەچ '
'مامۆستام خۆش دەوێت * لە گەڵ هاورێکانم '

ڕەهەندە هاوبەشەکانی پەروەردەیی منداڵان و خوێندەواریی میدیایی لە پەیامەکانی چەناڵی ئێن.ئار.تی3دایە، بەتایبەت ڕەهەندی پەروەردە و فێرکردن ، پەیامی گۆرانی ' دایە گیان و بابە گیان ' پەیوەندیی خێزانی و هەستە سۆزییەکانی منداڵ بە ڕێگای میوزیک پێشکەشدەکات، "دایە گیان و بابە گیان، زۆرم خۆش دەوێن" "مامی ئەند دادی، ئایلۆڤیو سۆومەچ"، پەروەردەی هەستی خۆشەویستی و پەیوەندی منداڵ بە دایک و باوکەوە دەردەخات کە خێزان پریەتی لە سۆز و خۆشەویستی و پەروەردەی جوان، پەیامی گۆرانییەکە هانی منداڵ دەدات بۆ خوێندن و پەرەسەندنی کەسایەتی خۆی ، "مامۆستام خۆشدەوێت' ، ' لەگەڵ هاورێکانم ' نیشاندانی گرنگی خوێندن و پەروەردەی منداڵە (بروانە پاشکۆی ژمارە06).

'ئ وەکو ئالا * ب وەکو بالا '
'پ وەکو پەنیر * ت وەکو تیر'
'ج وەکو جۆلا * چ وەکو چەپلە '

پەیامی گۆرانی 'لە سەر پیتە کوردییەکان' پەیامێکی پەروەردەیی و فێرکارییە ، کە یەکێکە لە ڕەهەندە هاوبەشەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ ، لە چەنالّی ئێن.ئار.تی3 ، بە شێوازێکی یاریانە و خۆشباری فێری پیتەکانی زمانی کوردیت دەکات، کە یارمەتی منداڵ دەدات لە ناسینەوەی پیتەکان و پەیوەندیکردنیان بە شتی ڕۆژانەوە ، "ئ وەکو ئالا، ب وەکو بالا" پەیوەندیکردنی پیت بە شتی دیار و ڕەنگین کە لە یادنەچێت. پەیامی گۆرانییەکە ڕەهەندی فێرکارییە ، دەیەوێت بە شیوازی میوزیک و خۆشبی بەخشین و ئاسان فێرکاری پیتەکان بکات، "پ وەک پەنیر" ، "ت وەک تیر" ، "ج وەک جۆلا"، "چ وەک چەپلە" کە کاریگەرییەکی زیاتری هەیە لە فێربوونی منداڵان (بروانە پاشکۆی ژمارە07).

'یەک دانە مەر * دوو دانە مەر* پێکەوە بازیان هەڵدا بۆ ئەوبەر'
'سێ مەری سپی * چوار مەری سپی * منداڵەکە خەویە ئەبینی'

هۆنراوەکە بە ناوی 'مەرەکان' ە ، شێوەیەکی سادە و خۆشی پەیوەندی نێوان ڕەهەندی پەروەردە و فێربوون دروستەکات "پێکەوە بازیان هەڵدا بۆ ئەوبەر... منداڵەکە خەویە ئەبینی" ، ئەمە ڕەهەندێکی گرنگی خوێندەواری میدیاییە، کە پێویستییە بە ڕەهەندی پەروەردەیی منداڵ بە ناو ناوەڕۆکی میدیادا تێکەڵدەکات، پەیامی ئەم گۆرانییە ڕێگایەکی خۆش و ئاسان بۆ فێرکردنی ژمارەکان بە منداڵان پێشکەشدەکات ، بەکارهێنانی کلیلە وێنەیی وەک "مەر" و "ئەستێرە" یارمەتی منداڵ دەدات ، کە لە بەر کردنی ژمارەکان بە شێوەیەکی کاتژمێری وەک: "یەک دانە مەر... پێنج مەری سپی... دە دانە مەر" ، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ، کە میدیای یوتیووب دەتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەر پەروەردەی ژیرکردنی منداڵ بەرزبکاتەوە . (بروانە پاشکۆی ژمارە 07).

'بە هەوڵ کۆڵنەدان * ئەگەین بە ئاواتمان'
'زۆر سەختە ڕێگاکانمان * ناوەستین لە ڕوبان'
'ئێمە شکست ناناسین * بە جوانی سەیرمان بکەن'

بەرهەمی چەنالّی ئافەرینە بە ناوی 'توپی پی' ، ڕەهەندە هاوبەشەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان لە پەیامی گۆرانییەکانی چەنالّی ئافەرینداً هەیە ، یەکێک لە ڕەهەندانە ڕەهەندی پەروەردەو فێرکردنە ، ئەو گۆرانییە دەربارەی هەوڵدان، سەرسامنەبوون و بەدەستهێنانی ئامانجە وشەیەکان و وێنەسازییەکانی وەک "بە هەوڵ کۆڵنەدان"، "تیدەکۆشین بەردەوام" و "ئێمە شکست ناناسین" بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەست بە هەوڵ و خۆباوەری تێدایە ، ئەمە بە دریژایی فێرکارییەکە دەتوانێت ڕۆڵێکی پەروەردەیی لەسەر منداڵان بەجێبهێڵێت، بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی چۆن میدیا دەتوانێت بێتە ئامرازێکی فێربوون و گەشەپێدان گۆرانی "تۆپی پێ" پەیامێکە لەسەر هەوڵدان،"ئەگەین بە ئاواتمان "، هەموارکردنی سەرکەوتن و تێگەیشتنی بەهێز. ئەمانە لە چوارچێوەی پەروەردەی منداڵان، ڕێنماییەکانی گرنگن بۆ گەشەی پەسەند و مێشکی منداڵ، بەهۆی دروستکردنی باوەڕ بەخۆ و هەستکردن بە خۆی .

هۆنەر دەیەوێت لە رێگەی چەنالّی یوتیوبەوە ، کە زۆرترین منداڵ دەیبینێ پەیامەکەی بگەیەنێت. (بروانە پاشکۆی ژمارە: 09)

'سەرچاکە سەرچاکە * قژت زۆر بوە سەرچاکە'

بەرهەمی چەنالّی ئافەرین-ە،پەیامی گۆرانی "سەرچاکە" پەیوەندی بە رەهەندی پەروەردە و فێرکردنی منداڵەوە هەیە، کە یەکێکە لە گرنگترین رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان، ' سەرچاکە سەرچاکە' بە زمانی سادە و خۆشباریەتی پێویستی چاککردنی قژی منداڵان باسدەکات، ئەمە یارمەتی منداڵ دەدات لە تێگەیشتن لە گرنگی خۆچاککردن و قژچاککردن کاتێک قژ زۆر دەبێت فێریدەکات، کە چاکی بکات و جوانی و پاکوخاوێنی خۆی بپارێزێت و هاندانی منداڵ دەدات بەبێترس بچێتە سەرتاشخانە و سەری چاکبکات (بروانە پاشکۆی ژمارە10).

"دەی رێوی دانت بشۆ * ها فلّچەومەعجون بۆ تۆ "

چەنالّی ئافەرین لە پەیامی گۆرانی "رێوی ددان بشۆ" رەهەندێکی پەروەردەیی و فێرکاریی پیشاندەدات لە ناو رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان ، گرنگی خاوێنکردنەوەی ددان و پاراستنی تەندروستی دەم و ددان بۆ منداڵان ڕوونەدەکاتەوە. ئەم گۆرانییە بە ڕێگەیەکی خۆشباریەتی منداڵان هاندەدات کە خوێندەواریی تەندروستییان هەبێت و پەروەردەی منداڵان دەکات ،کە پارێزگاریی لە دەم و دانیان بکەن . ("دەی رێوی دانت بشۆ ، ها فلّچەومەعجون بۆ تۆ")، ئەم دێڕە بە زمانی منداڵانەوە پەیامێکی پەروەردەیی دەگەیەنێت، کە خاوێنکردنەوەی ددان گرنگە.(بروانە پاشکۆی ژمارە11)

'بۆت تێکەم چا ، نۆشی کە * بۆتان باس بکەم کوپەکان چیرۆکی خۆش'

گۆرانی "قۆری چا"؛ یەکێکی ترە لە بەرهەمەکانی چەنالّی ئافەرین ، رەهەندی پەروەردەیی و فێرکاریی لەرەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ لەخۆدەگرێت ، چیرۆکێکی خۆش ، ڕەوان و ئاسان بۆ منداڵان دەگێڕێتەوە ، کە تێیدا پەیوەندی نێوان گیاندارەکان و ئاهەنگێکی خۆش باسدەکات ، ' بۆت تێبکەم چا ، بۆشی کە ' ئەمە یارمەتی منداڵ دەدات لە پەرەپێدانی هەستێکی خۆش و شادی لەسروشتدا، "بۆتان باس بکەم کوپەکان چیرۆکی خۆش' ئەم دێڕە بە زمانی منداڵانەوە چیرۆکێکی خۆش و پەروەردەیی پێشکەشدەکات، وا لە منداڵان دەکات بە جۆش و خرۆشەوە گوێ لە چیرۆکەکە بگرن (بروانە پاشکۆی ژمارە 12).

'ئەم شەو شەوی بەراتە * شەوی نوقل و نەباتە '
'کاتێ لە دەرگا ئەدەین * بەراتیکەی پێ ئەڵێین'
"ئەم شەو شەوی بەراتە .....بەراتە"

ئەم گۆرانییە لە چەنالّی ئافەرینە ،بە ناوی ' شەوی بەرات ' بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەهەندی پەروەردەییە و فێرکارییە ، (' ئەم شـــەو شـــەوی بەراتە، شـــەوی نوقڵ و نەباتە") ، چونکە لە پەیامەکەیدا هەوڵدەدات منداڵان فێربکات بەو ڕۆژە تایبەتانەی ، کە لە کەلەپووری کوردیدا گرنگن. زانیاری دەدات بەرەوپێشـــکردن و چالاکییەکانیان بە شـــێوەیەکی ئاســـان و بەهێز بۆ واتـای "بەرات".ڕەهەندەکـانی خوێندەواریی میـدیـایی و پەروەردەی منـداڵان لە پەیـامەکـانی ئـافەرینـدا هەیە ، (' کـاتێ لە دەرگـا ئەدەین، بەراتیکەی پێ ئەڵێین ')، بە شـــێوەیەکی ڕوون هەوڵدەدات بە بڵاوبوونەوەی فێربوون لەســـەر ڕۆژە تایبەتەکان، کە منداڵان فێری هەســـت و ڕاهێنـان دەکـات، کە ئـامـانجیـان فێرکردن و پەروەردەکردنی منـداڵانە لە ڕێگەی چەنـالّەکەوە.(بروانە پاشکۆی ژمارە 13).

'نوێژ ئەکەین بە ڕۆژو ئەبین * سەرفتڕە بە هەزار ئەدەین '

پەیامی ئەم گۆرانییە ڕەهەندی پەروەردەییە لە چەنالّی ئافەرین ،بە ناونیشـــانی' **بەخێر هاتیی ئەی ڕەمەزان '** ، ئامانجی گۆرانییەکە پەروەردەکردنی منداڵە لەســـەر بنەما ئاینییەکان، "نوێژ ئەکەین بە ڕۆژو ئەبین" ڕەهەنـدێکی ڕوونی خوێنـدەواریی میـدایی و پەروەردەیی منـداڵان دەخاتەڕوو، کە دەکرێت لە ڕێگەی یوتیووبەوە بە کاریگەرترین شـێوە بگاتە منداڵ لەبەرئەوەی لە ئێســـتادا منداڵان زۆرترین کات کاتەکانیان بە یوتیوبەوە بەســـەردەبەن.(بروانە پاشـــکۆی ژمارە14.

'چەژن چەژن * یاخوا بە خێر بێیتەوە'
'بیرمان کردی * هەموو چاومان ڕوون بوبەوە'

بەرهەمی ' چەژن چەژن" لە چەنـالّی ئـافەرین، ئەم گۆرانییە بە شـــێوەیەکی ڕاســـتەوخۆ بەربەستەیەکی پەروەردەیی لەخۆیدەگرێت. لە لایەنێکەوە پەیامی گرنگی کۆبونەوەی خێزان و هاورێیی بۆ منداڵان، بەکاربردنی وشـــە و پەیامە هەســـتیارەکان وەک " یاخوا بە خێر بێیتەوە" یان " هەموو چاومان ڕوونبوبەوە" پەیامی خۆشـی، ئاشـتی و هاوکاری دەگوازێتەوە، کە ئەمە هەمووی پەیوەندیدارە بە پرۆسەی پەروەردەیی و فێرکارییەوە ، پەیامی هۆنراوەکە فێرکارییە، منداڵان فێری ڕەوشـتە دڕووسـتەکان دەکات، و بە وردی گرنگی بە هاوبەشـی، خۆشـحاڵی، و ڕێزگرتن لەگەورەتردەدات ، کە هەردوو پەیـامەکە ڕەهەنـدەکـانی خوێنـدەواریی میـدیـایی و پەروەردەی منداڵی تێدایە ،کە ڕەهەندی پەروەردە و فێرکردنە (بروانە پاشکۆی ژمارە15).

'ڕێزدارو نوری چاومانی * تۆپێشەوایی هەموومانی '
'تۆ یەکەمین میهرەبانی * تۆ کۆتا پایامبەرمانی'

بەرهەمی چەنالّی ئافەرینە بە ناونیشـانی "خۆشـەویست سـەلامت لێبێت"، ناوەڕۆکی گۆرانییەکە وەک ڕەهەندێکی پەروەردەیی کاردەکاتە ســـەر منداڵ ، کە فێری ئاکار و ڕێز لە کەســـایەتییە ئاینییەکان بگرێت ، 'تۆپێشـــەوایی هەموومانی... تۆ کۆتا پەیامبەرمانی" "کاریگەری دەکاتە ســـەر

پەروەردەکردنی منداڵ بۆ نەرمی و میهرەبانی لە ڕێگەی ناوەڕۆکی میدیاییەوە ، پەیرەوکردنی بنەماکانی ئیسلام، لەناوەرۆکی گۆرانییەدا ڕەهەندەکانی پەروەردە و فێرکردن لەخۆدەگرێت. (بروانە پاشکۆی ژمارە16).

2.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی تەندروستیی گۆرانی منداڵان

ڕەهەندی تەندروستی یەکێکیترە لە ڕەهەندی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ ، کە چەناڵەکانی ئێن.ئار.تی3 و ئافەرین لە پەیامی گۆرانییەکاندا بەکاریدەهێنن.

'سپێناخ پڕە لە کانزا لەگەڵ ڤیتامین * کاتێ کە چەوەندەر ئەخۆین زۆرچالاک ئەبین '
' مۆروسپیە شێلم ڤیتامینی زۆرە '

لەم هۆنراوەی ئێن.ئار.تی3 دا بە ناونیشانی 'سەوزەکان'، تۆێژینەوەکە سەرنجی خۆی دەخاتەسەر ئەو پەیامە تەندروستییانەی ، کەهۆنراوەکە هەڵگریەتی. هۆنراوەکە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باس لە سوودەکانی سەوزە بۆ تەندروستی دەکات . ئەمە منداڵ هۆشیاردەکاتەوە دەربارەی گرنگیی ئەو خۆراکانەی دەیخوات و وای لێدەکات پەیوەندییەک لە نێوان خواردنی سەوزە و تەندروستیدا ببینێت ئەم ڕەهەندە پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕەهەندی پەروەردەیی-فێرکارییەوە هەیە. چونکە زانیارییە تەندروستییەکان وەک بەشێک لە پڕۆسەی فێرکردنەکە دەخرێنەڕوو و منداڵ فێردەبن کە بۆچی پێویستە سەوزە بخۆ. ڕەهەندی تەندروستی یەکێکە ، کە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدایی و پەروەردەی منداڵ (بروانە پاشکۆی ژمارە01).

'چەند بەسوودن سەوزەکان * گرنگن بۆ جەستەمان'
'سەوزو خڕە بەزالیا * کولەکە بەشلە ئەکوڵێ'

بەرهەمی ئێن.ئار.تی3 و بە ناوی 'سەوزەکان"، ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەیی منداڵ لەخۆدەگرێت، لە وانە ڕەهەندی تەندروستی، تۆێژینەوەکە سەرنجی خۆی دەخاتە سەر ئەو پەیامە تەندروستییانەی کە هۆنراوەکە هەڵگریەتی. شیعرەکە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باس لە سوودەکانی سەوزەو میوە بۆ تەندروستی دەکات. ئەمە منداڵ هۆشیار دەکاتەوە دەربارەی گرنگیی ئەو خۆراکانەی دەیخوات و وایلێدەکات پەیوەندییەک لە نێوان خواردنی سەوزە و تەندروستیدا ببینێت. زانیارییە تەندروستییەکان وەک بەشێک لە پڕۆسەی فێرکردنەکە دەخرێنەڕوو و منداڵ فێردەبن کە بۆچی پێویستە سەوزە بخۆن (بروانە پاشکۆی ژمارە02).

'ئێستا با پێکەوە مەرەکان بژمێرین * چاوەکانت دابخە و بیانژمێرە

بەرهەمی چەنالّی ئێن.ئار.تی3 –ە ، بە ناونیشانی "مەرەکان"، پەیامێکی گونجاو و دەنگێکی ئارام لە گۆرانیەکەدا ، "چاوەکانت دابخە و بیانژمێرە"، یارمەتی منداڵ دەدات لە خەوێکی باش و کەمکردنەوەی فشـــار، رەهەندی تەندروســـتی بە شـــێوەیەکی ئاشـــکرا بە پەیامەکەوە دیارە، بەمەش ناوەڕۆکی میدیایی دەتوانێت لە پاراســتنی تەندروســتی جەســتەیی و دەروونی منداڵ بەشداربێت. رەهەندی تەندروستی یەکێکە لە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدایی و پەروەردەی منداڵ کە لە چەنالّی ئێن.ئار.تی3 سێدا پەیرەودەکریت (بروانە پاشکۆی ژمارە08).

'زۆر زەحمەت قژی بۆ دادێ * پێویستە سەری چاک بکات '

گۆرانی ' سەرچاکە" بەرهەمی چەنالّی ئافەرینە ،پەیامی گۆرانییەکە رەهەندی تەندروستی تێدایە ، چونکە باس لە گرنگی چاککردنی قژ و پاراستنی تەندروستی کەسی دەکات کە بەشێکە لە پەروەردەی تەندروستی منداڵ ، ("زۆر زەحمەت قژی بۆ دادێ ، پێویستە سەری چاک بکات") ، نیشانەی گرنگی رێکخستنی قژ بۆ نەهێشتنی کێشەی تەندروستی و زیانەکانی ، کە توشی قژ ئەبێت وەکو کرێش و رشـــک و ئەســـپێ و رێگەگرتن لە نەخۆشـــیەکانی تر.لە بەرهەمەکانی چەنالّی ئافەرین رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ جێبەجێکراوە (بروانە پاشکۆی ژمارە10).

'یاع یاع لەو بۆگەنە * چەند پیس و ناخۆشە'
'ددانت زۆر جوان بشۆ * با میکرۆب کونی نەکات'
'ئەو بۆنات با نەمێنێ * با خەڵکی بێزار نەکا'
'هەرمیکرۆبەورائەکات * کەڵبەکانم چەند تیژ بوون'

بەرهەمی چەنالّی ئافەرینە بە ناونیشـــانی ' رێوی ددان بشـــۆ' کە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵی تێدایە بە تایبەتی رەهەندی تەندروســـتی ، گۆرانییەکە پەیامی تەندروستی پێیە و باسی کاریگەری خاوێنکردنەوەی ددان و مەترسییەکانی نەشۆرینی ددان (وەک "میکرۆب" و "بۆنە ناخۆشەکە") دەکات، کە یارمەتی منداڵ دەدات لە تێگەیشتن لە گرنگی تەندروســـتی دەم و ددان. (با میکرۆب کونی نەکات '، 'ئەو بۆنات با نەمێنێ" ، ' خەڵکی بیزار بەکا' ، ' هەر میکرۆبەو رائەکات') ، پەیامەکە پەیوەندی ڕاســـتەوخۆی هەیە بە خوێندەواریی تەندروستی منداڵان و پەروەردەکردنی منداڵەوە بەشێوەیەکی تەندروست (بروانە پاشکۆی ژمارە 11).

3.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی ئەدەبیی و هونەریی گۆرانی منداڵان

رەهەندی هونەریی و ئەدەبی لە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵن ، لە پەیامی گۆرانییەکانی چەنالّی ئێن.ئار.تی3 و ئافەرین بە جۆرو شـــێوازی جیاجیا گوزارشـــت کراوە.

'بەکولاوی و بە برژاوی ئەخوریّ پەتاتە * خۆشە بیبەری سەوزو سوور بۆ ناو زەلاتە
پرۆکۆلی سوودی زۆرە لەبیری نەکەی * سووروسپییە شێوەی تووڕ سەوزەگەلاکەی'

لەم بەرهەمەی ئێن.ئار.تی3 دا ،بە ناونیشانی ' سەوزەکان" لە رەهەندەکانی خوێندواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵدا ، رەهەندی هونەریی و ئەدەبیشی لەخۆگرتووە، کە گرنگیدەدات بە شێوازی دەربڕینی هۆنەر و ئەو ڕەگەزە هونەرییانەی ، کە لە شیعرەکەدا بەکاریهێناون. هۆنراوەکە بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراوە، بە جۆرێک کە هەموو منداڵێک بە ئاسانی لێی تێبگات. بەکارهێنانی سەروای سادە ("پەتاتە - زەلاتە")، ('نەکەی – گەلاکەی') وایکردووە هۆنراوەکە وەک گۆرانییەکی خۆش بێت و منداڵ حەز بکات گوێی لێبگرێت و زووتر لەبەری بکات (بروانە پاشکۆی ژمارە 01).

'پرۆکلی شێوەی درەختە *** سپێناخ وەک گەلاکەی'
'خەیاریش ڕەنگی سەوزە *** گێلاس مزرە تامەکەی'

بەرهەمی ئێن.ئار.تی3 –یە ،بە ناونیشانی ' سەوزەکان" چەند رەهەندێکی خوێندواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵانی لەخۆگرتووە ، یەکێک لەوانە رەهەندی هونەریی و ئەدەبییە ، کە گرنگی دەدات بە شێوازی دەربڕینی هۆنەر و ئەو ڕەگەزە هونەرییانەی ، کە لە هۆنراوەکەدا بەکاریهێناون. هۆنراوەکە بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراوە، بە جۆرێک کە هەموو منداڵێک بە ئاسانی لێیتێبگات. بەکارهێنانی سەروای سادە "درەختە – سەوزە" ، 'گەلاکەیی – تامەکەی' وایکردووە هۆنراوەکە وەک گۆرانییەکی خۆشبێت و منداڵ حەزبکات گوێیلێبگرێت و لەبەریبکات. هەروەها، بەمەش پەیامی هۆنراوەکە بەهێزتربکات بە منداڵ (بروانە پاشکۆی ژمارە 02).

'ناوم لانەیە* ناوی منیش ترێ یە'

چەنالّی ئێن.ئار.تی3 لە "وەرزی نوێ" دەیەوێت رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان زیاتر جێگیربکات لە ناو بەرهەمەکانیان ، رەهەندی هونەریی و ئەدەبیش یەکێکە لەو رەهەندانە ، کە گرنگیپێداوە، بە شێوەی نوێ ، فێرکاری ، پەند ، ئامۆژگاری و چیرۆکی بەسوود هەموو پەیامەکانی لە گۆرانییەکی سادە و ئاسان کۆکردوەتەوە بەکارهێنانی سەروای سادەی "لانەیە "و" ترێ" یە، وا لە منداڵان دەکات سەرنجیان زیاتر رابکێشێت و زوتر لەبەربکرێت (بروانە پاشکۆی ژمارە 04).

' گژوگیایی نایاب لە گەڵ گوڵی مۆرو سوردا * لە هێلانەی باڵندەکە
لێی بوو هێلکەی بچوکی جوان * ئەم درەختە ڕەگەکەی'

یەکیکی تر لە بەرهەمەکانی چەنالّی ئێن.ئار.تی3 ، بە ناوی 'درەخت ' رەهەندی هونەریی و ئەدەبی لە بەرهەمەکانیا جێکردووەتەوە ، کە یەکێکە لە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەیی منداڵ ، هونەری گوتنی چیرۆک بە کێش و ســـەما ("لە هێلانەی بالّندەکە، لێی بوو هێلکەی بچوکی جوان") هەســتی جوانیی و ئەدەبی لە منداڵ دروســتەکات، وا لە منداڵ دەکات ئارەزووی بۆ چیرۆک زیادبکات و زیاتر گوێیلێبگرێت و بتواتێت جارێکی تر دووبارەی بکاتەوە بە هەمان ئاوازو سەروا و ریتمی خۆی (بروانە پاشکۆی ژمارە 05).

'پێنج مەری سپی * شەش مەری سپی * پێکەوە ئەگەران بە خۆشی'

بەرهەمی چەنالّی ئێن.ئار.تی3 –ەو بە ناوی" مەرەکان' گۆرانییەکە خاوەن بنەمای هونەری ڕەوانە، "پێنج مەر * شــەش مەر* پێکەوە ئەگەران بە خۆشــی"، هونەری دەربڕین و میوزیک تێکەڵدەکات. ئەمە نیشــانەی ئەوەیە کە چەنالّی ئێن.ئار.تی3 رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان پەیرەودەکات، لەو ناویشـــیانە رەهەندی هونەریی و ئەدەبی، یوتیووب دەتوانێت حەز و خولیای هونەریی لە منداڵاندا پەرەپێبدات (بروانە پاشکۆی ژمارە: 08).

'دارستانی هندستانە * نیشتمانی فیلەکانە '

'قۆری چا " بەرهەمی چەنالّی ئافەرین–ە، رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵی تێدایە لەوانە رەهەندی هونەریی و ئەدەبیی، تێیدا گۆرانییەکە بە رەهەندی هونەری و ئەدەبی چیرۆکێکی خەیالّی پێشکەشدەکات ، کە تێیدا زاراوە و وێنەی هۆنراوەکان بەکارهێنراوە بۆ دروستکردنی جیهانێکی خەیالّی سەرنجڕاکێش بۆ منداڵان، وشەکانیش بە شێوەیەکی ئاسان دێنە زوبان و دەوترێنەوە "دارستانی هندستانە، نیشتمانی فیلەکانە" درصوستکردنی جیهانێکی خەیالّی بۆ منداڵان و زانیاریی پێدان و ئاشـــناکردنیان بە نیشـــتمانی راســـتەقینەی ژیانیان و شوێنی ماننەوەیان (بروانە پاشکۆی ژمارە 12).

'بەخێر هاتیی ئەی رەمەزان * مانگی پر خێری قورئان'
'تۆ پیرۆزترینی مانگی * قورئان لە ناوتا دابەزی'

هۆنراوەی "بەخێر هاتیی ئەی رەمەزان" لە چەنالّی ئافەرین پەخشدەکرێت، گۆرانییەکە رەهەندی ئەدەبیی–هونەرییە و زمان و خواستنی هونەری منداڵ باشدەکات. "بەخێرهاتیی ئەی رەمەزان، مانگی پر خێری قورئان" بە زمانێکی ســـادە و ئاســـانە وا لە منداڵ دەکات زۆر بە ئاســـانی لە بەریبکات و لێیتێبگات و بوونی کێش و ســـەروا وەک "رەمەزان – قورئان"' مانگی – دابەزی" ئاســـانترە بۆ لەبەرکردن، رەهەندی هونەریی و ئەدەبیی یەکێکە لە رەهەندەکانی خوێندەواریی

میدیایی و پەروەردەی منداڵ کە دەبیت چەناڵەکانی منداڵان لە بەرهەمە هونەرییەکانیاندا پەیرەوییکەن (بروانە پاشکۆی ژمارە: 14).

'پێنەمبەر سەلامت لێبێت * خۆشەویست سەلامت لێبێت '
'سەڵاواتی خوات لێبێت'

بەرهەمی چەنالّی ئافەرین بە ناونیشانی "خۆشەویست سەلامت لێبێت"، گۆرانییەکە ڕەهەندی هونەریی و ئەدەبیە، بە شێوازێکی هۆنراوەی و هونەری نووسراوە، یارمەتی منداڵ دەدات لە فێربوونی، بۆ گەیاندنی پەیام بە شێوازێکی جوان ، زمان و دەستپێکردنی هەستی هونەری تێکەڵکردنی مۆسیقای نەرم و ئاوازێکی هونەری بۆ دروستکردنی پەیامێکی بەهێزکە ئەمەش نیشانەیە بۆ بوونی ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ لە بەرهەمە هونەرییەکانیاندا ، کە وا لە منداڵان دەکات زیاتر گۆرانییەکەیان بەلاوە خۆشتر بێت و زوتر لە بەربکەن (بروانە پاشکۆی ژمارە: 16).

4.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی خۆشباریی گۆرانی منداڵان

یەکێکی تر لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ ، ڕەهەندی خۆشباریییە ، کە چەناڵەکانی ئێن.ئار.تی3 و ئافەرین لە پەیامی بەرهەمەکانیاندا جێبەجێیانکردوە.

'خرە تەماتە شێوەی * کاهو پانە گەڵاکەی
کاهوو بیبەر تەماتە * خۆشن بۆناو زەڵاتە
قەرنابیت شێوەی گوڵە * گەنمەشامیش ئەبرژێ'

گۆرانی سەوزەکان ، بەرهەمی چەنالّی ئێن.ئار.تی3 –ە ، گرنگیی بە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ داوە، لەوانەش ڕەهەندی خۆشباریی ، تویژینەوەکە سەرنجی خۆی دەخاتە سەر ئەوەی کە هۆنەر پەیامەکانی بە شێوەی خۆشباری و یاری نوسیوە (' خرە- پانە – خۆشن – شیوەی گوڵ – ئەبرژێ ') بۆ ئەوەی سەرنجی منداڵان زیاتر ڕابکێشت و زووتر پەیامەکانی بگات . وەک تویژەرێک دەتوانین بڵێین ، کە هۆنراوەکە نموونەیەکی سەرکەوتووی میدیای پەروەردەییە بۆ منداڵان (بروانە پاشکۆی ژمارە: 01).

'ڕەنگی مۆر زۆر ئاسانە * وەک ڕەنگی باینجانە
دواتر ڕەنگی قاوەیی * هەروەکو خورماو کیوی
هەرکاتێ کە شەویش دێ * ڕەنگی ئاسمان ڕەش ئەبێ
سپی سپی ڕەنگێکە * هەروەک سپێنەی هێلکە
دواتر خۆڵەمێشییە * وەک پولەکەی ماسییە '

بەرهەمی چەنالّی ئێن.ئار.تی3 –ەو بە ناونیشانی "ڕەنگەکان" هۆنەر هۆنراوەکەی بەشێوەیەی خۆشحالّانەی وشەکانی نووسیوە. واتە گرنگی بە ڕەهەندی خۆشباری داوە، ڕەنگەکان بە

شـێوەیەکی دڵخۆشـانە نیشـان دەدات، "مۆر -باینجان – قاوەیی – خورماو کیوی – شـەو – ڕەش – سـپی -سـپێنەی هێلکە – خۆڵەمێش – پولەکەی ماسـیی' هەسـتی خۆشـحاڵی و تەندروسـتی دەروونی پێوە دیارە ، تا منداڵان زیاتر ئاشـنای ڕەنگەکان ببن و جیایانبکاتەوە. لیرەدا دەردەکەوێت هەم هۆنەر کە هۆنراوەکەی نوسـیووە، هەم چەنـاڵی ئێن.ئـاڕ.تی3 کە بەرهەمەکەی بڵاوکردووەتەوە ، گرنگی بە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ دەدات . (بروانە پاشکۆی ژمارە 03)

'ی وەکو یەکەم * ێ وەکو سێیەم '
'ڕ وەکو ڕۆبار * س وەکو سیان '

"گۆرانی لەسـەر پیتەکان" بەرهەمی چەنـاڵی ئێن.ئاڕ.تی3–ە. گۆرانییەکە پەیامەکەی بەشـێوازێکی خۆش و خۆشـبارییانە فێری منداڵان دەکات. ڕەهەندی خۆشـباری؛ یەکێکە لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان ، کە وا لە منداڵان دەکات حەزبکەن بە فێربوونی زمانی کوردی بکەن، هەروەها تێکەڵکردنی پیتەکان لە گەڵ ژمارەکان ناسـینەوەی هەردوکیانی ئاسـانتر کردووە، "ی وەکو یەکەم، ێ وەکو سـێیەم " س وەکو سـیان'، خۆشـکردنی فێربوونی ژمـارەکان لەگەڵ پیتەکان بۆ منداڵان یەکێکە لە بنەمـا گرنگەکان کە چەنـاڵەکان کاریپێبکەن . (بروانە پاشکۆی ژمارە: 07).

'گۆڵ ئەبیت ئاوابێ * زۆر بەهیزبێ'
'بەپەری توانا * شەبەکە بلەرزێنێ'

'تۆپی پێ"؛ یەکێکە لە بەرهەمەکانی چەنـاڵی ئافەرین، بەشـێوەیەکی خۆشـباریی وخۆشـبەر لەژیان. "گۆڵ ئەبێت ئاوابێت" "شـەبەکە بلەرزێنێ"، ڕەهەندی خۆشـباری لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە ، کە یەکێکە لە ڕەهەندەکـانی خوێندەواریی میدیـایی و پەروەردەی منـداڵ ، گۆڵکردن و هەڵسـەنگاندنی سـەرکەوتن بەشـێوەیەکی گەورە بەشـداردەبن لە گەشـەپێدانی هەستەکانی بەهێزبوون و یاساکانی (بروانە پاشکۆی ژمارە: 09).

'بەبە گیان قژی زۆر بوە
هەواکە ئەیهێنێ و ئەیبا '

بەرهەمی چەنـاڵی ئافەرین یەکێکی تر لە گۆرانییەکانی بەناونیشانی 'سەرچاکە " چەنـاڵی ئافەرین گرنگیداوە بە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ، "بەبە گیان قژی زۆر بوە، هەواکە ئەیهێنێ و ئەیبا " ئەم دێڕە ڕێگایەکی ڕەهەندی خۆشـبارەیی پێشـکەشـدەکات بۆ فێرکردنی منداڵان سـەبارەت بە کێشـەکانی قژی کە ناڕێکە و زبربووە ، هەواکە وای لێدەکات بێتە سەر چاوی (بروانە پاشکۆی ژمارە: 10).

'ڕێوی چوو فڵچەی کری
دانەکانی خاوێن کرد '

'ڕێوی ددان بشـــۆ"؛ بەرهەمی چەنالّی ئافەرین–ە، گۆرانییەکە میوزیک و ڕیتمی خۆشـــباریيە، بەمەش ســەرنجی منداڵان ڕادەکێشـێت و ئاسـانە ، سـادەیە و منداڵ زوو لەبەریدەکات. "ڕێوی چوو فڵچەی کری ، دانەکانی خاوێن کرد"، پەیامەکە بە ڕەهەندی گاڵتەجاری و خۆشـــباریيەوە دەگاتە گوێی منداڵ. کە لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵانە (بروانە پاشکۆی ژمارە: 11).

'خۆمم خۆمم قۆری چا * ئەوە دەستی ئەوە لوڵم '

'قۆری چا'؛ بەرهەمی چەنالّی ئافەرین–ە. لە دێرە شـعرەدا ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵی تێدایە لەوانەش ڕەهەندی خۆشـــباری، گۆرانییەکە میوزیک و ڕیتمێکی خۆشـــی هەیە، بەمەش ســـەرنجی منداڵان ڕادەکێشـــێت و فێرکارییەکی خۆشـــباریەتی پێشـــکەشـــدەکات و دڵی منداڵان خۆش دەکات. "خۆمم خۆمم قۆری چا" دووبارە کردنەوەی گۆرانییەکە چەند چارە یارمەتی منداڵ دەدات بە لەبەرکردنی بە ئاســـانی (بروانە پاشـــکۆی ژمارە: .12)

'هاورێیانم دەی کێ دێت - کیسە پرکەین لە چکلێت'
'کۆڵان بە کۆڵان ئەڕۆین - لە دەرگای ماڵان ئەدەین'

پەیامی "شـەوی بەراتە"؛ ڕەهەندێکی خۆشـباریيە. منداڵان بە ڕووحی خۆشـباریی، دڵخۆشـی، شـــادیی و خۆشـــحاڵییەوە دەڕوانە شـــەوە تایبەتەکە و کاتێکی خۆش بە ســـەردەبەن. بە کۆکردنەوەی نقوڵ و شـــیرینی شـــەوی بەراتیان لە یادناچێت. بەرهەمی چەنالّی ئافەرینە، لە هۆنراوەکەدا ڕەهەنـدەکـانی خوێنـدەواریی میـدیـایی و پەروەردەی منـداڵانی تێـدایە (بروانە پاشکۆی ژمارە: 13).

'بە هیوای ئەوەی چەژن بێ هەموو ڕۆژەکان * ئازیزانم ، هاورێیانم '
'هیوادارم کۆببینەوە ، هەموو چەژنێ'

'گۆرانی چەژنـانە"؛ یەکێکی تڕە لە گۆرانییەکـانی چەنـاڵی ئـافەرین، لە دێرە هۆنراوەکەدا ڕەهەندی خۆشـباری جەختیلەســەرکراوە. گۆرانییەکە بە شـێوەیەکی گونجاو بۆ خۆشـباری و چالاکییە شـادەکان نووســراوە. وشـــە و ئاهەنگی هەســتیارەکانی وەک خۆشـــی و جۆش، کە دەتوانێت ڕۆحیەی منداڵان بەرزبکات و هەستی ئاشتی تێدا پەسەندبکرێ. خۆشباریيەکی نێوان منداڵ و پێگەی خێزانییەکە دروستدەکات، دەبێت سەرچاوەکانی خۆشباریی منداڵان تایبەتمەند و پەروەردەیی بن (بروانە پاشکۆی ژمارە: 15).

5.3.3: شیکردنەوەی ناوەرۆکی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی گۆرانی منداڵان

ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی یەکێکە لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ ، کە چەناڵەکانی ئێن.ئار.تی3 و ئافەرین زۆر گرنگیان بەم ڕەهەندە داوە لە پەیامە گۆرانییەکانیاندا بە جۆرو چەشنی جیاواز لە دێرە شعریەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

'وەرن وەرن هاورێیان * فێربن شێوەی ڕەنگەکان '

'ڕەنگەکان"؛ چەناڵی ئێن.ئار.تی3، لەم دێرە هۆنراوەیەدا ڕەهەندی کۆمەڵایەتی تێدا بەکارهێناوە کە یەکێکە لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ، هۆنراوەکە هاورێیی و هاوبەشبوون پێشدەخات، وەک لە دووجار نووسراوە "وەرن وەرن هاورێیان". ئەمە هاوکارییەو کۆمەڵایەتییە، هۆنەر دەیەوێت ئەوپەیامە بگەیەنێت کە میدیا دەتوانێت بۆ یەککرتن و فێرکردنی کۆمەڵ بەکاربهێنرێت، منداڵان وا پەروەردە بکرێن کە فێری هاورێیەتی ببن وگیانی هاورێیەتیان تێدابێت (بروانە پاشکۆی ژمارە: 03).

'وەرزی نوێ* وەرن لەگەڵمان'
'وەرن هەمووتان* بۆ بابەتی نوێ'
'ناویشم ئێلایە* لەگەڵ کوکو ڕۆژانە'
'دەمەتەقێمانە* گۆرانی و چیرۆک'

ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە گۆرانی "وەرزی نوێ" لە چەناڵی ئێن.ئار.تی3 دا ڕەنگیداوەتەوە بە بانگهێشتی گەرم بۆ بەشداریکردن ("وەرن لەگەڵمان... بۆ بابەتی نوێ") ، ناساندنی کەسایەتییە هونەرییەکان (لانە، ترێ، کوکو، ئێلا) و پێشکەشکردنی نواندن و فێرکاری بۆ منداڵان ، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ بینەران، ("بەدڵی ئێوەیە... ئێمە پێشکەشتان ئەکەین") ، بابەت ، بانگهێشتی بۆ کاتێکی خۆش ("گۆرانی و بابەتی نوێ") ، ناساندنی کەسایەتییەکان (لانە، کوکو، ئێلا) و ڕۆڵییان وەک فێرکەر و گۆرانیبێژ، پەیوەندی لەگەڵ منداڵان ("پەندو ئامۆژگاری نوێ" (بروانە پاشکۆی ژمارە04).

'پێکەوە ژیا دوو باڵندە * ئەم دەرختە ڕەگەکەی
لە ناو زەوی بوو * لە چوار دەوری گەشەی کرد '
'لێی بوو هێلکەی بچوکی جوان * ئەم دەرختە ڕەگەکەی'

گۆرانی 'دەرخت' لە چەناڵی ئێن.ئار.تی3 سێ، ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵانی تێدایە کە باس لە پێکەوەژیانی باڵندەکان ("دوو باڵندە پێکەوە ژیا")و ('لێی بوو هێلکەی بچوکی جوان') ، ڕەهەندی کۆمەڵایەتیە پەیوەندی هاوبەش و پێکەوە گونجان وخۆشەویستی ژیان نیشاندەدات (بروانە پاشکۆی ژمارە: 05).

'مامی ئەند دادی * ئای لۆڤیو سۆومەچ '

گۆرانی "دایە گیان و بابە گیان" لە چەنالّی ئێن.ئار.تی3 پەخشـــــدەکرێت. گۆرانییەکە پەیوەندی منداڵ بە نزیکترین کەسایەتییەکانی ژیانی (وەک دایک و باوک) نیشاندەدات ، "مامی ئەند دادی، ئای لۆڤیو ســـۆومەچ " رەهەندی کۆمەڵایەتی نیشـــاندانی گرنگی پەیوەندی خێزانی ودەربرینی هەســـتی کۆمەڵایەتییە. رەهەندی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان لە چەنالّی ئێن.ئار.تی3دا گرنگی پێدەدرێت (بروانە پاشکۆی ژمارە: 06)

' ڵ وەکو هەڵۆ * م وەکو مانگۆ'
'و وەکو گورگ * ۆ وەکو چیرۆک '

"پیتە کوردییەکان ' بەرهەمی چەنالّی ئین ئارتی3 ە ، گرنگی بە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان داوە، رەهەندی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو رەهەندانە ، ئێن.ئار.تی3 لەم دێرە هۆنراوەیەدا رەهەنـــدی کۆمەڵایەتی رەنگیـــداوەتەوە ، گۆرانییەکە پەیوەنـــدی کۆمەڵایەتی منداڵان بە زمانی کوردی بەهێزدەکات و هانیاندەدات کە لەگەڵ یەکتر قسـەبکەن،(" ڵ وەکو هەڵۆ، ۆ وەکو چیرۆک"، "م وەکو مانگۆ، و وەکو گورگ") فێربوونی پیتەکان لە ڕێگەی گفتوگۆی کۆمەڵایەتییەوە (بروانە پاشکۆی ژمارە: 07).

'ئێستا با پێکەوە مەرەکان بژمێرین * چاوەکانت دابخە و بیانژمێرە'

پەیـــامی گۆرانی 'مەرەکـــان'؛ رەهەنـــدێکی کۆمەڵایەتییە کە بە یـــاریـیکردن و فێربوون پێشـکەشـیدەکات "با پێکەوە مەرەکان بژمێرین". ئەمە ڕەهەندێکی گرنگی خوێندەواری میدیایی و پەروەردەی منداڵانە کە چەنالّی ئێن.ئار.تی3 گرنگی پێدەدات، پەیوەندی کۆمەڵایەتی منداڵان بەهێزدەکات و یارمەتییاندەدات لە پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ هاوڕێکانیان (بروانە پاشـــکۆی ژمارە: 08).

'زۆر سەختە ڕێگاکانمان * ناوەستین لە ڕویان"
'خێرا هێرش ببەن * گۆڵی خۆتان بکەن '

"تۆپی پێ"؛ گۆرانییەکە بە جۆرێک پەیامەکەی دەگەیەنێت، ڕێگەدەدات منداڵان و گەنجان بە هاوبەشی و یەکگرتوویی فێربن. "ڕێگاکانمان"، "ناوەستین لە ڕویان"، گۆڵی خۆتان بکەن". واتە چەند ڕێگەکان سەختبن و دژواربن، هەموو بە یەکەوە ناوەستین و گۆڵ تۆماردەکەین. بەمەش چەنـالّی ئـافەرین گرنگی بە رەهەنـدی کۆمەڵایەتیی دەدات کە یەکێکە لە رەهەنـدەکـانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان لە ڕێگەی گۆرانییەکانییەوە پەیامەکانی دەگەیەنێت (بروانە پاشکۆی ژمارە: 14).

'کاکی بردی بۆ لای دەلاک * تاسەری جوان بۆ چاکات'
'بەبە و کاکی سەریان چاکرد * بە راستی کاری باشیان کرد'

چەنالّی ئافەرین لە دێرە هۆنراوەی "ســـەرچاکە" گرنگی بە رەهەندی کۆمەلّایەتیی داوە، چونکە باســـی ڕۆلّی خێزان (وەک "کاکی" و "دەلاک") دەکات لە یارمەتیدانی مندالّ کە ئەمە پەیوەندی کۆمەلّایەتی و پشتیوانی خێزانی بەهێز دەکات، "کاکی بردی بۆ دەلاک" ، "بەبە و کاکی سەریان چاکرد ، بە راســتی کاری باشــیان کرد" ئەمە هێمایەکی گرنگی هاوکاری خێزانیی پەروەردەی منداڵە لەرەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ ، کە چەنالّەکانی منداڵان گرنگی پێبدەن (بروانە پاشکۆی ژمارە10).

'ئەو بۆنەت با نەمێنێ * با خەڵکی بێزار نەکا '

' ڕێوی ددان بشۆ" رەهەندێکی کۆمەلّایەتییە ، چەنالّی ئافەرین لە ناو رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان گرنگی پێدەدات ، لەم دێرە هۆنراوەیەدا باســـی ئەوە دەکات کە نەشـــۆرینی ددان ("ئەو بۆنە ناخۆشـــە") دەتوانێت کاریگەری لەســـەر پەیوەندی کۆمەلّایەتی هەبێت، وەک ئەوەی خەڵکی "بێزار" بکات "با خەڵکی بێزار نەکا" ئەمە نیشـــانەیەکی گرنگی خۆپاراســـتنە لە کۆمەڵ بە تایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمرودا ، کە دایباب زۆر گرنگی بە دەم و ددانی منالّەکانیان دەدەن و ســـەردانی پزیشـــک دەکەن، دەرمان و فلّچەی تایبەتیان بۆ بەکاردەهێنن (بروانە پاشکۆی ژمارە: 11).

'بۆ ورچ و بۆ بۆبی و مێرووله * ریو هات وتی دەعوەتم '

پەیامی گۆرانیی "قۆری چا"؛ رەهەندی کۆمەلّایەتی تێدایە، چونکە باسی هاوڕێیەتی و پەیوەندی نێوان گیاندارە جیاوازەکان دەکات ، کە لە ئاهەنگێکدا کۆدەبنەوە و چا دەخۆنەوە ، ئەمە یارمەتی منداڵ دەدات بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە گرنگی هاوڕێیەتی و یەکگرتن و یەکتر قبووڵکردن و بەخۆشـــەویســـتییەوە لە یەکتر بروانن. "بۆ ورچ و بۆ بۆبی و مێرووله" باس لە پەیوەندی نێوان گیاندارە جیاوازەکانەکە هاوڕێیەتی و یەکگرتووی کۆی کردونەتەوە. چەنالّی ئافەرین بەم دێرە هۆنراوە پێمان دەڵێت ئەو شـعرانە دەکاتە گۆرانی کە هۆنەرەکان گرنگی بە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدایی و پەروەردەی منداڵ دەدەن (بروانە پاشکۆی ژمارە: 12).

'هاوڕێیانم دەی کێ دێت * کیسە پرکەین لە چکلێت'
'کۆلّان بە کۆلّان ئەڕۆین * لە دەرگای مالّان ئەدەین'
'بە یەک دنیا نوقوڵەوە * بەرەو مالّ هاتینەوە '

بەرهەمی چەنالّی ئافەرین–ە بە ناونیشانی "شەوی بەرات". ئەم گۆرانییە پەیوەندیەکی زۆری بە رەهەندی کۆمەلّایەتییەوە هەیە. پەیوەندییە کۆمەلّایەتییەکان لە گۆرانییەکەدا زۆر بەر چاو دەکەون: بەشـــداریی گشـــتییەکان، کۆکردنەوەی منداڵان، خێزان، و هاوڕێیەتی، بە تایبەتی لە بابەتی "کۆلّان بە کۆلّان ئەڕۆین" و "بەرەو مالّ هاتینەوە". هاوکاری و یەکتریی کۆمەلّەیەکی

کوردی تێدایە کە لە ناو کلتورو نەتەوەکانی تر ئەم دیاردەیە کەمە یان بوونی نییە. دەیەوێت لە ڕێگەی ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵەوە بگات بەوەی ، کە کۆمەڵی کوردی گیانی هاوکری و تەبایی و یەکگرتنی تێدایە و کومەڵەیەکی کراوەیە و گۆشـــەگیر و داخراو نییە (بروانە پاشکۆی ژمارە15).

'خێر و خۆشی بۆ هەموومان * نیشانەی بۆ بەختەوەری '

"ســـرودی بەخێر هاتیی ئەی ڕەمەزان"؛ گۆرانییەکە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی پێوە دیارە و هانی کۆمەڵە دەدات بۆ یەکگرتن و هاوکاری لە مانگی ڕەمەزاندا، ئەم ڕەهەندە لە پەروەردەی منداڵدا گرنگە، چونکە یارمەتیدەدات لە پەرەپێدانی هەست بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەکو هۆنەر دەڵێت "خێر و خۆشی بۆ هەموومان" نیشاندەری ئەو ڕۆڵەیە کە میدیا دەتوانێت ببینێت لە پەرەپێدانی هەســـتی یەکێتی و یەکگرتووی لە کۆمەڵگەدا. بۆیە چەنـاڵی ئـافەرین تـا ڕادەیەک گرنگی بە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ دەدات (بروانە پاشکۆی ژمارە: 14).

'کۆبونەوە لە ماڵەوە * خزم و هاوڕێ گشت پێکەوە '
'خاڵە خاڵە * دڵ خۆشمان کە بە چەژنانە '
'مامە مامە * دەی چاوەکەم تۆش خێراکە'

بەرهەمی چەناڵی ئافەرین بە ناونیشـــانی "چەژنانە"؛ پەیامی گۆرانییەکە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە و هاوکاریی و هاوبەشـــی تێدایە، بە تایبەتی ناوچەکانی "خزم و هاوڕێ گشـــت پێکەوە" پەیامی هـاوکـاریی و هـاوڕێیی دەگوازێتەوە بۆ منـداڵ کە دەیەوێـت دۆزە کۆمەڵایەتی و هەســـتی بەئەندامبوون لە کۆمەڵدا فەرمی بکات (بروانە پاشکۆی ژمارە: 15).

'تۆ لە ناو دڵی هەموومانی * نوری چاوو هێزی گیانی'
'ئەی خۆشەویست ئەی محەمەد * سەروەرم سەلامت لێبێت '

"خۆشـــەویســـت ســـەلامت لێبێت"؛ بەرهەمی چەناڵی ئافەرین-ە. پەیامی گۆرانییەکەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە، یەکگرتوویی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ناو منداڵاندا بڵاودەکاتەوە، وەکو دەڵێت "بۆ هەموومان خۆت پێشـــەوایی" ئامانج لێی پەروەردەکردنی منداڵە لە ڕێگەی ڕەهەندەکانی خوێنـدەواریی میـدایی و پەروەردەی منـداڵەوە بە میهرەبـانی، یەکگرتوویی، و ڕێزگرتن ، نیشـاندانی پەیوەندی پێغەمبەر و خەڵک وەک نموونەیەکی کۆمەڵایەتی (بروانە پاشـکۆی ژمارە: 16).

6.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی زمانەوانیی گۆرانی منداڵان

ڕەهەندی زمـانی دایـک یەکێکە لە ڕەهەندە گرنگەکـانی خوێندەواریی میـدیـایی و پەروەردەی منداڵ ، کە لە پەیامەکانی چەناڵی ئێن.ئار.تی3 و ئافەرین گرنگی زۆر بە زمانی دایک دەدرێت هەموو گۆرانییەکانیان بە زمانی کوردی بڵاودەکەنەوە.

'لە ناو زەوی بوو * لە چوار دەوری گەشەی کرد'

"گژوگیایی نایاب لە گەڵ گوڵی مۆر و سورو شین و زەردا * هاتنە دەرێ لە هێلکەکە
لە دایک بوو زەرنەقوتەی جوان * ئەم درەختە رەگەکەی'

شاعیر بەکارهێنانی وشەی وەک "گەشەی کرد" یان "لە دایک بوو زەرنەقوتەی جوان" توانایی زمانی منداڵ بۆ قسەکردن ، گفتوگۆ کردن و تێگەیشتن لە وشەکان و کارەکان بەهێزتر دەکات، ئامادەکردنی گۆرانی بە زمانی کوردی ، کە زمانی دایکە لە ڕێگەی ڕەهەندەکانی خوێندەواری میدیایی و پەروەردەی منداڵ ، هاوکاریدەکات لە پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایک. لەم چەند دێرە هۆنراوەیەدا پێمان دەڵێت چەناڵی ئێن.ئار.تی3 گرنگی زۆر بە ڕەهەندی زمانی دایک دەدات و دەیەوێت لە ڕێگەی گۆرانییەکانییەوە ئەو پەیامە بگەیەنێت ، کە زمانی دایک یەکێکی تڕە لە ڕەهەندە گرنگانەی ، بەردەوام کاری لە سەر دەکات و دەیەوێت بپارێزێت و پەرەیپێبدات (بروانە پاشکۆی ژمارە05).

'دایە گیان و بابە گیان * زۆرم خۆش دەوێن '

" دایە گیان و بابە گیان"؛ گۆرانییەکە بە زمانی کوردی و بە شێوازێکی سادە و تێگەیشتوو گوتراوە کە ئەمەش ڕەهەندی زمانی دایکە، یارمەتی منداڵ دەدات لە فێربوونی زمان ، بەهێزکردنی زمان لە ڕێگەی گۆرانی کوردییەوە بە تایبەتی بۆ منداڵانی هەندەران ، کە فێری زمانی کوردی ببن. ئەم بەرهەمە لە دەرەوەی کوردستان تۆمارکراوە و ئەومنداڵانەش ، کە وتویانە کوردن بەس لە هەندەران لە دایک بوون ،بەمە چەناڵی ئێن.ئار.تی3 پێماندەڵێت نەک هەر لە کوردەستان تەنانەت ئەو بەرهەمانەشمان کە لە دەرەوەی کوردستانن تومارەدەکرێت گرنگی بە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ دەدەن و دەمانەوێت زمانی دایک لە چەناڵەکەمانەوە بە هەموو جیهان بڵاوببێتەوە و فێری منداڵی بکەین لە هەر شوێنێک بێت (بروانە پاشکۆی ژمارە06).

'ح وەکو حەڵوا * خ وەکو خورما '

ئەم بەرهەمەی چەناڵی ئێن.ئار.تی3 بە ناوی "گۆرانی لە سەر پییتە کوردییەکان" ڕەهەندی زمانی دایکی تێدایە و تایبەتە بە زمانی کوردیی و فێربووبی زمانی کوردی، چونکە بە کەرەستەیەکی کاریگەر فێری پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی دەکات، کە یارمەتی پەروەردەی زمان لە منداڵان دەدات، "ح وەکوحەڵوا ، خ وەکو خورما " نیشاندانی جیاوازی نێوان دەنگی "ح" و "خ' بە شێوازێکی ئاسان و سادە. ڕەهەندی زمانی دایک یەکێکە لە هەرە ڕەهەندە گرنگەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان لە کۆمەڵەی کوردیدا. (بروانە پاشکۆی ژمارە07)

'وا شەو هات لە ئاسمان ئەستێرە بژمێرە * بەیانی ڕۆژێکی نوێیە دووبارە'

ڕەهەندی زمانی دایک لە چەناڵی ئێن.ئار.تی3 سێدا گرنگی پێدەدرێت، لەم دێرە هۆنراوەیەدا بە بەکارهێنانی زمانی سادە "وا شەو هات لە ئاسمان ئەستێرە بژمێرە..." یارمەتی

بەهێزکردنی زمان و زانستی ڕێنووسی منداڵ دەدات. ئەمە نیشانەی ئەوەیە ، کە یوتیووب دەتوانێت وەک ئامرازێک بۆ پەرەپێدانی پەروەردەی زمان خزمەتبکات ، بە پێی ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان لە چەناڵە یوتیووبەکاندا .(بروانە پاشکۆی ژمارە08)

'کاک حاجی عبدالرحمان * لە گەڵ دایە خەرامان '
'بەراتێکی تایبەت بوو'

ڕەهەندی زمانی دایک گرنگی پێدەدرێت لە چەناڵی ئافەرین ، هۆنراوەکە بە زمانی کوردییەوەیە، هۆنەر دەیەوێت لە ڕێگەی زمانی ڕەسەنی کوردییەوە پەیوەندی نێوان منداڵ و کلتوور بەهێز بکات و بە شێوازی گۆرانی هەمیشە کلتور بە زیندووی بمێنێتەوە لە هۆش ، بیروفکری منداڵدا.(بروانە پاشکۆی ژمارە13)

' دەی ئێوەش دایە و بابە* خێراکەن کوا چەژنانە '

ڕەهەندی زمانی دایک یەکێکە لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ ،لەم تێکستەدا کە بەرهەمی چەناڵی ئافەرینە بە ناونیشانی " چەژنانە" گرنگی دراوە بە بەکارهێنانی زمانی کوردییەکی سادە و هەستیار.ئەمە بەخێرایی دەتوانێت منداڵ لێیتێبگات و لە بەریبکات ، بە تایبەتی ئەوەی یارمەتیدەر دەبێت لە گەشەپێدانی تواناکانی وتار، گوێگرتن، و زانینی ڕەوشتی زمانی دایک، دەتوانێت بە جۆرێک بێت بۆهێزکردنی زمان و هۆکاری ڕەگەزبوونی زمانی دایک بێت (بروانە پاشکۆی ژمارە 15).

7.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی ژینگەیی گۆرانی منداڵان

ڕەهەندی ژینگەیی تەنها لەڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیاییدا هەیە کە چەناڵەکانی ئێن.ئار.تی3 و ئافەرین لە پەیامی گۆرانییەکانیاندا گرنگیپێدەدەن و بە جۆرو چەشنی جیاواز گوزارشتی دەکەن.

'گژوگیایی نایاب لە گەڵ گوڵی مۆر و سورو شین و زەردوسەوزو پەمەیی'

ڕەهەندی ژینگەیی لە پەیامی گۆرانەکانی چەناڵی ئێن.ئار.تی3 هەیە ،لە گۆرانی 'درەخت' شاعیر، گوڵ و باڵندە و گەڵای سەوز "گژوگیایی نایاب لە گەڵ گوڵی مۆروسورو شین" پەروەردەی منداڵ بۆ جیاوازی ڕەنگ و جۆری زیندەوەران زیادکردوە، پاراستنی ژینگە و گەشەی دارستانی خاوەن گژوگیایی نیشان داوە.دووبارەکردنەوەی "گژوگیایی نایاب" تێکەڵکردنی لە گەڵ ڕەنگەکانی" سورو شین و سەوزو زەرد و پەمەیی" ئاماژەیە بۆ ڕەنگاورەنگی سروشتی کوردستان و پاراستنی ژینگە و دارستانەکان ، کە هەمیشە بە سەوزی جوانە و دڵرفێنە. بە

بەکارهێنانی ڕەهەندی ژینگەیی ئەمەش بە واتای گرنگی پێدان بە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ لە چەنالەکە (بروانە پاشکۆی ژمارە05).

"تومەس فیلە سەما ئەکات * لە دارستان یاری ئەکات"

"قۆری چا" لە چەنالی ئافەرین پەیامی گۆرانییەکە ڕەهەندی ژینگەیی تێدایە، باسی ژینگە و گیاندارەکانی ناو دارستان دەکات کە یارمەتی منداڵ دەدات لە ناسینی گیاندارەکان و خۆشەویستی ژینگە. "تومەس فیلە سەما ئەکات ، لە دارستان یاریدەکات" نیشاندەری پەیوەندی نێوان گیاندارەکان و ژینگەیە. جێبەجێکردنی ڕەهەندێکی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵانە لە گۆرانییەکانیاندا (بروانە پاشکۆی ژمارە.12).

8.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی دەروونیی گۆرانی منداڵان

ڕەهەندی دەروونیی؛ یەکێکی تر لە ڕەهەندە گرنگەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ کە چەنالی ئێن.ئار.تی3 لە زۆربەی پەیامی گۆرانییەکانی لایەنی دەروونی منداڵی ڕاگرتووەو گرنگیان پێداوە. بەڵام چەنالی ئافەرین ئەم ڕەهەندەی فەرامۆشکردوە.

'من کچێکی ژیرم * وریاو جوان و وردم'
'من کوڕێکی ژیرم *'
شانازی هەموان'

گۆرانی "دایە گیان و بابە گیان" لە چەنالی ئێن.ئار.تی3 دا؛ ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە یارمەتی منداڵ دەدات لە ناسینەوەی هەستی خۆبوونەوە و شانازی کردن بە خۆیەوە ، کە ئەمەش ڕەهەندی دەروونییە ، پەروەردەی هەستی خود ، بەرزڕاگرتن و خۆشحاڵی بە خۆبوونەوە دەردەخات ،وەکو ئەوەی کە ئەڵێت: ""من کچێکی ژیرم، وریاو جوان و وردم"، "من کوڕێکی ژیرم، شانازی هەموان" (بروانە پاشکۆی ژمارە06).

'پێنج مەری سپی * شەش مەری سپی * پێکەوە ئەگەران بە خۆشی'

بەرهەمی چەنالی ئێن.ئار.تی3ە بە ناونیشانی "ژمارەکان" کە ڕەهەندی دەروونیی تیدایە و گۆرانییەکە خۆشئاهەنگی و ئارامی تێدایە "پێکەوە ئەگەران بە خۆشی..." کاریگەری ئەرێنی لەسەر دەروونی منداڵ هەیە. ئەمە ڕەهەندێکی خوێندەواری میدیایی و پەروەردەی منداڵە کە پەیوەندی هەیە بە تەندروستی دەروونی منداڵەوە (بروانە پاشکۆی ژمارە08).

9.3.3: شیکردنەوەی ناوەرۆکی ڕەهەندی هۆشیاریی گۆرانی منداڵان

ئەم ڕەهەندە یەکێکە لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی کە چەناڵی ئافەرین لە پەیامی گۆرانییەکانیا زیاتر گرنگی پێداوە و ڕەنگی داوەتەوە ، وەک لە پەیامی گۆرانییەکانی چەناڵی ئێن.ئار.تی3.

'هەردوکیان رازاوەو جوان بوون * چونکە ڕۆیشتن سەریان چاکرد '

گۆرانی "سەرچاکردن"؛ ڕەهەندی هۆشیاریی تێدایەز لە ڕێگەی نیشاندانی ئەنجامی ئەرکی چاککردنی وەک: "جوانبوون دوای چاککردنی قژ" هۆشیاری منداڵان بەرزدەکاتەوە کە ڕێگەی ئەمەوە دەیەوێت بڵێت سەر چاککردن یەکێکە بنەماکانی پاکوخاوێنی ، جوانی و ڕێکپۆشی. "هەردوکیان رازاوەو جوان بوون، چونکە ڕۆیشتن سەریان چاکرد"، پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە هۆشیاری کەسی و پەسەندکردنی چارەسەری کێشەکان.ئەو بەرهەمەی چەناڵی ئافەرین گرنگی بە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ دەدات (بروانە پاشکۆی ژمارە10).

'دانەکانم چەند دێزن * زۆر بە ئازارو نێشن '
'زۆر بە ئازارو نێشن * زۆر بە ئازارو نێشن'
'سەیرکەن چەند جوانی کرد * ددانم وەک بەفری لێ هات'
'هەرمیکرۆبەورائەکات * کەڵبەکانم چەند تیژ بوون'

"ڕێوی ددان بشۆ"؛ ڕەهەندی هۆشیاری تێدایە لە چەناڵی ئافەرین. گۆرانییەکە هۆشیاری منداڵان بەرزدەکاتەوە، لە ڕێگەی نیشاندانی ئەنجامی خاوێنکردنەوەی ددان (وەک "دانەکانم چەند دێزن ، زۆر بە ئازارو نێشن")، ("ددانم وەک بەفری لێ هات ، هەرمیکرۆبەورائەکات") ئەمە نیشانەیەکی ئەوەیە ، کە چاکبوونەوە و خاوێنی دەم و ددان چەندە باشە ،جوانییەکیش بە دەم و ددان دەدا و پاکوخاوێنە و بۆنیشی نییە ، کە هاورێکانی بێزاربکات. ئەم ڕەهەندە یەکێکە لە ڕەهەندە گرنگەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ لە پەیامی گۆرانییەکانی منداڵاندا (بروانە پاشکۆی ژمارە11).

'پارە ئەدەن بە منداڵان * خێرا برۆن بۆ ماڵیان'
'بۆنی بوغوردی ماڵان * ئەروات هەتا کۆڵان '
'چەند شەوێکی تاییەتە * شەوە شەوی بەراتە '
'کاک حاجی عبدالرحمان * لە گەڵ دایە خەرامان '
'باسوق و گوێزی داینێ* وەکو بەراتی لادێ'

گۆرانی "شـــەوی بەرات" لە چەنالّی ئافەرین، ڕەهەندی هۆشـــیاریی تێدایە کە یەکێکە لە ڕەهەندەکانی پەروەردەی منداڵ وخوێندەواریی میدیایی ، پەیامی هۆنەر و پەیامی چەنالّی ئافەرێن دەیانەوێت منداڵان ڕێببێت جیاوازی نێوان کەرەســـتەی ماددی و ڕووحی بزانن و دەیانەوێت ئەو جیاوازییە پیشـــانی منداڵ بدەن کە هەیە لە نێوان جەژنەکان ، کە لە شـــەوی بەراتدا منداڵان خۆیان ئەگەرێن و داوای بەرات دەکەن، بەڵام لە جەژنەکانی تردا گەورەکانیش ئەگەرێن و جەژنانە دەدەن بە منداڵان هەروەها هۆشـــیارکردنەوەی منداڵ و هاوڕێیان بۆ بەهێزکردنی یاسا و ڕێنماییەکان لە ڕووی دەرگا دان و هاتوچۆ و هەر ڕێنماییەکی تر کە هەیە (بروانە پاشکۆی ژمارە13).

'خوا پەرستی زیاتر ئەکەین * تورە نابین ئارام ئەگرین'

'بەخێر هاتیی ئەی ڕەمەزان' لە چەنالّی ئافەرین. ئەم گۆرانییە ڕەهەندی هۆشیاری ئاینی دەخاتە بەرچاوی منداڵ، کە لە پەروەردەدا گرنگە، "تورە نابین- ئارام ئەگرین" نیشـــاندەری کاریگەری میدیایە لە ناساندنی ڕەوشتی ڕۆژوو و ئارامی، و منداڵ هۆشیاردەکاتەوە لە گرنگی و پیرۆزی و زیاتر پابەندبوون بە بەها ئایینیەکانەوە (بروانە پاشکۆی ژمارە: 14).

'چەژن چەژن * یاخوا بە خێر بێیتەوە'

بەرهەمی چەنالّی ئافەرین-ە؛ بە ناونیشـانی "چەژنانە". شـیعرەکە پەیامی ڕەهەندی هۆشـیاری بە منداڵ دەدات سەبارەت بە 'چەژن ' و ڕووداوە تایبەتییەکان، وەک دۆزینەوەی بەها و گرنگی کۆبونەوەی کۆمەڵن و ئەو چەژنـانەی تـایبەتن بە کلتوور ، نەتەوە و کۆمەڵەوە. ڕەهەنـدی هۆشـــیاری یەکێکە لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ ، کە چەنالّی ئافەرین گرنگیپێدەدات. (بروانە پاشکۆی ژمارە: 15).

'بۆ هەموومان خۆت پێشەوایی * ئەی سەرچاشمەی سازگارو ڕوون'
'بۆ ڕینوێنی ئێمە هاتووی * تۆ سێبەری بۆ گەرمای بوون '
'بۆ لەش هێزن بۆ چاونوورن * ئەی خۆشەویست ئەی محەمەد'

"خۆشـــەویســـت ســـەلامت لێبێت"؛ گۆرانییەکە ڕەهەندی هۆشـــیاری پێوەدیارە. منداڵان بەرەو پێشـــەوایی ڕۆحی و ئاینی دەبات و لە یوتیوبدا دەبێتە هۆی بەرفراوانکردنی ئەم هۆشـــیارییە لەبەرئەوەی منـداڵ زۆر هۆگر بووە بە یوتیوبەوە. چەنـالّی ئـافەرین گرنگی بە ڕەهەنـدەکـانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵ دەدات (بروانە پاشکۆی ژمارە16).

10.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی ئایینیی گۆرانی منداڵان

ئایینی؛ یەکێکە لە ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و لە ڕەهەندی پەروەردەی منداڵدا نییە ، چەنالّی ئافەرین گرنگی زۆری داوە بەم ڕەهەندە بە شێوازی جۆراوجۆر لەوانە :

"خوا بیرژێنێت بە سەرتان * بەراتی کە دادە گیان "
"سوپاس خوایە * چەند خۆش بوو"

"بەرات" لە چەنالّی ئافەرین؛ رەهەندی ئایینی لەخۆدەگرێت. ئەگەرچی بە شـــێوەیەکی فەرمی ئاینی باسـنەکراوە، بەلّام هۆنراوەکە بە شـێوەیەکی ڕوون باسـی 'بەرات 'و سـیما ئاینییەکانی دەکات، بەتایبەتی بەکارهێنانی "خوا بیرژێنێت بە سەرتان" و "سوپاس خوایە"، کە پەیوەندیداریی بە ئاینی ئیســـلام وواتای "بەرات" بەرەو بەرنامەیەکی ئاینی دەچێت، لە ئایینەکانی تردا بەرات نییە تەنها لە ئاینی ئیسلامدا بوونی هەیە ، نووسەر جگە لەوەی باسی بەرات دەکات ، دەیەوێت پەیامەکانی ئایینی ئیسـلامیش بە منداڵان ئاشـنابکات ولە هزری منداڵاندا بچەسـپێنێت.رەهەندی ئایینی یەکێکە لە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان ، چەنالّی ئافەرینیش لە بەرئەوەی چەنالّێکی ئایینی منداڵانە گرنگی زۆر بە رەهەندی ئایینی دەدات (بروانە پاشـکۆی ژمارە: 13).

'بەخێر هاتیی ئەی ڕەمەزان * مانگی پر خێری قورئان '
'ڕۆژو پاداشتی لای خوایە * لێ خۆشبوونە بۆ موسوڵمان '

بەرهەمی چەنالّی ئافەرین بە ناونیشـانی 'بەخێر هاتیی ئەی ڕەمەزان' ، هۆنەرلەم گۆرانییەدا بە ڕوونی ڕەهەندی ئاینی دەرخسـتووە، کە تایبەتە بە مانگی ڕەمەزان و پیرۆزی قورئان. بەمەش لە پەروەردەی منداڵدا کاریگەری ئەرێنی هەبێت، چونکە پەیوەندی منداڵ بە بۆنە ئاینییەکان بەهێزدەکات. "مانگی پر خێری قورئان ,ڕۆژو پاداشـــتی لای خوایە": نیشـــاندەری ئەوەیە کە میدیای یوتیووب دەتوانێت بەشـداربێت لە ناسـاندنی بەها ئاینییەکان بۆ منداڵان وگرنگیدان بە رەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان (بروانە پاشکۆی ژمارە14)

'چەژن چەژن * یاخوا بە خێر بێیتەوە'

"چەژنانە" لە چەنالّی ئافەرین؛ گۆرانییەکە رەهەندێکی ئاینی تێدایە. لە وشـــەی "یا خوا بە خێر بێت" هەســـتی ڕەهەندی ئاینی دەمێنێتەوە. ئەمە ڕێزگرتنە لە باوەری خەڵک و بەرامبەر خودا دەنیشاندەکات، بەتایبەت لە ڕەوانگەی کۆمەڵایەتیی کوردییەوە گرنگی زۆری پێدەدرێت (بروانە پاشکۆی ژمارە15).

'یا رسول الله یا حبیبه الله * تۆ خۆری لە تاقی ئاسمان'
'خەندەی لە پاش ئازاوژان * خوای میهرەبان ڕێزی لێنان '

بەرهەمی چەنالّی ئافەرین بەناونیشـانی "خۆشـەویسـت سـەلامت لێبێت"؛ رەهەندێکی ئاینییە کە یەکێکە لە رەهەنـدەکـانی خوێنـدەواریی میـدیـایی و پەروەردەی منـداڵ. پەیوەنـدییەکی قووڵی

ئاییینیی منداڵانن کە لە ڕێگەی میدیاوە (یوتیوب) فێری ناســـاندنی پێغەمبەر و نەریتە ئاینییەکان دەبن. "تۆ خۆری لە تـاقی ئـاســـمـان... تۆ ڕووناکی بەربەیـانی"؛ یـارمەتی منـداڵ دەدات لە پەیڕەوکردنی بەها ئاینییەکان و پەروەردەکردنی هەســتێکی پابەندبوون بە دینەوە. کاریگەریی لە سەر دەروونی منداڵ دەکات و زیاتر لە ئاینەکە نزیکیدەکاتەوە (بروانە پاشکۆی ژمارە16).

11.3.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕەهەندی میدیایی گۆرانی منداڵان

بەکارهێنانی یوتیوب وەک ســەکۆیەکی میدیایی بۆ بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکان کاریگەرییەکی زیاتری هەیە لەســـەر منداڵان ، نیشـــاندانی پەیوەندی خێزانی لە ڕێگەی ڤیدیۆ و دەنگەوە کاریگەری زیاترە ، چەناڵی ئێن.ئار.تی3 ســـێ و چەناڵی ئافەرین گرنگی بە ڕەهەندی میدیایی دەدەن ، یوتیوب وەک ڕێگایەکی میدیایی کاردەکات بۆ گەیاندنی پەیامە ئاینی ، پەروەردەیی و فێرکاریی و هۆشـــیاریی ... هتد ، بۆ منداڵان پەیامەکانیان بگەیەنن بە شـــێوازێکی خۆش و نەرم، هەروەها زمان و هونەری گەیاندنی هەموو پەیامەکان. کاریگەری بەهێزی هەیە لە ســەر منداڵان. ئەم گۆرانییانە بەشـــی گرنگی میدیای ڕۆژانەیە و ڕۆژانە منداڵان گوێی لێدەگرن و دەیڵێنەوە . دەتوانرێت وەک پەیامێکی میدیایی بۆ پەروەردەی منداڵ سەیربکرێت. ئەم گۆرانییە بە فۆرمی ڤیدیۆی یان کلیپی یوتیوبی پەخشـــدەکرێت، شـــێوەی پیشـــاندانی و داهێنانی ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەیی منداڵانی تێدایە، بەتایبەتی بەکارهێنانی وێنە، دەنگ و گرافیک بۆ گەیاندنی واتای ڕاســتەقینەی بەرهەمەکە ، کە لە پەیامێکی کورت و تـایبەتی خۆی بە شـــێوەی ڤیـدیۆی یوتیوب بڵاوکراوەتەوە،دەبێت ئەوە بزانین کە یوتیوب کاریگەریی گەورەی لە سەر فێرکردن، ڕەوشت، دەروون و هەڵسوکەوتی منداڵان هەیە. هەموو گۆرانییەکانی چەناڵی ئێن.ئار.تی3و چەناڵی ئافەرین دەگرێتەوە.

پاژی دووهەم:

دەرئەنجامی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گۆرانییەکانی ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین

12.3.3: دەرئەنجامی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گۆرانییەکانی ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین

شیکاریی گۆرانییەکانی هەردوو کەناڵی ئافەرین و ئێن ئار تی سێ، چەندین لێکەوتەی گرنگی سەبارەت بە ناوەڕۆک، فۆرم، و کاریگەرییان وەک میدیای پەروردەیی ئاشکراکرد، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوختکراونەتەوە:

1. ئامانجی سەرەکیی بەرهەمەکانیان بریتییە لە پەروەردەکردنی سەرەتایی منداڵان لە بواری جیاجیاکانی ژیاندا.
2. لە گۆرانییەکاندا گرنگییەکی بەرچاو دراوە بە هاندانی منداڵان بۆ پاراستنی تەندروستی کەسیی و پاکوخاوێنی.
3. جەخت لەسەر بەها کۆمەڵایەتییە ئەرێنییەکانی وەک: هەوڵدان، هاوڕێیەتی، و گرنگیی پەیوەندییە خێزانییەکان کراوەتەوە.
4. بەشێکی گرنگی پەیامەکانیان بۆ ناساندنی کولتووری کوردی، بۆنە نەتەوەیی و ئایینییەکان تەرخانکراوە.
5. گۆرانییەکان بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش داڕێژراون لە ڕێگەی بەکارهێنانی میوزیک، سەروای ساده و ئەنیمەیشنی ڕەنگینەوە کە وا دەکات منداڵ حەزیان لێببێت.
6. لە گۆرانییەکاندا زمانێکی کوردیی ساده و ئاسان بەکارهێنراوە کە لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی منداڵاندا دەگونجێت.
7. هەردوو کەناڵی ئافەرین و ئێن ئار تی سێ، وەک سەکۆیەکی میدیایی کاریگەر، ڕۆڵی خۆیان لە گەیاندنی پەیامەکاندا بینیوە.
8. بەرهەمەکانیان نموونەی باشن بۆ میدیای پەروەردەیی، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستییان بە پەرەپێدانی زیاتری لایەنی ڕەخنەگرانە هەیە.
9. وەک نموونەیەکی سەرکەوتووی میدیای منداڵان، پەیامە پەروەردەیی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی و فێرکارییەکانیان بە شێوەیەکی خۆش و کاریگەر دەگەیەنن. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە لەسەر ڕەهەندەکانی خوێندەواریی میدیایی؛ وەک: بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و پرسیارکردن لە سەرچاوەی زانیاریی زیاتر کاربکرێت.
10. ئەم کەناڵانە "پەنجەرەیەکی ڕۆشنن" بۆ پەروەردەی سەرەتایی منداڵانی کورد، بەڵام دەکرێت ئەم پەنجەرەیە گەورەتر و کاریگەرتر بکرێت.

پاژی سێهەم:

چاوپێکەوتنی چر لە گەڵ پسپۆرانی تایبەت بە تویژینەوەکە

4.3: چەنالّی یوتیووبی ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین و شیکردنەوەی چاوپێکەوتنی بەرتویژان

بۆ قوولّبوونەوەی زیاتر و بە دەستهێنانی زانیاریی وردتر ؛ڕێکاریی چاوپێکەوتنی زانستیی چر لە گەڵ بەرتویژانی وەک : پسپۆران و کەسانی تایبەت بە خۆێندەواریی میدیایی و پەروەردەی سەرەتایی منداڵان کە شێوەی هەرەمی مەبەستداری تێدا بەکارهێنراوە . وەک ڕێکارێکی تەواوکاریی و گەیشتن بە وەڵامی هەندێک پرسیار ، کە لە شیکردنەوەی ناوەرۆکدا دەستنەکەوتوون . تویژەر بە گرنگی زانیوە دید و بۆچوونی ئەوانیش دەربارەی چەمکی خوێندەواریی میدیایی و چەنالّەکانی ئێن.ئار.تی3 و ئافەرین بزانێت ، هەوڵدەدرێت خاڵی هاوبەش وجیاواز و خاڵی بەهێز و لاوازی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی سەرەتایی منداڵان لە هەرێمی کوردستان شیبکرێتەوە.

1.4.3: چەمکی خوێندەواریی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا

لە خشتەی ژمارە :04؛ بۆچوونی بەرتویژان لەبارەی چەمکی خوێندەواریی میدیایی خراوەتە ڕوو. لەو بارەیەوە؛ د.کەریم قەرەچەتانی پسپۆری پەروەردەی دەروونناسی منداڵان ، باسی "سیستمی میدیایی" ی کردوە، دەڵێت ئەوەی ئێستا لە ڕاگەیاندندا دەبینرێت "من قەناعەتم نییە هیچ ڕاگەیاندکارێکی سەربەخۆ هەبێت بەتەنیا لەخزمەتی ئینساندا بێت، کەس نییە خۆی بێت"، بەڵام ئامانج حەسەن بەرێوەبەری ئافەرین ، رایەکی جیاوازتری هەیە دەڵێت لەدامەزراوە میدیاییەکاندا ئاستێکی باشی بریوە، بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام دەکرێت بوترێت بەهۆی هەندێک هۆکاری نامیدیاییەوە هەندێجار پشتگوێخراوە. لەلایەکی ترەوە عەدنان شاسوارپسپۆری پەروەردەی لە زمانی دایکدا، باسی "خوێندەواریی میدیایی"دەکات کەلای هەندێک میدیاکار و پەروەردەکار ناسراوە، بەڵام لای باوان و ئەوانی تر "دوور لە بایەخ"ە ، نەبوونی یەکسانی زانست و گرنگی بۆ خوێندەواریی میدیایی لای میدیاکاران و پەروەردەکاران لە ئاستێکی جیاوازدان وەک لە خێزانەکان. بەڵام مەحموود باجەلان و دیمەن حەمەعەلی کە هەردوکیان سەرپەرشتیاریی پەروەردەین ، تارادەیەک بۆچۆنەکانیان زۆر نزیکن لە یەکەوە مەحموود باجەلان پێوایە کە لە خوێندەواریی میدیادا ڕۆشنبیریی یان هۆشیاریی زۆر پێویستە لەلای داییباب، بەڕاستی ئەمە زۆر لە ئاستێکی باشدا نییە. بە هەمان شێوەش دیمەن حەمەعەلیش پێوایە لەپێشدا دەبێت دایکان و باوکان ڕۆشنبیری تەواویان هەبێت، بۆ پەروەدەکردنی نەوەیەکی خوێندەوار. کرمانج محەمەد بەرێوەبەری ئێن ئارتی سێ باسی "پەروەردەی منداڵ "ی کردوە، پەروەردەکردنی نەوەیەک ئامانجی سەرەکیە، ئەو جیاوازی

دەکات لە نێوان "هەڵسوکەوت "بۆ منداڵی باخچە و "خوێندەواریی "بۆ قۆناغەکانی سەروتر. پێیوایە هەڵسوکەوت زۆر گرنگە، بەڵام بۆ قۆناغەکانی تر خوێندەواریی زۆر زۆر گرنگە. بێگومان ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی تاک لە چەمکی خوێندەواریی میدیایی، لەلایەکیترەوە سۆزان محەمەدیش سەرپەرشتیاری پەروەردەی باخچەکان ، دەڵێت لە ژینگەیەکدا دەژین هەمووی ئایتییە، دەوروپشتمان بە گەورە و بچووکەوە خەریکی ئەو ئامێرە ئەلیکترۆنیانەن. بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان پێویستی بە سنووردارکردنە، هەم لەلایەن خێزانەوە و هەم لەلایەن ناوەندە پەروەردەییەکانەوە. خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان لە سەر گرنگی خێزان بریتیە لەوەی زۆربەیان ڕۆڵی خێزان وەک پایەیەکی سەرەکی دادەنێن لە کۆمەڵگادا. زۆربەی بۆچون و پێشنیارەکان گشتیی بوون و ڕێگایەکی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنیان نەخرابوە ڕوو، بەڵام خاڵی بەهێز لە نێوان بەرتوێژەراندا بریتیە لە ناسینی ڕۆڵی خێزان، خۆشبەختانە زۆربەیان خێزان وەک یەکەم و گرنگترین "ناوەندی پەروەردەیی" دەناسێنن. بە بۆچونی توێژەر ناسینی خێزان وەک دامەزراوەیەکی بچوکی پەروەردەیی خاڵیکی جەوهەریە کە دەکرێت ناوەندە پەیوەندارەکان کار لەسەر پەروەردەی منداڵ بکەن بە هاوکاری دایبابان لەڕێگەی دامەزراوە میدیایەکانەوە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی منداڵ لە قۆناخی سەرەتایەوە ئاشنایی لەگەل میدیادا پەیدا بکات ئەمەش یارمەتیدەرە لە تێگەیشتن لە چەمکی خوێندەواریی میدیایی، چونکە دامەزراوە میدیاییەکانیش یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی بریتیە لە پەروەردەکردنی نەوەیەکی خوێندەوار بە زانست و زانیاریی سەردەمیانە بێگومان ئەم پەروەردەکردنەش لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەتمەندەوە دەبێت لەکەنالە جیاوازەکانی میدیاوە بۆ سەرجەم ئاستەکانی تەمەن بە هاوکاری ناوەندە پەروەردەییەکان و خێزان، پاشان پسپۆڕانی پەروەردەیی ودەروونزانی و کۆمەلناسیی... هتد. کەواتە پەروەردەی منداڵ لە سەردەمی ئێستادا پڕۆسەیەکی هاوبەشە وپێویستی بە هەماهەنگیی هەر یەک لە خێزان، ناوەندە پەروەردەییەکان، وخودی میدیاش هەیە، توێژەر ڕایوایە کە پەروەردەکردنی نەوەیەکی خوێندەوار کار ئاسانی دەکات بۆ تێگەشتن لە چەمکی خوێندەواریی میدیایی.

خشتەی ژمارە: 04

بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی چەمکی خوێندەواریی میدیایی

بەرتوێژان	وەڵامی بەرتوێژانی پسپۆر
کرمانج محەمەد	گرنگە جیلێک پەروەردە بکەین، ئەو جیلە هەم خوێندەوار بێت هەم هەڵسوکەوتی جوان بێت. خوێندەواریەکە زۆر کیشەی نییە لە باخچەیە، هەڵسوکەوت زۆر گرنگە. بەڵام بۆ قۆناغەکانی تر خوێندەواریی زۆر زۆر گرنگە.
ئامانج حەسەن	لەدامەزراوە میدیاییەکاندا تا ئاستێکی باش بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام دەکرێت بوترێت بەهۆی هەندێک هۆکاری نامیدیاییەوە هەندێجار پشتگوێ خراوە.
دیمەن حەمەعەلی	لەپێشدا دایک و باوک ڕۆشنبیری تەواویان هەبێت

سۆزان محەمەد	لە ژینگەیەکدا دەژین هەمووی ئایتییە(IT) ، دەوروپشتمان بە گەورە و بچووکەوە خەریکی ئەو ئامێرە ئەلیکترۆنیانەیە. گرنگە ئەو سنووردارکردنەش هەم لە خێزانەوە بێت هەم لە ناوەندە پەروەردەییەکانەوە بێت
مەحموود باجەلان	لە خوێندەواریی میدیا ڕۆشنبیری یان هۆشیاری بێت لەلای داییباب بەڕاستی ئەمە زۆر لە ئاستێکی باشدا نییە.
کەریم قەرەچەتانی	ئەوەی ئێستا لە ڕاگەیاندنە من قەناعەتم نییە هیچ ڕاگەیاندکارێکی سەربەخۆ هەبێت بەتەنیا خزمەتی ئینسان بێت،کەس نییە خۆی بێت
عەدنان شاسوار	لای ژمارەیەک لە میدیاکار و پەروەردەکار ناسراوەو جێی بایەخە؛ دەنا لای باوانو ئەوانی تر... دوور لە بایەخە.

2.4.3: خوێندەواریی میدیایی و ڕۆڵی لە پەروەردەی سەرەتایی منداڵان-دا

خشتەی ژمارە:05; بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی پەیوەندیی نێوان خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی سەرەتایی منداڵان خراوەتەروو، بێگومان خاڵی هاوبەش لە نێوان بەرتوێژاندا هەیە، هەموویان بە شـــێوەیەک لە شـــێوەکان دان بە گرنگی پەیوەندی نێوان خوێندەواریی میدیایی و پرۆســـــەی پەروەردەکردنی منداڵدا دەنێن؛ هەروەها نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن ســەبارەت بە ناوەڕۆکی پەخشـکراوی چەناڵە میدیایەکان کە ڕەنگە کاریگەریی نەرێنی لەســەر منداڵ دروســـتبکات، هەرچەندە ئەم نیگەرانییە بە شـــێوازی جیاواز و لە ڕوانگەی جیاوازەوە دەردەبڕن، بەڵام هەموویان کۆکن لە ســەر بەرپرســیارێتی پەروەردەو هەڵسـوکەوتی منداڵ و ڕۆشـنبیری و بەرپرسـیارێتی بەشـیکی لە چەناڵەکانی تایبەتمەند بە منداڵانە، خاڵی جیاواز لە نێوان بەرتوێژاندا هەیە. **کرمانج محەمەد** پێوایە کەبەداخەوە زۆربەی شـــتەکان لە پارتەکانەوە ســـەرچاوەی گرتووە بۆ نموونە چەمکەکان هەمووی تێکەڵی دیدی حزبەکان بوون. **ئامانج حەسەن** ئەم پەیوەندییە نەبێت، کارەسات ڕوو دەدات. میدیاکار بەتایبەتی میدیاکاری تایبەتمەند بە بواری منداڵان، پێویســـتە زۆر ڕۆشـــنبیر بێت و فیکری منداڵ بەتەواوی بخوێنێتەوە. **دیمەن حەمەعەلی** دەڵێت هەر بابەتێک کە منداڵان سودی لێوەردەگرن شتێکی زۆر باشە.

ســـــۆزان محەمەد بۆچونی وایە کە باگراوندی کەســـــەکان فەرق دەکات، ئەوەی دیاریدەکات کارەکەیەتی. **مەحموود باجەلان** پێیوایە ئێن ئارتی ســێ زۆر باشـترە لە ئافەرین چونکە گرنگی بە هەندێک بابەتی وەک پەروەردە و زمانی دایک دەدات تا ڕادەیەک هۆشـــیارترە. **کەریم قەرەچەتانی** دەڵێت زۆربەی ئەو گۆرانیانە بۆ منداڵ پەخشـدەکرێن گونجاو نییە، واتە پەیوەندی نییە بە پەروەردەکردنی منداڵانەوە. **عەدنان شـــاســـــوار** ئاماژە بەوە دەدات کە خوێندەواریی میدیایی، ڕاڤە لە ســـەلیقە و دەربڕینی نایاب و داهێنەرانەی میدیاکار لە ڕێی ئەو بابەتانەوە کە بە وەرگری دەگەیەنێت دەردەکەوێت، پەروەردەکردنی منداڵ پرۆســـەیە. دەبێت میدیاکار خۆی بەیەکیانەوە ببەســـتێتەوە. ســـەرچەم دید و بۆچونی بەرتوێژان لە گۆشـــەنیگای جیاوازەوە

دەڕوانن بابەتەکە. بەڵام بۆچونی تۆژەر ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان، پرۆسەیەکی دژێخایەنە وبە ئاسانی بەدینایەت بەڵکو پێویستە دامەزراوە فەرمییەکان و چەناڵەکانی میدیا و ناوەندە پەروەردەییەکان پلانی دورمەودایان هەبێت لەسەر ئەم بابەتە، چونکە بەشێکی پەروردەکردنی منداڵان لەئەستۆی چەناڵەکانی راگەیاندنە لە ڕێگەی بەرنامە تایبەتەکانی چەناڵەکانەوە، بە تایبەتی خوێندەواریی میدیایی. لە کۆتاییدا، کێشەکان لە چەندین لاوەیە ڕەوشی سیاسی، کەمیی توانای میدیاکاران، نەبوونی پلانێکی زانستیی ورد، هەروەها لە نێوان ناوەرۆکی بابەتەکانی میدیا و پەروردەکردنی منداڵاندا بۆشایەکی گەورە هەیە.

خشتەی ژمارە: 05 بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی پەیوەندیی نێوان خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی منداڵان	
بەرتوێژان	وەڵامی بەرتوێژانی پسپۆر
کرمانج محەمەد	بەداخەوە زۆربەی شتەکان لە پارتەکانەوە سەرچاوەی گرتووە بۆ نموونە چەمکەکان هەمووی تێکەڵی حزبەکان بوون.
ئامانج حەسەن	ئەم پەیوەندییە نەبێت، کارەسات ڕوو دەدات. میدیاکار، بەتایبەتی میدیاکاری منداڵان، پێویستە زۆر ڕۆشنبیر بێت و فیکری منداڵ بەتەواوی بخوێنێتەوە.
دیمەن حەمەعەلی	هەر بابەتێک کە پێشکەش بە منداڵان سودی لێوەردەگرن شتێکی زۆر باشە.
سۆزان محەمەد	مامناوەندە، باگراوندی کەسەکان فەرق دەکات... ئەوەی دیاریدەکات کارەکەیە.
مەحموود باجەلان	ئێن ئارتی سی زۆر باشترە لە ئافەرین چونکە گرنگی بە هەندێک بابەتی وەک پەروەردەی و زمانی دایک ئەدات تا ڕادەیەک هۆشیارترە.
کەریم قەرەچەتانی	زۆربەی ئەو گۆرانیانە بۆ منداڵ گونجاو نییە، واتە پەیوەندی نییە .
عەدنان شاسوار	خوێندەواریی میدیایی، ڕاڤە لە سەلیقە و دەربڕینی نایاب و داهێنەرانەی میدیاکار دەکات لە ڕێی ئەو بابەتانەوە کە بە وەرگری دەگەیەنێت، پەروەردەکردنی منداڵ پرۆسەیە. دەبێت میدیاکار خۆی بەیەکیانەوە ببەستێتەوە.

3.4.3: خوێندەواریی میدیایی و ڕەهەندەکانی لە یوتیووبی ئێن.ئار.تی سێ و ئافەرین-دا

خشتەی ژمارە :06 بۆچوونی بەرتوێژان سەبارەت ئامانج لە دروستکردنی ناوەرۆک و خزمەتکردنی خوێندەواریی میدیایی و پەروەردەی سەرەتایی منداڵان خراونەتە ڕوو، بەرتوێژان لە هەندێک بابەتدا کۆکن، خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان بریتیە لە گرنگی پەروەردە و کاریگەریی میدیا لەسەرئەم بوارە. لەم بارەیەوە. **کرمانج محەمەد** بەڕێوەبەری ئێن ئارتی سێ ، دەڵێت: ئەوەی گرنگە بەلامانەوە پەروەردەیە پاشان فێرکردنە، واتا پەروەردە لە پێش فێرکردنەوە دادەنێت". پێیوایە تاکێک ئەگەر پەروەردەیەکی باشی نەبێت، با هەر فێربێت چەندێک لە لوتکەدا بێت ئەگەر پەروەردەیەکی باشی نەبێت، ئەوا کێشەیە بۆ کۆمەڵگا. لەلایەکی

تره‌وه **ئامانج حه‌سه‌ن** به‌ڕێوه‌به‌ری ئافه‌رین ، باسی پرکردنه‌وه‌ی "بۆشایی" و "پێویستی"یه‌ک ده‌کات که له بواری په‌روه‌رده‌ی منداڵدا هه‌یه. ئاماژه به‌وه ده‌دات که نا شاره‌زایی و به‌تاڵی له ناوه‌ڕۆکی په‌روه‌رده‌ییدا هه‌یه و پێویسته ئه‌م بۆشاییه پڕ بکرێته‌وه. **دیمه‌ن حه‌مه‌عه‌لی سه‌رپه‌رشتیاریی په‌روه‌رده‌ی ده‌ڵێت** به‌رنامه‌کان کاریگه‌ریی له‌سه‌ر په‌روه‌رده‌ی منداڵ هه‌یه، چونکه منداڵ چێژی لێده‌بینێت و فێرده‌بێت و په‌روه‌رده‌ی تێدایه. له‌و باره‌یه‌وه؛ **سۆزان محه‌مه‌د سه‌رپه‌رشتیاری په‌روه‌رده‌ی** رای خۆی ده‌خاته‌روو ده‌ڵێت "منداڵان حه‌ز له بابه‌تێک ده‌که‌ن که زۆر دووباره ده‌بێته‌وه و ده‌بێته شتێکی باو"، سه‌رباری ئه‌وه‌ی په‌روه‌رده‌یی بێت یان نا. ئاماژه به "حه‌ز" و "دووباره‌بوونه‌وه" له ناو منداڵاندا ده‌کات. ئه‌مه‌ش نیشانیده‌دات که ناوه‌ڕۆک ده‌بێت نه‌ک ته‌نیا په‌روه‌رده‌یی بێت به‌ڵکو خوازراوی منداڵانیش بێت. **مه‌حموود باجه‌لان سه‌رپه‌رشتیاریی په‌روه‌رده‌ی** ده‌ڵێت: ئین. ئارتی. سێ. زیاتر خزمه‌تی لایه‌نی هۆشیاری و ڕۆشنبیری منداڵ ده‌کات وه‌ک فێرکردن، به‌ڵام پێی وانییه چه‌نالّی ئافه‌رین هه‌موو بابه‌ته‌کانیدا له خزمه‌تی منداڵدا بن. ده‌ڵێت چه‌نالّی ئافه‌رین وه‌ک ڕه‌ئی خۆم پێموانییه ئه‌و بابه‌تانه‌ی که بڵاویده‌کاته‌وه هه‌رهه‌موویان له خزمه‌تی منداڵدا بن، ئه‌م جیاوازی ده‌کات له نێوان دوو چه‌نالّی ئین. ئارتی. سێ. به "هۆشیاری و فێرکردن" ده‌ناسێت و ڕه‌خنه له چه‌نالّی ئافه‌رین ده‌گرێت. **عه‌دنان شاسوار** پسپۆری زمانی دایک رای جیاوازتر ده‌خه‌نه‌روو ودەڵێن: چه‌نالّی ئافه‌رین ده‌ربڕینی فیکری ئیسلامییه و هه‌وڵ ده‌دا عه‌قڵی منداڵ له ناوی خوا و پێغه‌مبه‌ردا قه‌تیس بکات، ئین. ئارتی. سێ. کارامه و لێهاتووه له په‌یام گه‌یاندن و خزمه‌تکردنی به منداڵان. هه‌روه‌ها ئین. ئارتی. سێ. به "کارامه" و "لێهاتوو." وه‌سفده‌کات. **که‌ریم قه‌ره‌چه‌تانی** پسپۆری ده‌روونناسی منداڵان له ئاستێکی جیاوازدا وه‌ستاوه و ده‌ڵێت به‌ڕاستی ئاگاداری هیچ چه‌نالّێک نییم. **مۆفه‌ق لهۆنی** سه‌رپه‌رشتیاری په‌روه‌رده‌ی منداڵان له بواری میوزیکدا : به‌دڵنیایه‌وه له بواریکی په‌روه‌رده‌یی خزمه‌ت به منداڵان بکه وه‌ک مامۆستا و میدیاکار، ئه‌و که‌سه خۆی له په‌روه‌رده‌ی منداڵاندا قوڵبکاته‌وه پاشان کاری تێدابکات. توێژه‌ر پێوایه زۆر گرنگه دامه‌زراوه میدیایه‌کان به وردی تیشکبخه‌نه سه‌رناسینی کێشه‌کان له بواری په‌روه‌رده و فێرکردندا، به‌رنامه‌ی په‌روه‌رده‌یی جۆراوجۆر له چه‌نالّه جیاوازه‌کانی میدیادا ئاماده بکه‌ن به‌ڵام زۆر گرنگه ئه‌م به‌رنامانه له‌لایه‌ن خه‌ڵکانی پسپۆر و شاره‌زا له بواری په‌روه‌رده و فێرکردندا ئاماده بکرێت. چونکه ئه‌م به‌رنامه په‌روه‌رده‌یانه ده‌بنه به‌شێک له پڕۆسه‌ی په‌روه‌رده و فێرکردن له‌کۆمه‌ڵدا

خشته‌ی ژماره: 06 ئامانج له دروستکردنی ناوه‌ڕۆک و خزمه‌تکردنی خۆێنده‌واریی میدیایی و په‌روه‌رده‌ی منداڵان	
به‌رتوێژان	وه‌ڵامی به‌رتوێژان
کرمانج محه‌مه‌د	ئه‌وه‌ی گرنگه به‌لامانه‌وه په‌روه‌رده‌یه پاشان فێرکردن، تۆ ئه‌گه‌ر تاکه‌که په‌روه‌رده‌یه‌کی باشی نه‌بێت با هه‌ر فێربێت چه‌ندێک له لوتکه‌دا بێت ئه‌گه‌ر په‌روه‌رده‌یه‌کی باشی نه‌بێت کێشه‌یه بۆ کۆمه‌ڵگه‌که‌ت

ئامانج حەسەن	دەستیبردووە بۆ پرکردنەوەی پێویستی و بۆشاییەک ، کە لەناو پەروەردەی منداڵدا هەبووە
دیمەن حەمەعەلی	بەرنامەکان کاریگەریی هەیە لەسەر پەروەردەی منداڵ، چونکە منداڵ چێژیلێئەبینێت و فێردەبێت و پەروەردەی تێدایە..
سۆزان محەمەد	منداڵەکان ئەو بابەتانەیان حەزلێیە ، کە زۆرینە دەیڵێنەوە دەبێتە باو، ئینجا پەروەردەی بێت یاخود ناپەروەردەی بێت
مەحموود باجەلان	لە ئین ئارتی سیدا، زیاتر خزمەت بە لایەنی هۆشیاری و ڕۆشنبیری منداڵ دەکات و لایەنی فێربوونەکەی... کەنالّی ئافەرین وەک ڕەئی خۆم پێم وانییە ئەو بابەتانەی ، کە بڵاوی دەکاتەوە هەرهەموویان لە خزمەتی منداڵ بن
عەدنان شاسوار	چەنالّی ئافەرین ، دەربڕی فیکری إسلامیەو دەخوازێ کرۆکی عەقڵو بیرکردنەوەو سۆزی منداڵان لە ناوی الله و محمد دا قەتیس بکا، وە چەنالّی ئێن.ئار.تی3 ، پەیامو خزمەتکردنی منداڵان، کارامەو لێهاتووە
کەریم قەرەچەتانی	من ئاگاداری هیچ کام لەم چەنالّەی منداڵ نیم
مۆفەق لهۆنی	بەدڵنیای لە بواریّکی پەروەردەی خزمەت بە منداڵ بکە وەک و مامۆستا وەک و میدیاکار، هەموو پیشەکانی تریش دەبێت ئەو کەسە خۆی لە پەروەردەی منداڵ کاڵ بکاتەوە پاشان کاری تێدابکات

4.4.3: خوێندەواریی میدیایی و پێڕەوکردنی پێوەرەکانی لە گۆڕانی منداڵان-دا

خشتەی ژمارە: 07 بۆچوونی بەرتوێژان دەربارەی ڕەچاوکردنی خوێندەواریی میدیایی و پەروەدەی سەرەتایی منداڵ لە لایەن چەنالّی ئێن.ئار.تی3 و ئافەرین دەخاتەروو،کرمانج محەمەد بە ڕەخنە دەڕوات و دەڵێت ، کە "ئازادی" و "بۆشایی"ی پێویست بۆ دروستکردنی ناوەرۆک بۆ منداڵان لە کوردستاندا نییە. پێیان وایە ئەم بۆشاییانە بە کردەیی هەست پێدەکرێن بەڵام پڕ نەکراوەتەوە. منداڵی ناتق لەسەر کاریگەری میدیای منالّان بۆ گەورەش تاکید دەکات، نەک تەنیا بۆ منالّان. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ناوەرۆکی باش یان خراپ بۆ منالّان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر کۆمەڵگا و خێزانەکانیان هەیە.دیمەن حەمەعەلی هاوڕا دەبێت لەگەڵ منداڵی ناتق و دەڵێت کاریگەری میدیا تەنیا لە منداڵان ناچێتەوە بەڵکو لە گەورەکانیشدا ڕەنگدەداتەوە.
سۆزان محەمەد ناوەڕۆک دەخاتە ڕوو کە "پەروەردەکردنی منداڵ لە ڕێگای میدیاوە" کارێکی زۆر گرنگە. ئەمە خاڵێکی سەرەکی و ناوەکی بابەتەکەیە. مەحموود باجەلان ڕەخنە دەگرێ لە کەمیی کرداری و ئەکادیمی کاری لەسەر ئەم بواڕە. پێیان وایە کە ئەم چەمکە ("پەروەردە لە ڕێگای میدیاوە") لە کوردستاندا بە شێوەیەکی ئەکادیمی وەک پێویست کاری لەسەر نەکراوە.
ئەمین سەپان ئێن ئارتی سێ لە ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکانەوە دەست پێدەکات و باسی گەیاندنی بۆ منداڵان دەکات. باسی هۆشیاری و ڕەخنەگرتنی میدیایی منالّان دەکات، کە خاڵێکی پێشکەوتوو و پێویستە. مۆفەق لهۆنی ئاماژە بەوە دەدات کە هەندێک لە گۆرانییەکانی ئافەرین وەرگیراون "لە ناوەرۆکی دەرەوە"و پەسەند کراون. عەدنان شاسوار باسی پێویستیی ناوەرۆکی پەروەردەیی و سوودبەخش بۆ منداڵان دەکات و ئاماژە بە خوێندنەوە و هۆشیاری میدیایی دەدا. خاڵە هاوبەشەکان، دیمەن حەمە عەلی و سۆزان محەمەد کۆکن لە سەر ئەوەی میدیا

گرنگە و کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر منالاّن هەیە، کەمی ناوەرۆکی پەروەردەیی هەست بە کەمیی ناوەرۆکی باش و پەروەردەیی بۆ منالاّن لە میدیای کوردی هەیە ، دەستنیشانکردنی کێشە هەموویان کێشەکە دەناسن و باسی لەسەر دەکەن. جیاوازیی لە نێوان ڕەخنە و پێداچوونەوە هەندێک وەک کرمانج محەمەد و مەحموود باجەلان زیاتر ڕەخنەگرن و ڕێگەخراوی دەسەلاّت و کەمی شارەزایی بەڕێوەبەری ئەکادیمی بە هۆکاری سەرەکی دەبینن. هەندێکی ترئەمین سەپان و مۆفەق لهۆنی زیاتر باسی ناوەرۆکی تایبەتی وەک گۆرانییەکانی ئێن ئارتی سێ دەکەن و هەندێک لە کارەکانیشیان پەسەند دەکەن.خاڵی بەهێزی بریتین لە ناسینی کێشە و باسکردنی لە لایەنە جیاوازەکانەوە. بەڵام خاڵی لاوازی بریتین لە کەمیی پێناسەی چەمکەکان و نەدانی پلان و پێشنیاری یەکجاری و ئەکادیمی بۆ چارەسەر کردنەوەی کێشەکە. گوێدان بە قسەکانی ئەمین سەپان لەسەر "ڕەخنەگرتنی میدیایی" و پلاندانانێکی ئەکادیمی وەک پێشنیارێک لەلایەن مەحموود باجەلانەوە، دەکرێت ببێتە بنەمای دروستکردنی ناوەرۆکی باشتر بۆ منالاّنی کورد. لە کۆتاییدا، بە بۆچوونی تۆێژەر پێویستی بە میدیایەکی پەروەردەیی، زانستی و چاودێری کراو هەیە . میدیا دەبێت بە شێوەیەکی ئەکادیمی و هۆشیار بەکاربهێنرێت تا بتوانێت هەمان کات فێرکردن، ڕەخنەگرتن و پاراستنی منداڵان بە گەورەکردنەوەی شایستە پەیوەست بکات. ئەم ڕەهەندە گرنگە بۆ ئەوەی میدیا نەک تەنها بەرگرتنی زانیاری بێت، بەڵکو بێتە ئەو توانا و ڕێگەیە کە منداڵان و گەورەکان بتوانن بە شێوەیەکی فێرکارانە تێبگەن لە ئەوەی میدیا چۆن کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا هەیە.

خشتەی ژمارە: 07 پێڕەوکردنی پێوەرەکانی خوێندەواریی میدیایی	
بەرتوێژەر	وەڵامەکانی بەرتوێژەران
کرمانج محەمەد	نەخێر لە کوردستاندا ئەوە نییە ، منداڵی ناتق کەمەوئەو ئازادیی نییە
ئامانج حەسەن	ئەو بۆشاییانەی کە بە کردەیی هەست دەکەین کەمن و پێویستە پڕیان بکەینەوە
دیمەن حەمەعەلی	میدیا کاریگەریی هەیە نەک هەر لە منداڵ کاریگەریی هەیە لەسەر گەورەکانیش.
سۆزان محەمەد	کارێکی گرنگە ، کە پەروەردەکردنی منداڵە لە ڕێگای میدیاوە
مەحموود باجەلان	بەداخەوە، لەلای ئێمە ئەو چەمکە بەشێوازێکی وا ئیشی لەسەر نەکراوە کە بەشێوازێکی ئەکادیمییانە کاری لەسەر بکرێت
ئەمین سەپان	ئێن.ئار.تی3 گۆرانییەکانی پەروەردەیین و بە سودن
عەدنان شاسوار	دەبێ منداڵ لە چەقی خوێندنەوەدا بێ کاتێ باس لە هۆشیاریی و ڕەخنەگرتنی میدیایی منداڵان دەکرێ. ئەم یارمەتییە... لە ناوەڕۆکی بابەتە میدیاییەکەوە ڕێچکە دەگرێ تا بە شێوازی گەیاندنی بە منداڵان دەگا
مۆفەق لهۆنی	ئافەرین گۆرانییەکانی وەرگیراوە ، بەڵام ئێن.ئار.تی3 گۆرانی باشی هەیە و خراپیش، بەڵام هیچیان ئەو بوارەیان نییە

5.4.3: خوێندەواریی میدیایی و کاریگەرییەکانی ناوەڕۆکی چەنالێ یوتیووب

خشتەی ژمارە: 08 بۆچوونی بەرتوێژەران سەبارەت بە کاریگەریی یوتیووب لە سەر تێگەیشتن و ڕەفتاری منداڵ خراوەتەروو. هەموو لایەنەکان بە شێوەیەکی گشتی دان بەوەدا دەنێن کە یوتیوب کاریگەری زۆری لەسەر منداڵان هەیە، پەیوەندی نێوان خێزان، میدیا و کاریگەری دیجیتاڵی، نیگەرانی لەسەر ئاسۆی فرەمیدیایی لەسەر نەوەی داهاتوو. کرمانج محەمەد، تەنها لایەنی ئەرێنی دەبینێت ، سۆزان محەمەد و مەحموود باجەلان تەنها لایەنی

نەڕێنی دەبینن ، کەریم قەرەچەتانی چارەسەری درێژخایەن پێشنیار دەکات، لەکاتێکدا کرمانج محەمەد ئاماژە بە کاریگەریی ئەڕێنی ئەم سەکۆیە دەکات لە بواری فێربوونی زماندا، سۆزان محەمەد و مەحموود باجەلان نیگەرانیان دەربڕیوە سەبارەت بە کاریگەری نەڕێنی لەسەر ئەدەبی منداڵان و فێربوونی ڕەفتاری نەگونجاو. ئەم دووانەیەی دیدگا ڕۆڵی پێچەوانەی میدیای دیجیتاڵی دەخاتەڕوو کە وەک چەقۆیەکی دوو دەم کاردەکات. دیمەن حەمەعەلی و چەندین تاقیکەری تر جەختیان کردۆتەوە لەسەر کاریگەری زنجیرەیی و ڕۆڵی خێزان و میدیای ناوخۆیی، خاڵی بەهێز، هەرچەندە کەریم قەرەچەتانی چارەسەرێکی درێژخایەنی پێشنیار کردووە لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواریی میدیاییەوە، خاڵی لاواز ، نەبوونی چارەسەری کورتخایەن ، دەردەکەوێت کە کاریگەری سەکۆی یوتیوب لەسەر منداڵان دیاردەیەکی ئاڵۆزە کە هەم لایەنی ئەڕێنی و هەم لایەنی نەڕێنی لەخۆدەگرێت. لە کۆتاییدا؛ بە بۆچوونی توێژەر بۆ چارەسەرکردنی پێویستی بە بایەخپێدانی بەردەوام و کاتی درێژ هەیە. بە گشتی، ئەم شیکردنەوەیە ئەوە دەردەخات کە چارەسەری کارا بۆ ئەم کێشەیە پێویستی بە ڕێکارێکی فرەلایەنە هەیە کە تێیدا هەم بەهرەوەرگرتن لە سوودەکانی تەکنەلۆژیای نوێ و هەم پاراستنی منداڵان لە کاریگەری نەڕێنییەکانی بگرێتەوە، ئەمەش تەنها لە ڕێگەی هاوکاری نێوان خێزان، قوتابخانە و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانەوە دەکرێت.

خشتەی ژمارە: 08 کاریگەریی یوتیووب لە سەر ڕەفتاری منداڵان	
بەرتوێژان	وەڵامی بەرتوێژان
کرمانج محەمەد	لە ڕێگەی ئیمەوە فێری زمانی کوردی بووە
ئامانج حەسەن	بە پیی فیدباک کار لە سەر گۆرانییەکانی دەکات
دیمەن حەمەعەلی	هەموویان پێکەوە کارکردنیان بە شێوەی زنجیرەیی یەک لە دوای یەک
سۆزان محەمەد	خێزان و دایک و باوک و میدیا وا دەکات کاریگەری یوتیوب زۆر بێت
مەحموود باجەلان	ئەدەبی منداڵمان لە ئێستایا لە کارەساتێکی زۆر زۆر خراپدایە
کەریم قەرەچەتانی	نمونەمان زۆرە منداڵ هەیە لە چەناڵەکانەوە فێری کردەووەی ناشرین بووە
